# ڕۆحی ڕۆشنگەری

نووسینی: تیزڤیتان تۆدۆرڤ

# ڕۆحی ڕۆشنگەری

وەرگێڕانی: چنوور فەتحی

هەولێر- 2010


پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەلاحەددین
و دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

16

ناوی کتێب: **ڕۆحی ڕۆشنگەری**

نووسینی: **تیزڤیتان تۆدۆرڤ**

وەرگێڕانی: **چنوور فەتحی**

سەرپەرشتیی پرۆژە: **ڕێبوار سیوەیلی (بەشی فەلسەفە)**

سەرپەرشتیی کاروباری دەزگا: **هەردی زیاد صاڵح (دەزگای موکریانی)**

نەخشەسازی ناوەوە: **هاوڕێ ساڵح**

تایپ: **ئومید موقەددەس ـ سەقز**

هەڵەگری: **فەرەیدون عارف**

بەرگ: **وریا بوداغی**

هەڵەچنی لەسەر کۆمپیوتەر: **کاوە حسین**

ژمارەی سپاردن: **(501)**

تیراژ: **(1000) دانە**

چاپی یەکەم: **(2010)**

نرخ: **(1500) دینار**

چاپخانە: **چاپخانەی موکریانی (هەولێر)**

**هەموو وشەو رەوت و ڕێبازە مرۆیی و**
**جوانەکانی نێو کتێبەکەو**
**ماندووبوونی خۆشم، پێشکەشی باوکی**
**زۆر بەڕێزم:**
**«سەعید فەتحی»**
**دەکەم...**



# پێڕست


دەربارەی نووسەر ........ 7
سەرەتا ........ 9
پرۆژە ........ 11
رەتکردنەوە و گۆڕانەکان ........ 29
سەربەستی ........ 43
لائیسیتی ........ 59
حەقیقەت ........ 77
مرۆڤایەتی ........ 95
یەکسانی ........ 107
رۆشنگەری و ئەورووپا ........ 121
سوپاس و پێزانین ........ 139
پێڕستی ناوەکان ........ 140
بەرهەمەکانی نووسەر ........ 143

# دەربارەی نووسەر

تیزڤیتان تۆدۆرۆڤ[1]، تیۆریست و زانای فەرەنسی بەرەچەڵەك بولگارییە، کە گەلێك توێژینەوەی گرنگی لە زمانناسی، نیشانەناسی، میژوو و فەلسەفەدا ئەنجام داوە. ساڵی 1939 لە سۆفیا لەبنەماڵەیەکی کولتووردۆست لەدایکبوو. پاش کۆتایی خوێندن توانی وڵات و زێدی خۆی بە بیانووی درێژەدان بە خوێندن و لەڕاستیدا بە مەبەستی دەربازبوون لە ڕژێمی کۆمۆنیستی بەجێبێڵێ و پاش ماوەیەك نیشتەجێ بوون لە فەرەنسا ببێتە هاوڵاتی ئەو وڵاتە. ساڵی 1968 پاش کۆتایی خوێندنی لە «ناوەندی توێژینەوەی هونەر و زمان لە ناوەندی زانستی توێژینەوەی زانستی فەرەنسا» (CNRS) دەستی بەکار کرد. لەم خولەدا بوو بە هاوکاری ڕۆلان بارت[2]، و وێڕای ژێرارد ژەنت[3]، گۆڤاری پۆیستیکان[4] دامەزراند. ئەم دووانە بە هاوکاریی یەکدی دەستیان دایە پێناسەکردن و دیاریکردنی چەمکە بنەڕەتییەکانی ڕەوایەتناسی (زانستێکە تەکنیك و بونیادەکانی گێڕانەوە لە دەقە ئەدەبییەکان لێکدەداتەوە). پاش ساڵانێك، بڵاوبوونەوەی ئینسکلۆپیدیای زانستە زمانییەکان، کە بەهاوکاری ئۆسوالد دۆکروو نووسیبووی، ناو بانگێکی زۆری بۆ کرد بە دیاری.

ساڵانی کۆتایی دەیەی هەفتا، جگە ڕامان و توێژینەوەی زمانناسی و ئەدەب، بەرەو پرسی دەرکی «ئەویدی» کشا و کۆمەڵێك پرسیاری لەسەر

1. Tzvetan Todorov
2. Roland Barthes
3. Ge'rard Genette
4. Poe'tigqne



ڕەنگاڵەیی کولتوورەکان وخوێندنەوە مرۆییەکان و هەروەها دەرەنجامی ئەم ڕەنگاوڕەنگ بوونە و شیکردنەوەی (ئەویدی بوون) لە مێژووی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان لەلای گەلاڵە ببوو. لەگەڵ گەلاڵەبوونی ئەم پرسیارانە، پێی نایە چەند ئاقارێکی تازەی وەك کۆمەڵناسی، مێژوو و فەلسەفەو لەم ڕێبازەدا بە لێکۆڵینەوەو ڕاڤەی بیروڕای بیریارانی مۆدێرن و لەوانە بیریارانی ڕۆشنگەری سەرقاڵ ببوو.

ساڵی 2003 بۆ بەڕێوەبردنی پێشانگایەکی مەزن بەنێوی «ڕۆشنگەری میراتێك بۆ داهاتوو» بانگهێشت کرا. ئەم پێشانگا ساڵی 2006 کرایەوە و بەرپرسیارێتییەکەی بۆ نووسینی ئەم کتێبە هانیدا. تۆدۆرۆڤ لەو ڕۆشنبیرە پڕکار و بەپڕەنسیپانەیە، کە زۆری حەز لە قەرەباڵغی و هات وهاوار نییە، بەڵام کەی بەپێویستی بزانێت و لە کەیسە هەستیارەکاندا لەسەر پرسە گرنگەکانی کۆمەڵگای مرۆیی هەڵوێست دەگرێ. وەکیتر جگە لە توێژینەوە و وانە وتنەوە لە زانکۆ و ناوەندە فیکرییەکانی فەرەنسا، ساڵانە لەزانکۆ ئەمریکی و ئەورووپییەکاندا وانە دەڵێتەوەو لێدوانی لەگەڵ ساز دەکرێت. تۆدۆرۆڤ هاوسەری خانمی «نانسی هۆستۆن[1]»ی بەرەچەڵەك کەنەداییە. نێو و دیکەی پێناسەکانی هەموو بەرهەمەکانی تۆدۆرۆڤ لە کۆتاییدا چاپکراوە.

1. Nancy Huston

# سەرەتا

پاش راگەیاندنی مەرگی خواوەند[1] و دارووخانی یۆتۆپیاکان، ئەو پرسیارە دێتە ئارا، کە ئاخۆ دەبێ ژیانی بە کۆمەڵمان بەپێی چ کۆمەڵەیەکی فیکری و ئەخلاقی دامەزرێنین؟ ئاشکرایە کە بۆ ئەنجامدانی کردەوەیەکی لێهاتووانە لەم بوارەدا پێویستمان بە چوارچێوەیەکی چەمکییانەی وەها هەیە، کە توانای دەستەبەرکردنی بنەڕەت و پایە عەقڵەییەکانی نەك هەر بۆ گوتەکانمان ـ کە بابەتێکی سادە دیارە ـ بەڵکو (وەکیتر خاوەنی توانا بێت) بۆ کردارەکانیشمان هەبێت. من بۆخۆم، کە ماوەیەکی درێژ لەم چوارچێوە گەڕام بەرەو رەوتێکی ئەندێشەو هەست کشام، کە هەمان رەهەندی مرۆڤخوازانەی بزووتنەوەی رۆشنگەرییە. بە درێژایی حەفت ـ هەشت دەیە پێش ساڵی 1789 و شۆڕشی فەڕەنسا، لەم سووچە لە جیهان وەرچەرخانێکی گرنگ سەریهەڵدا، کە زیاد لە هەر وەرچەرخانێکی دی شوناسی هەنووکەییمانی پێکدەهێنا. بۆ یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، مرۆڤ هەوڵدەدا خۆی چارەنووسی بنووسێتەوەو ژیانی باش و دڵخوازی مرۆڤ بکاتە دوامەبەست و ئامانجی کردەو ئاکارەکانی خۆی. ئەم بزووتنەوە لە سەرتاسەری ئەورووپادا هەڵدەقوڵێ و

1ـ مەبەست لە مەرگی خودا لە فەلسەفەی نیچە لەناوچووی و بزربوونی بەهاکان و بە گشتی ئاکارە. ئەم پەتایە دەگەڕێتەوە بۆ بەهاکانی ئایینی مەسیح. بە بۆچوونی نیچە ئەرزشە بەرزەکان لە مەسیحیەتدا بێبایەخ دەکرێن و مرۆڤێکی دەستەمۆ و داماو دەخولقێنی. و.ك



تایبەت بە چ وڵات، فەلسەفەو سیاسەت، زانست و هونەر و هەروەها رۆمان و سەربوردە نامەیەك نییە.

دەزانین گەڕانەوە بۆ رابردوو نە مومکینەو نە گونجاویشە، وەکیتر دیارە نووسەرانی سەدەی هەژدەهەم ناتوانن پرس و گرفتەکانی ئەو سەردەمە بەدواوە ـ ئەو گرفتانەی هەموو رۆژێك جیهان دەشڵەژێنن ـ چارەسەر بکەن. بە هەموو ئەمانەشەوە، باشتر دەرککردنی ئەم گۆڕانکارییە ریشەییە یارمەتیمان دەدا ئەمڕۆ ژیانێکی لەبارتر بژین. لەم رووەوە، بێ ئەوەی چاو لەم سەردەمە هەنووکییە دابخەم، هەوڵمداوە هێڵە سەرەکییەکانی ئەندێشەی بزووتنەوەی رۆشنگەری وێڕای هاتوچۆی بەردەوام لە نێوان رابردوو هەنووکەدا دەستنیشان بکەم.

# 1

# پرۆژە

دیاریکردنی کۆڵەکەکانی پرۆژەی رۆشنگەری لەبەر دووهۆکار سانا نیە: یەکەم، جێگەی وەبیرهێنانەوەیە، کە سەردەمی رۆشنگەری، خولی تازەگەریی بنەڕەتی نا، بەڵکو خولی بەدیهاتن، سەریەکخستن و شیکردنەوەیە. لە راستیدا نابێ لە سەدەی هەژدەهەمدا لە ئاخێزگەی ئایدیا گرنگەکانی بزووتنەوەی رۆشنگەری بگەڕێن، چونکە زۆربەیان(مێژوویان) بۆ سەردەمی کۆن (یۆنان و رۆم) دەگەڕێتەوە، یان ئاسەوارەکانی قۆناغی کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست، رێنێسانس و خولی کلاسیکیان پێوە دیارە. بزووتنەوەی رۆشنگەری چەندین جۆر بیرو بۆچوون رادەکێشێ و پێکەوەیان دەبەستێت، کە پێشتر دژ بە یەکدی وەستا بوون. هەر بۆیە، وەکچۆن مێژوونووسان بە زۆری باسیان کردووە دەبێ هەندێ لە بۆچوونە پەسەندکراوەکان بسڕدرێتەوە. بزووتنەوەی رۆشنگەریی عەقڵ تەوەرو ئەزموونگەراو میراتگری دیکارت و لۆك[1]. پێشوازی لە کۆنەکان و مۆدێرنەکان دەکات و باوەشی بۆ کەسانی ئاسایی و تایبەت ئاوەڵایە، ویستیاری مێژوو و بێکۆتابوون، پاژو وردەکارییەکان و دەرهەستی، سروشت

1ـ رێنێ دیکارت: دامەزرێنەری فەلسەفەی عەقڵخوازی مۆدێرنە وتە بە نرخەکەی «من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم»، سەرەتای گۆڕانی ڕێنێسانس بەرەو متمانەکردن بە عەقڵە. جۆن لۆك: دامەزرێنەری فەلسەفەی ئەزموونخوازیی نوێیەو لە باری سیاسەتدا دامەزرێنەری لیبڕالیزمی ئەورووپایە. و.ك



و هونەرو ئەنجام ئازادی و یەکسانییە. هەرچەند ئەم توخمانە گەلێك کۆنن، بەڵام ئاوێتەبوونیان نوێیە. واتە نەك هەر لەم ئاوێتەبوونەدا رێکخراون بگرە ـ و ئەمە خاڵێکی بنەڕەتییە ـ لە ساتەوەختی بزووتنەوەی رۆشنگەریدایە، کە ئەم ئایدیاگەلە لە کتێبەکان دێنە دەرو تێکەڵ بە جیهانی واقیع دەبن.

دووەم لەمپەر بریتییە لەو خاڵە، کە ئەندێشەی رۆشنگەری لەسەر دەستی جەماوەرێکی زۆر بەرهەم هات کە نەك هەر هاوبیر نەبوون، بەڵکو چ لە نێو خۆی ولاتێکداو چ لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی دی بەردەوام مشتومڕی توندو گرژ لە نێویاندا هەبوو. هەرچەند راستە بە تێپەڕبوونی کات دەتوانین راستی و ناڕاستییەکان جیا بکەینەوە، بەڵام کارێکی وەها تەنیا تا ئاستێکی تایبەت دەڕەخسێ.

هەر بۆیە ناتەبایی ئەو سەردەمانە سەرهەڵدانی چەن قوتابخانەیەکی فیکری لێکەوتەوە، کە رووبەڕووبوونەوەیان ئێستاکەش بەردەوامە. تەمەنی رۆشنگەری لە راستیدا خولی باس و مشتومڕ بوو تاکوو هاوبیروڕا بوون و هاودەنگی. هەرچەندە ئەم ناوێکچووییە ترسناك دیارە، بەڵام بۆمان هەیە بێ زەحمەتێکی ئەوتۆ پروژەی رۆشنگەری پێناسە بکەین.

لە بنەمای ئەم پروژەدا سێ ئایدیای گرنگ بەدیدەکرێ، کە زاخاوی هەموو پاشهات و رووداوەکانی پاش خۆ دەدەن و بریتین لە: سەربەستی، دواقۆناغی مرۆیی کردەکان و هەروەها یەکسانیخوازی. بەڵام دەبێ بزانین چی لەمانە دەگەین؟ یەکەم تایبەتمەندی دامەزرێنەری ئەندێشەی رۆشنگەری بریتییە لە، لەپێشتر دانانی هەموو ئەوانەی مرۆڤ خۆی هەڵیاندەبژێرێ و خۆی بڕیار لەسەر ئەوانە دەدا، کە هێزێکی دەرەکی بەسەریا دەیسەپێنێ. ئەم لە پێشگرتنە خاوەنی دوو لایەنە، کە یەکیان رەخنەییەو ئەویدی رۆنەر: پێویستە لە هەموو ئەو کۆت و بەندانەی لە دەرەوە بەسەر مرۆڤدا دەسەپێ، خۆی دەرباز بکات و بە یارمەتی یاسا، نۆرم و رێساکان کە لەسەر خواستی لایەنە

پەیوەندیدارەکان بەدیهاتوون، رزگاری بۆ خۆی دەستەبەر بکات. «دەربازبوون» و «سەربەستی» دوو وشەن، کە دوو کاتی حەتمیی پرۆسسێك دەستنیشان دەکەن. بۆ هەنگاونان لەم رێبازەدا دەبێ خاوەنی ئازادی تەواو بۆ پێداچوونەوەو تاقیکاری، پرسیارکردن، رەخنەگرتن و گومانکردن بێت. بەم چەشنە، چیدی نە چ تەوەرێکی دۆگماتیزمی پیرۆزەو نە چ تیژێك. دەرەنجامی ناڕاستەوخۆ بەڵام بنەبڕی ئەم هەڵبژاردنە ئەو ئاستەنگییەیە هەر دەسەڵاتێ تووشی دەبێت، دەسەڵات دەبێ لەگەڵ خەڵك رێکبکەوێ، واتە دەبێ سروشتی بێ، نەك بانسروشتی. بەو مانایەی کە بزووتنەوەی رۆشنگەری، جیهانێکی «خاڵی لە ئەفسوون» ساز دەکات، کە سەروبەر پێمل بە یاسا فیزیکییەکانی یەکسانییە، یان میکانیزمی رەفتاری هاوشێوە لە هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە کۆمەڵگای مرۆییەوە هەیە، دەخاتە روو.

پێش سەردەمی رۆشنگەری، مرۆڤ لە ژێر دەسەڵات و چاودێرییەکدا دەژیا، کە بە پلەی یەکەم خاوەنی سروشتێکی ئایینی بوو، لەم رووەوە ئاخێزگەکەی، بانسروشتی بوو. هەڵبەت پێویستە ئەو خاڵەش رەچاو بکرێ، کە قسە لەسەر رەخنەی بە ئامانجە: لە راستیدا ئەوەی بەرپەرچ دەدرێتەوە گوێڕایەڵبوونی کۆمەڵگا، یان تاکە بۆ ئەو فرمان و پرەنسیپانەی تەنیا بە هۆی گرێدراوییان بە خودا، یان نەریتێکی پێشووییەوە بوونەتە خاوەن شەرعییەت، کەواتە، پێویستە ژیانی مرۆڤەکان لە سەر دەستی پرۆژەیان بۆ داهاتووو نەك شەرعییەتی رابردوو نەخشەی رێگای بۆ بکێشرێتەوە، بە پێچەوانەوە، نە ئەزموونی ئایینی خۆی دەبێ بخرێتە بەرباس و لێکدانەوەو نە ئایدیای کە پێشبوون[1] و نە ئامۆژگارییە ئەخلاقییەکانی ئایینێکی تایبەت. رەخنە لە بونیادە کۆمەڵایەتییەکان دەگیرێت نەك لە ناوەڕۆکی بیرو

---

1. Tarnscendance



باوەڕەکان. بەم چەشنە، ئایین لە دەوڵەت دەچێتە دەر بێ ئەوەی تاك بەجێبێبێ. نابێ لە بیر بکرێت، کە رەوتە گرنگەکانی رۆشنگەری بەرەو ئایینی سروشتی، دادارباوەڕی و یان یەك لە جۆرە بێ ئەژمارەکانی رێنوێنیمان دەکەن نەك بەرەو بێ باوەڕی بە خوداو ئاتەیزم. ئامانجی خەباتکارانی بزووتنەوەی رۆشنگەری کاتی لێکدانەوەو وەسفکردنی بیروباوەڕەکانی جیهان، رەتکردنەوەی ئایینەکان نا، بەڵکو خۆشکردنی رێگای دان بەخۆداگرتن و بەرگریکردن لە ئازادی بیروباوەڕەکانە.

مرۆڤ بە نەهێشتنی جەورو زەبرە پێشوییەکان، یاساو نۆرمە تازەکانی خۆی بە کەڵکوەرگرتن لە دەرفەت و ئیمکانە سەروبەر ئینسانییەکان دادەڕێژێ و لەم رووەوە چیدی رێگە بە (هاتنی) جادوو و وەحی نادات. لە بڕی دڵنیابوون لە حەقیقەتێکی دابەزیو لە جیهانی سەرەوە، بەرەبەرە چەندین جۆر مەعریفە بە نێو مرۆڤەکاندا بڵاو دەبێتەوە. کەواتە، سەربەستی مەعریفە، بە یەکەم سەربەستی بەدەستهاتوو دەژمێردرێ و لەوەوە دەستپێدەکات، کە هەموو سەرچاوەو دەسەڵاتێك هەرچەنددەش بە سەقام و خاوەن ئیعتبار بن، رووبەڕووی رەخنە دەبنەوە. مەعریفە تەنیا دوو سەرچاوەی هەیە: ئاوەزو ئەزموون. کە هەردووکیان لای هەمووان بوونیان هەیە. ئاوەز وەکو کەرەستەی مەعریفە دادەنرێ، نەك وەك هاندەری ئاکارەکانی مرۆڤ. ئاوەز بەرەنگاری ئیمان دەبێتەوە نەك بەرەنگاری هەست و هەڵچوونە دەروونییەکان، کە ئەوانیش خۆیان لە گوشارە دەرەکییەکان دەرباز بوون. بەم چەشنە ئازادی مەعریفە دەبێتە یەکەم هۆکاری گەشەسەندنی زانست. هەمووان دەخوازن بکەونە ژێر دەسەلات و چاودێری کەسێتییەکی زانستڤان نەك فەیلەسووف. رۆڵی نیوتن لە سەردەمی رۆشنگەریدا هاوتەرازی رۆڵی داروین بوو لە سەدە پێشوویەکاندا. فیزیك پێشکەوتنی گەورە بەخۆوە دەبینی و زانستەکانی دیکەش، کیمیا، بایۆلۆژیاو دواتر کۆمەڵناسی و

دەروونناسی دەکەونە گەشە. وشیاری و زانست دیاری ئەم سەردەمەیە چونکە لایەنگرانی ئەم ئەندێشە تازە باوەڕی قووڵیان بە سوودمەندبوونی ئەم دیارییە بوو بۆ هەمووان. گریمان دەکرا، کە مەعریفە ئازادیە. هەر بۆیە هەوڵیاندەدا فێرکاری و ئامۆژەگاری لە هەموو پلەو شێوازەکانیدا لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە بگرە تا وەکو ناوەندە باڵاکانی زانست ـ ئاسان بکەنەوەو بە چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی تایبەت و پسپۆڕانە، یان زانست و بابەتێك، کە لەلایەن هەمووانەوە فام بکرێت ئەم ئەرکە بەجێبێنن.

سەربەستیی تاك، هەم ژیانی تاکەکان خۆیان سەروژێر دەکات و هەم ژیانی کۆمەڵگاکان. هەرچەندد تێکۆشان بۆ ئازادی بیروباوەڕو ویژدان ـ هەرکەس سەرپشکە ئایینی خۆی هەڵبژێرێت ـ پرسێکی نوێ نییە. بەڵام ئەمجارە خەبات و تێکۆشانەکە دەبێ لەسەرەتاوە بێت و بەم چەشنە درێژە بە ئازادی بیروباوەڕەکان بدرێت. رازیبوون بەوەی، کە مرۆڤ خۆی سەرچاوەی یاسای خۆی بێت بە مانای پەسەنکردنییەتی وەکو خۆی، بەو شێوەی، کە هەیە نەك بەو شێوەی دەبێ وابێت. مرۆڤ جەستەو رۆح، عەقڵ و هەست، نەست و رامانە ئەگەر لە باتی ئەوەی وێنەیەکی دەرهەست و ئارمانی مرۆڤ بکێشرێتەوە، روو لە مرۆڤە راستەقینەکان بکرێت، ئەم ئەنجامە دەستەبەر دەبێت، کە مرۆڤ ئێجگار فرەچەشنە، گەڕان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دی و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی، ئەم بابەتە پشتڕاست دەکاتەوە. ئەم ڕاستییە لە ئەدەبی نوێدا ـ بە رۆمان و ئۆتوبیۆگرافییەکانەوە ـ کە زۆرترین گرنگی بە تاك دەدەن، باشتر دەردەکەوێ. ئەم ئەدەبە نوێیە لە راستیدا، پیاوان و ژنانی تایبەت و دۆخ و رەوشە تایبەتەکانیان دەخاتە بەرباس، نەك یاسا هەمیشەییەکانی ئاکاری مرۆڤ و لایەنی نموونەیی هەر جووڵەو کارێکی.

سەربەستی تاك، هەم لە سەربەستی چوارچێوەی ژیانیداو هەم لە سەربەستی بەرهەم و ئاسەوارە هونەرییەکانیدا بەردەوام دەبێت. ئەم



سەربەستییە بەرەو دۆزینەوەی فەزای سروشتی پەلکێشی دەکات، کە پێکهاتووە لە دارستان و شەپۆلاوەکان، تەپۆڵکەو بنارە جەنگەڵییەکان، کە چیدی پێڕەوی پێویستییەکانی رێسا هێندسییەکان و واقیعگەرایی نین. ئەم سەربەستییە هونەرمەندان و شێوەی کارکردنیان بە شیاوی پێگەیەکی نوێ دەزانێ. چیدی شێوەکارو مووزیسیەن و ئەکتەر و نووسەر تەنیا سەرقاڵی خەملاندنی سادەو ساکار نین و بە خزمەتکاری خواوەندو پاشاو ئاغاکان نایەنە ئەژمار، بەڵکو دەگۆڕن بۆ نواندنەوەی هەوڵێکی پەسن و تایبەت. هەروەها هونەرمەندی خوڵقێنەر ئەو کەسەیە خۆی لەسەر بەرهەم و ئاسەوارە هونەرییەکەی بڕیار دەداو تەنیاو تەنیا بۆ چێژو سوودی مرۆیی دەیڕسکێنێ. کەواتە ئەم جیهانە بەرهەستەمان بووەتە خاوەنی بەهاو ئیعتبارێکی نوێ. بەڵام قووڵتر و گرنگتر لەمەش ئەوەیەکە خواستی سەربەستی، کۆمەڵگا سیاسییەکانیش تووشی گۆڕانکاری دەکات و درێژە بە جیابوونەوەو لێکدابڕانی بابەتی دنیایی لە بابەتی رۆحانی دەدات. خواستی سەربەستی لەسەردەمی مەعریفەو وشیاریدا، یەکەم شێوازی کردەی کۆمەڵایەتی دیاری دەکات. بەم چەشنە ئەوانەی ئازادانە توێژینەوەکانی خۆیان گەیاندبووە کۆتایی، هەوڵیاندا ئەنجام و دەستکەوتەکانی خۆیان پێشکەش بە سەرۆکە خێرخوازەکان بکەن، بۆ ئەوەی ئەوان روو و رووگەی سیاسەتی خۆیان بگۆڕن. ئەمە رێك هەمان چاوەڕوانییە، کە لە بەرلین لە فردریکی دووەم، لە سان پیترسبۆرگ لە کاترینی دووەم و لە ڤەینا لە ژۆزێفی دووەم دەکرا. سەرەڕای ئەم بابەتە، کە لەسەر راکێشانی سەرنجی پاشاکان وەستابوو بەرەو سەربەستی عەقڵ و ئاوەز وێڕای پاراستنی گوێڕایەڵیی خەڵك، ئەم خواستە دوو ئەنجامی لێدەکەوێتەوە: یەکەم، دەسەڵاتدارێتییەکە هەرچەندد بە تەوەرێکی کۆن دادەنرێ، بەڵام ئەمجارە ناوەڕۆکێکی تازە وەردەگرێ، بەو مانایە کە

سەرچاوەی هەر دەسەڵاتێك خەڵکەو چ شتێك لەپێشترو گرنگتر لە ئیرادەی گشتی نییە. دووەم، ئازادی تاکە، بەرامبەر بە هەر دەسەڵاتێکی حکومی، هەڵبەت لە چوارچێوەی هەرێمەکەی خۆیدا. بۆ گەرەنتیکردنی ئەم ئازادییە، بەردەوام لە یەکگرتوویی و هاوکێشی هێزە جیاجیاکان پارێزگاری دەکرێ. لە هەموو ئەم بابەتانەدا جیاکردنەوەی سیاسەت لەوانەی پەیوەندییان بە خواناسی و ئایینەوە هەیە، ئەنجام دەدرێت و لەمەودوا بابەتی سیاسی بە پێی پێوەرە تایبەتەکانی خۆی رێکدەخرێ.

سەرەڕای ئەوەی تاکەکان لەسەر بیروباوەڕی خۆیان دەمێننەوە، بەڵام هەموو بەشەکانی کۆمەڵگا بەرەو سیکولاریزەببوون دەبەن. ئەم بەرنامە تەنیا پەیوەندی بە دەسەڵاتی سیاسییەوە نییە بەڵکو پەیوەندی بە دەزگای دادوەریشەوە هەیە. بەم چەشنە لەمەودوا تاوان بە خەسارێك دەزانن تووشی کۆمەڵگا بووەو تەنیا لە ژێر ئەم ناوە دەبێتە شیاوی سزادان و لەم رووەوە دەبێ لە گوناە بە مانای هەڵەیەکی ئەخلاقی دژ بە نەریتێکی دیاریکراو جیابکرێتەوە. هەروەك پێویستە ئەم خاڵانەش باسبکرێن: قوتابخانە، کە دەبێ لە ژێر دەسەڵات و کونترۆڵی مەسیحیەت بێتەدەر بۆ ئەوەی ببێتە پێگەو شوێنی بڵاوبوونەوەی مەعریفەو وشیاری، شوێنێکی کراوە بە رووی هەمووان ـ کەواتە بێ بەرامبەر و زۆرەملێ، وەکیتر راگەیاندن و چاپەمەنییەکان، بە جۆرێك، کە رەوتی پەیڤی گشتی تێیدا بکرێتەوەو هەروەها ئابووری، کە دەبێ لە گوشارە سەرەڕۆیەکان رزگار بێت و دەرفەتی دانووستانی ئازاد دەستەبەر بکرێت و جگە لەمانە دەبێ لەسەر هەوڵ و چالاکی تاکەکەسی دابمەزرێ، نەك جیاوەك و پێگە تەنگەکانی پێشووی بەمیرات وەرگرتبێ. دیارە گونجاو و لەبارترین شوێن بۆ ئەم گۆڕان و کەولاوکەولێیانە شاری گەورەی مۆدێرنە، کە ئازادی تاکەکان سانا دەکاتەوەو دەرفەتی چاوپێکەوتن و گفتوگۆی گشتییان بۆ دەڕەخسێنێ.



بەم چەشنە ئیرادەی تاك و کۆمەڵ لە کوت و بەندە کۆنەکان رزگار بوو، بەڵام ئاخۆ رزگاربوون بەو مانایە دەبێت، کە ئیتر ئیرادە بە تەواوی ئازادەو چ لەمپەر و رێگرێکی نییە؟ وەڵام «نا»یە: رۆحی رۆشنگەری تەنیا لە خواستی سەربەستی تاکدا کورت نابێتەوە، بەڵکو کەرەستە رێکخەرەکانیشی لەگەڵ خۆی دێنێ، کە یەکەمیان بۆ دواقۆناغ و مەبەستی کردارو کردە ئازادکراوە مرۆییەکان دەگەڕێتەوە. نابێ ئەوەش لە بیر بکرێ، کە ئەم دواقۆناغە خۆی بەرەو زەوی ملی ناوە. بە شێوەیەك، کە چیدی نەك بەرەو خودا بەڵکوو روو لە مرۆڤەکانە. ئەندێشەی رۆشنگەری لەم واتایەدا چەشنی «مرۆڤگەرایی»یان بەدەربڕینی دێ جۆرێك مرۆڤ تەوەرەییە. چیدی لەسەر خواستی پێشووی پیاوانی ئایینی مەسیحییەت پێویست ناکات عەشقی مرۆڤ لە بەرامبەر عەشقی خودا بکرێ بە قۆچی قوربانی، دەکرێ دڵەکان بە خۆشویستنی مرۆڤی دیکە بکرێنەوە. ژیانی دونیای سەرەوە هەرچی هەیە، مرۆڤ دەبێ واتایەك بەم ژیانەی خۆی لەسەر زەوی ببەخشێ. بەم چەشنە گەڕان لە بەختەوەری، جێگەی گەڕان لە رزگاری (هەڵبەت لە مانای تیۆلۆژیدا) دەگرێتەوە. دەوڵەتیش چیدی لە خزمەتی بەرژەوەندییە ئیلاهییەکاندا نابێت، بەڵکو هەوڵ بۆ باشترکردنی ژیانی هاوڵاتییان دەبێتە مەبەستی سەرەکی دەوڵەت. هاوڵاتییانیش ئەو کاتەی بە دوای بەختەوەری و چێژی خۆیان لەو بوارانەی خۆیان رایان لەسەریەتی دەگەڕێن، هەست بە گوناە ناکەن. چونکە مافی خۆیانە پارێزگاری لە ژیانی تاکەکەسی خۆیان بکەن و هەست و خۆشییەکانیان پەرە پێبدەن و لەگەڵ یەکتر یەکدڵ و میهرەبان بن.

ئاستەنگی دووەمی ئازادی کردەی تاك و کۆمەڵەکان لەسەر راگەیاندنی ئەو خاڵە وەستاوە، کە تێکڕای مرۆڤەکان بە پێی سروشتی مرۆیی خۆیان خاوەنی مافی تایبەت بە خۆیانن. بزووتنەوەی رۆشنگەری میراتی ئەندێشەی مافە سروشتییەکان بەو شێوەی لە سەدەی هەڤدەو

هەژدەدا بەدیهاتووە، دەخاتە بەرباس: لە پاڵ ئەو مافانەی هاوڵاتییان لە چوارچێوەی کۆمەڵگاکەی خۆیاندا لێی بایەخمەندن، خاوەنی مافی دیکەشن، کە هەمووان واتە سەرجەم دانیشتووانی گۆی زەوی بەشداری ئەو مافانەن: واتە هەندێ مافی نەنووسراو بەڵام پێویست. لەو رووەوە، کە هەر مرۆڤێك مافی ژیانی هەیە کەواتە سزای بە لەسێدارەدان نارەوایە، تەنانەت بۆ تاوانی کوشتنی مرۆڤێکی دی: ئەگەر کوشتنی مرۆڤێکی دی بە تاوان دادەنرێ، ئەی چۆن کوشتنی بە کۆمەڵی مرۆڤەکان بە تاوان لە قەڵەم نادرێ؟ لەو رووەوە، کە هەر مرۆڤێك مافی تەواوی بۆ پاراستنی جەستەی خۆی هەیە کەواتە ئەشکەنجە نارەوایە تەنانەت ئەگەر لەژێر ناوی چاکەی دەوڵەت بەکار ببرێت. بەڵێ ئەندامی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیبوون گەلێك بنەڕەتیترە لە ئەندامی فلان، یان فیسار کۆمەڵگای دیکە بوون. هەر بۆیە بەکارهێنانی ئازادی لەم داخوازی و پێویستییە جیهانییەداو لەم تەوەرە پیرۆزە تازەدا بەدیدەکرێ بۆ ئەوەی بەسڕینەوەی دەمارگرژی و میراتە پیرۆزەکانی رابردوو «مافی مرۆڤ» سەرهەڵبدات.

ئەگەر هەموومرۆڤەکان خاوەنی مافی هاوشێوەن، کەواتە لە رووی یاساییەوە یەکسانن: لەراستیدا یەکسانی بەرهەمی جیهانیبوون و یەکسانخوازییە، کە خۆی دەرفەتی بەشداریکردن لە هەوڵ و تێکۆشانە ئەوروپییەکان دەرەخسێنێ. ژنان لە بەردەم ئەم یاسایەدا دەبێ یەکسان بن بە پیاوان: کۆیلەیی هەڵوەشاوەتەوەو نەمانی ئازادی مرۆڤ هەرگیز بە رەوا نازانرێ، رێزی تایبەت لە هەژارو دەستکورتەکان و بندەست و چەوساوەکان دەگیرێت و منداڵان وەکو مرۆڤ سەیر دەکرێن.

هەروەها باسکردن لە جیهانیبوون و یەکسانیخوازی لەمەڕ ئاوڕدانەوە لە کۆمەڵگایەکی جیاواز لە زێدو شوێنی لەدایکبوونیش راست دێتەوە.



هەرچەندد گەشتیاران و توێژەران ناتوانن دەستبەجێ لە داوەریکردنی خەڵکانی شوێنە دوورە دەستەکان بە پێی پێوەرە کولتوورییەکانی خۆیان دەستەهەڵگرن، بەڵام کونجکۆڵتر دەبن و زانیارییان لەسەر فرەچەشنی شێوازەکانی ژیاری مرۆیی زیاتر دەبێت، هەروەها شیکاری و داتاگەلێك کۆدەکەنەوە، لەگەڵ تێپەڕبوونی کات تێگەیشتنیان لە مرۆڤ دەگۆڕێت. ئەم رووداوە سەبارەت بە یەکجۆر نەبوونی کاتیش روو دەدات، بە شێوەیەك، کە رابردوو چیدی وێنەو وێنای ئارمانیی تاهەتایی، یان ئاهەنگێکی خۆشیی سادەی پێکهاتوو لە نموونەکان نییە بەڵکو گۆڕاوە بۆ زنجیرەیەکی یەك لە دوای یەکی سەردەمە مێژووییەکان، کە هەریەك گرێدراوی ناوەکی و بەهای تایبەت بە خۆیان هەیە. ناسینی چەند کۆمەڵگای جیاواز لە کۆمەڵگای تاکی توێژەرو لێکۆڵیار ئەم رێگەی بۆ دەکاتەوە، کە بە سەرنجێکی قووڵترەوە لە خۆی بڕوانێ و چیدی نەریتی خۆی لەگەڵ دەستووری سروشتیی جیهان بە یەك نەگرێ. هەر بۆیە مۆنتیسکیۆی فەرەنسی بۆی هەیە رەخنە لە خەڵکانی رۆژهەڵات بگرێ و لای وابێ رۆژهەڵاتیانێکیش هەن بەشبەحاڵی خۆیان بە شێوەی لۆژیکی رەخنە ئاراستەی فەرەنسییەکان بکەن.

ئەمانە هێڵە سەرەکییەکانی بەرنامەی سەردەمی رۆشنگەرین. هەنووکە ئەم پرسیارە دێتە ئارا، کە پاش دووسەدو پەنجا ساڵ چۆن ئەبێ لەسەر ئەم بەرنامە داوەری بکەین؟ سەرەتا دوو راستی پشتڕاست دەکەینەوە: لەلایەکەوە، لە ئەورووپا و لەو وڵاتانەش، کە کاریگەری ئەوروپایان پێوە دیارە، رۆحی رۆشنگەری بە دڵنیاییەوە سەرکەوتنی بەرچاو بەدەستهێناوە. ناسینی جیهان ئازادانە بەرەو پێش دەڕوات، بێ ئەوەی نیگەرانییەك لەمەڕ سنوور و یاساخکراوە ئایدیۆلۆژییەکان بوونی هەبێت. تاکەکان، کە ئێستا خاوەنی ئازادی رادەربڕینی تەواون چیدی لە هێزو بڕستی نەریتەکان ناترسن و هەوڵئەدەن خۆیان فەزاو شوێنەکانی تاکەکەسی خۆیان بەڕێوە ببەن.

دیموكراسی سیستمێكە تێیدا دەسەڵاتداری خەڵك بە ڕەچاوكردنی ئازادیە تاكەكەسییەكانیان كارا كراوەو لە هەموو شوێنێك وەكو مۆدێل و سەرنموونەیەكی بەرزو باڵا سەیر دەكرێ. مافە جیهانییەكانی مرۆڤ بە ئامانجێكی گشتگیر دادەنرێ و یەكسانی لە بەردەم یاسادا لە هەموو ئەو وڵاتانەدا یاساو ڕێسایەكی حەتمییە. بە تەنگی بەختەوەری تاكەكەسی و گشتییەوە بوون چەشنێ هەڵبژاردنی شێوەی ژیانە، كە هیچ كەس دڵگیرو دڵگران ناكات. هەڵبەت روونە، كە خەڵكانی ئەو سەردەمە سەرجەم ئەم ئامانجانەیان بەدەست نەهێنا، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەم ئامانجانە هاتنە پەسەنكردن و ئەوڕۆكەش بە هۆی ڕۆحی ڕۆشنگەرییەوەیە، كە رەخنەگرتن لە بارودۆخە هەنووكەییەكان خاوەنی پانتاییەكی كراوەو بەرینە. بەڵام لە لایەكی دیكەشەوە، تێكڕای ئەو حاڵەتە چاكانەی چاوەڕێ دەكران بەدینەهاتن و مزگێنیە پێشووییەكانیش بە شێوەی ئەوتۆ جێبەجێ نەكران. بە تایبەت سەدەی بیستەم، واتە ئەو سەردەمەی كوشتارەكانی دوو شەڕی جیهانی، چەندین رژێمی توتالیتێر لە ئەوروپا و شوێنەكانی دیكەو هەروەها ئەنجامە مەرگاوییەكانی تازەگەریی تەكنیكی ئەزموون كردووە، ئەو هزرەی درووستكرد، كە بێگومان هەموو هیواو ئاواتە پەروەردەكراوە پێشووییەكان هەبا بووە. تەنانەت هەندێ كەس پەیوەندی و پەیوەستبوونی خۆیان بە رۆشنگەری پچڕان و ئایدیاكانی مرۆڤگەرایی، ئازادی، پێشكەوتن، عەقڵ و ئیرادەی ئازاد كاڵبوونەوەو پێگەی خۆیان دۆڕاند. كەواتە مەودای نێوان مزگێنیە پێشووییەكان و واقیعە جیهانییەكانی ئێستا بەرەو ئەم ئەنجامانە رێنوێنیمان دەكەن: یەكەم، هەر خوێندنەوەیەكی گەشبینانە لە مێژووی مرۆیی زیاد لە بۆچوون و وێنایەك نییە. ئەوەی راستی بێت باوەڕ بە پێشكەوتنی یەك لایەنەو بێ سنووری مرۆڤ بوو بە كەڵكەڵەیەك لای هەندێ لە بیریارانی بزووتنەوەی رۆشنگەری. بۆ نموونە میلتۆنی شاعیری ئینگلیزی و



یەكێك لە دیارترین مزگێنیدەرانی بزووتنەوەی رۆشنگەری، لەوە بە دڵگران بوو، كە مرۆڤ بە گوێڕایەڵبوونی بە نەریتەكان، بە ئەنقەست خۆی لە منداڵی و كاڵفامیدا هێشتووەتەوە، راست چەشنی ئەو خوێندكارەی بێ مۆڵەتی مامۆستاكەی ناوێرێ جووڵە بكات. هەرچەند میلتۆن هیوای هەیە، كە مرۆڤ سەرەنجام بە یارمەتی بەكارهێنانی ئازادانەی عەقڵ و ئاوەز تەمەنی منداڵی دەرباز دەكات و گەورە دەبێت. تۆرگۆ لە فەرەنسا لە وتارێكدا بە نێوی **«تابلۆی فەلسەفی پێشڤەچوونە یەك لە دوای یەكەكانی رۆحی مرۆیی»** (1750) دەڵێ: «داب و نەریت و ئاكارەكان، گۆڕانیان بەسەر دێت و رەق و دزەهەڵنەگر نامێننەوە، زەینی مرۆڤ روون دەبێتەوە، نەتەوە دوورەكان لێكدی نزیك دەبنەوە ... و جەماوەری مرۆیی ... بەردەوام، هەرچەند بە هەنگاوی نەرم و سووك، بەرەو تەواوێتی و كەماڵی زیاتر مل دەنێن». (هەڵبەت شیاوی بیرهێنانەوەیە، كە نووسەری ئەم رستە ئەو كاتە گەنجێكی بیست و سێ ساڵان بووە). دواتر كەسانێكی دیكەی وەك ڤۆڵتێر و دالامبێر هەڵبەت بە هەندێ پارێزەوە، ئەم چەشنە گوتانە دووپات دەكەنەوە. لسنگیش لە نووسراوەیەكدا بە نێوی **«راهێنانی مرۆڤ»** (1780) ئایدیای پێشكەوتن دەخاتە بەرباس. كۆندۆرسێ كاتی سەركوتكردنە ترسناكەكان (تیرۆر) لە قووڵاییەكانی دەروونی خۆیەوە نێوی گەڵاڵەكردنی **«تابلۆی پێشڤەچوونەكانی رۆحی مرۆیی»** لە وەسیەتنامەكەی ناوە.

سەرجەم ئەم نووسەرانە لایان وایە سەرەڕای بە لاڕێدارۆشتن و درەنگ و دواكەوتنەكان، ئەنجام مرۆڤایەتی دەتوانێ بە هۆی بڵاوكردنەوەو پاراستنی كولتوورو زانستەوە گەشە بكات. پاش ئەمان ئەم چەشنە روانینە لە مێژووی مرۆڤایەتی وەكو جێبەجێبوونی گەڵاڵە و مەبەستێكی دیاریكراو سەرەتا لەسەر دەستی هیگڵ و دواتریش ماركس پێشكەش و پتەوتر كرا، كە هەڵبەت بە یارمەتی ماركس ئامۆژەی كۆمۆنیستیی لێكەوتەوە.

به هەموو ئەمانەشەوە لکاندنی ئەم باوەڕە بە رۆحی رۆشنگەری ناڕاست و هەڵەیە. راستییەکان دەریانخستووە، کە بیروڕای تۆرگۆ، یان لسینگ هاوکات لەگەڵ ئاراستەکردنیان، بەرەوڕووی پرسیاری جۆراوجۆر بوونەوە.

کۆمەڵێك نووسەری دیکەی وەك هیوم، یان مێندلسۆن باوەڕیان بە جم و جووڵێکی میکانیکیی بەرەو کەماڵ و تەواوێتی نەبوو، باوەڕێك، کە جگە لە گەڕانەوە بۆ ئامۆژە مەسیحییەکان بریتی لە خۆدان بە دەستی خواستی خواوەندەوە (هەڵبەت) لە پانتایەکی نائایینیدا نییە. ئەمان لە راستیدا خوێندنەوەی مێژووی مرۆییان وەکو تەواوێتی گەلاڵە و مەبەستێکی دیاریکراو لا پەسەند نییە. ژان ژاك رۆسۆ، گەورەترین بیرمەندی فەرەنسی سەردەمی رۆشنگەری، راستەوخۆ بەرەنگاری ئەم بۆچوونە دەبێتەوە. بە رای ئەو خاڵی جیاکەرەوەی مرۆڤەکان نەك ملنانیان بەرەو پێشکەوتن، بەڵکو ئیمکان و دەرفەتی کامڵبوونە. واتە توانایی چاککردنی خۆو باشترکردنی جیهان، کە هەڵبەت دواهاتەکانی نە گەرەنتی دەکرێن و نە دەگەڕێنەوە. هەرچەندد چۆنێتی و تایبەتمەندییەکی وەها هەر چەشنە هەوڵ و تەقەللایەك بە رێگەپێدراو و ئاسایی دادەنێ بەڵام گەرەنتی چ سەرکەوتنێك ناکات.

بە بڕوای رۆسۆ، بەهاو نرخی هەر پێشکەوتنێك بە ناچار دواکەوتنە لە بوارێکی دیکەدا. بەرهەمێکیشی بە نێوی **«گوتارێك لەمەڕ سەرچاوەی نایەکسانی»** (1755) پڕپڕە لەم چەشنە باوەڕانە: کۆمەڵێك رووداو و پێشهات «ئەگەری کامڵبوونی عەقڵی مرۆیی دەستەبەر دەکەن کە هەڵبەت خراپبوونی مرۆڤیشی لەگەڵدا بوو، بە شێوەیەك، کە وێڕای بە کۆمەڵایەتیکردنی مرۆڤ گۆڕیویانە بۆ بوونەوەرێکی رژد». «پێشڤەچوونەکانی دواتر، هەرچەندد بە رواڵەت گەلێك هەنگاوی بەرز دیاربوون بەرەو کەماڵ و تەواوێتی، بەڵام لە راستیدا هەنگاونان بوون بەرەو ناتوانیی مرۆڤ». بەرپرسبوون لە باشترین و خراپترین تایبەتمەندییەکانی مرۆڤەکان، واتە چاکەو خراپەکان، پێویستی بەوە



هەیە خۆمان جیابکەینەوەو وەك دەڵێن خۆمان نەبین. بە هەموو ئەمانەشەوە رۆسۆ نە ئەو رێبازەی مرۆڤی تێدایە بە رێبازێکی پووچ و بێبایەخ دادەنێ و نە وەکو هەندێ کەسی دی، بانگی گەڕانەوە بۆ رابردوو دەکات. ئەو لە راستیدا هەوڵ دەدا گرنگی بە دواهاتە ئەرێنی و نەرێنییەکان بدات. کەواتە دەبێ لە چارەنووس و دۆخی مرۆڤ خۆیدا لە هۆکاری ئەم رەوت و رووداوە دووانە ئەرێنی و نەرێنییانە بگەڕێین. تایبەتمەندی مرۆڤ بایەخمەندبوون لەو ئازادییەیە، کە دەرفەتی گۆڕانی خود و گۆڕانی جیهانی پێشکەش دەکات، و هەر ئەم ئازادیە بەرەو کردەی خێرو بەرەو کردەی شەڕیش رێنوێنی دەکات. ئەگەری کامڵبوون، کە بە هۆکاری گەورەترین سەرکەوتنەکانی مرۆڤ دادەنرێ سەرچاوەی چارەڕەشییەکانیشێتی و هەروەها جگە لەمەش «وشیاری و هەڵەکان، چاکە و خراپەکانی مرۆڤ»یش دەخاتە روو. تایبەتمەندیی مرۆڤ ئەوەیە، کە دەخوازێ لە بەرچاوی خەڵکی هەست بە بوونی خۆی بکات و ناشتوانێ دەست لەم هەستە هەڵبگرێ. ئەم خواستە هەم لە عەشقدا خۆی دەنوێنێ و هەم لە توندوتیژیدا. ئەو کوڕانەی تیزاب بە سەروچاوی کچاندا دەڕژێنن و لەبەر ئەوەی وەڵامی ویست و داخوازییەکانی ئەوانیان نەداوەتەوە دەیانسووتێنن، نموونەی زەقی ئەم حاڵەتەن. رۆسۆ دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە «خێرو شەڕو چاکەو خراپە، یەك سەرچاوەیان هەیە».

کەواتە هەر هیوایەك بە پێشڤەچوونی یەك لایەنە لەق و لاوازە. پێویستە بگوترێ پرسە کۆمەڵایەتییەکان رێژنەیەك گیروگرفتی راگوزەری نین، کە حیزبێکی سیاسی، یان حکومەتێك بۆی هەبێت بە یارمەتی کۆمەڵێ چاکسازیی شارەزایانە بە تەواوی چارەسەریان بکات. بەڵکو لە راستیدا بە دواهات و ئەنجامی بارودۆخی مرۆییمان دێنە ئەژمار. هەنووکە دەتوانین پشتڕاستی بکەینەوە، کە رۆسۆ لەو سەروبەندەدا هەڵەی نەکردبوو، راستیی بابەتەکەی بینیبوو، کە ئارەزووی تەواوێتی و کامڵبوون پێویستی

بە باوەڕ بە پێشڤەچوون نییە. نەك هەر پێشكەوتنە زانستی و تەكنەلۆژییەكان مەرج نییە باشبوونی دۆخی سیاسی و ئەخلاقی لەگەڵدا بێت بەڵكو یەك لایەنەش نین و لەوانەیە لەناكاو زەرەرمەند بكەونەوە. مرۆڤ، كە دەست دەداتە گۆڕانی جیهان، تا وەكو زیاتر لەگەڵ پێداویستی و خواستەكانی خۆی ڕێكیبخات بە زۆری پێرسۆناژی شاگردی جادووگەری گێل دێنێتەوە یاد[1]. بكەرانی ئەم گۆڕانكارییانە بە زۆری دەتوانن ئەنجامە كورتماوەكانی كارو كردەكانی خۆیان پێشبینی بكەن، نەك ئەنجامە دواییینەكان، كە لە ماوەی چەندین دەیە یاخود سەدەدا دەردەكەون. هەمووان بە نموونەی هەرە ناسراوی پیتاندنی ئەتۆم ئاشنان و لە بارەیەوە بیستوویانە، هەرچەندد ئەو زانایانەی ئەم دۆزینەوانەیان كرد بە گشتی لەمەڕ هەندێ كاركردی توێژینەوەكانی خۆیان هەستیان بە دڵنیگەرانی دەكرد، بەڵام كارەساتی وەك هیرۆشیماو ناكازاكییان بە بیرو خەیاڵیشدا نەدەهات. بەڵام لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئارا، كە ئاخۆ زانای بایۆلۆژی، كە كۆدی ژێنیتیكی مرۆڤ بە وردی دەكێشێتەوە دەبێ دەست لە توێژینەوەكانی خۆی هەڵبگرێ نەوەك لە داهاتوودا بە شێوەیەكی نادروست كەڵك لە ئەنجامی كارو داهێنانەكانی وەربگێریت؟ سەرەڕای ئەمەش با سەرنجێكی دەوروپشتی خۆمان بدەین. بزوێنەر یان مۆتۆڕی ئۆتۆمبیلە ئەوڕۆییەكان گازی ژەهراوی بەرهەمدێنن، كە خاوێنی كەش و هەوای گۆی زەوی تێكدەدەن، ئەو ئۆتۆمبیلانەی بارو ئەركی قورسمان بۆ جێبەجێ دەكەن، وزەی زۆریان دەوێ و هاوكات دەبنە هۆی بێكاربوونی كەسانێكی زۆریش ... بەڵێ هەر دەسەڵات و زاڵبوونێك نرخێكی هەیە.

1ـ ئاماژەیە بۆ پێرسۆناژی شاگردی جادووگەر، كە هەرچەندە لە مامۆستاكەیەوە فێری وانەكان ببوو، بەڵام چونكە ڕێژەو ڕادەكانی باش نەدەزانی، ئەنجامی كارەكانی دژ بە مەبەستەكەی دەردەچوو.



ڕۆحی ڕۆشنگەری هەرچەند لەو ڕووەوە، كە مرۆڤ لە بەرپرسیارێتی پڕگوشاری دەرەكی ئازاد دەكات، مەعریفە پەسەند دەكات و بەسەریدا هەڵدەدا، بەڵام باوەڕی بەو گوتە نییە كە هەموو شتێك مەعریفە هەڵگرەو لە ناسین دێ. هەرچەند مرۆڤ هێدی هێدی فێر دەبێ، كە جیهان بە تەواوی بخاتە ژێر ركێفی خۆیەوەو بە پێی ئارەزوو و خواستەكانی خۆی چوارچێوەی بۆ دابنێ. بەڵام ماددە هێند رازاوەو ئاڵۆزە تەنانەت بەهێزترین و باڵاترین گریمانەی زانستیش نابێ لووتبەرزی بكاتە پیشەی خۆی. مۆنتیسكیۆ لە نووسراوەیەكدا بە نێوی **نامیلكەی ئەركەكان** دەڵێ: «زۆربەی هۆكردەكان لەبەر هۆكاری هێند چاوەڕوان نەكراوەوە سەر هەڵدەدەن و گرێدراوی هۆكاری هێند نادیارو بزربیان، هێند دوورن، كە هەر چەشنە پێشبینییەك نامومكین و نەكردە دەكەن». ئەم خاڵە لە لێكدانەوەو توێژینەوەی كۆمەڵگادا بەهۆی ئازادبوونی مرۆڤەكانەوە ڕاستتر دەكەوێتەوە، بەو مانایەی كە مرۆڤ دەتوانێ دژ بە سروشتی خۆی بوەستێت و لەم ڕووەوە كارێكی پێشبینی نەكراوی لێ ڕوو بدات. مۆنتیسكۆ لەلایەكی ترەوە دەڵێ: «مرۆڤ وەكو بوونەوەرێكی ماددی، چەشنی بوونەوەرانی دیكە، گوێڕایەڵی یاسا نەگۆڕەكانە، بەڵام وەكو بوونەوەرێكی خاوەن عەقڵ و فام پەیتاپەیتا لە یاسا خواكردەكان تێدەپەڕێ و یاسا خواكردەكان دەگۆڕێ». ناسینی كۆمەڵگا مرۆییەكان بەرەوڕووی نەكردەی پێشبینی و كۆنترۆڵی سەرجەم ئیرادەو خواستەكان دەبێتەوەو ئیرادەو خواستەكانی تاكیش تووشی بەربەستی ناتوانایی خۆی لەمەڕ ناسینی هۆكاری كردەكانی دەبێت. بە ڕاستی ئاخۆ لە ژیانی مرۆڤدا چ شتێك لە هەڵبژاردن و دەستنیشانكردنی دڵدار گرنگترە؟ بەڵام نە خواست و ئیرادە و نە زانستیش هیچیان ناتوانن نهێنی و ڕازی ئەم هەڵبژاردنە هەڵبێنن. ڕێك لەبەر ئەم هۆكارەشە، كە هەر چەشنە باوەڕ بە یۆتۆپیاكان، سیاسی بێت، یان زانستی، بەرەو شكست و نەمان دەبێتەوە. ئەگەر بخوازین

لە ئەندێشەی رۆشنگەریدا کۆڵەکەیەك بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشە و گرفتە هەنووکەییەکان بدۆزینەوە، بۆمان نییە هەموو پێشنیارە گەلاڵەکراوەکانی سەدەی هەژدە بە شێوەی سەربەمۆر پەسەند بکەین، ئەویش نەك تەنیا لەبەر ئەوەی جیهان لەو ساتەوەختەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵکو لەو رووەوە، کە ئەم زانستە خۆشی چەند رەهەندییەو یەکە نییە. لە واقیعدا زیاتر پێویستمان بە چەشنێ نۆژەنکردنەوەی رۆشنگەری هەیە بە شێوەیەك، کە میراتی رابردوو بپارێزی و هاوکات بیداتە دەستی ئەزموونێکی رەخنەگرانەوەو بەگەشبینییەوە رووبەڕووی ئەنجام و دواهاتە باش و خراپەکانی بکاتەوە. بە وەها رووبەڕووبوونەوەیەکەوە، نەك هەر تووشی مەترسی دەستهەڵگرتن لە رۆشنگەری نابینەوە، بە پێچەوانەوە، وێڕای رەخنەگرتن لە رۆشنگەرییە کە هەم وەفاداریمان دەردەبڕین و هەم ئامۆژە و مێتۆدەکانی دێنینە بەرکار.

2

# رەتکردنەوە و گۆڕانەکان

ئەندێشەی رۆشنگەری هەر لە سەردەمی سەرهەڵدانیدا، واتە سەدەی هەژدەهەم، بەردەوام رووبەڕووی گەلێك رەخنەی جۆراوجۆر بۆتەوەو هەندێجار تەنانەت رێساو پرەنسیپەکانیشی رەتکراونەتەوە. ئایدیاکانی لایەنگرانی رۆشنگەری لە سەرەتاوە هەڵچوونی زانا ئایینییە مەسیحییەکان و دەسەڵاتدارە نائایینییەکانی بە دواوە بوو، پاشان کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم و پاش ئەو رووداوە سیاسییانەی لەم سەروبەندەدا روویاندا، ئەم هەڵچوون و مەحکومکردنانە گرژتر بوون. هەر بۆیە، دژبەران دوو هاوکێشە گەڵاڵە دەکەن، کە مەحکومبونی حەتمی رۆشنگەری لێدەکەوێتەوە. رۆشنگەری هاوئاستی شۆڕشەو شۆڕش یەکسانە بە درووستبوونی ترس (تیرۆر). لوویی دۆناڵد (1829) یەکێك لە سەرسەختترین دوژمنانی رۆشنگەری، رایگەیاندووە: «شۆڕش لەگەڵ جاڕنامەی مافی مرۆڤ دەستییپێکرد» و راست لەبەر ئەمەش بوو، کە لە نێو دەریای خوێندا کۆتایی پێهات. هەڵەی رۆشنگەری لەوەدا بوو کە مرۆڤی لە بڕی خواوەند ـ بە وێنەی سەرچاوەی ئامانجەکانی خۆ ـ عەقڵ و فامی ـ کە هەر تاکێك بەنیاز بوو، ئازادانە بەکاریبێنێ ـ لە بڕی نەریتە گشتییەکان، یەکسانی لە بڕی پلەو پێگەو کۆگەرایی لە بڕی تاکگەرایی دادەنا.

ئەو وێنەی دۆناڵد، یان دیکەی کۆنسێرڤاتیڤەکان لە بزووتنەوەی رۆشنگەری دەیکێشنەوە نیشانی دەدات، کە ئەندێشەی رۆشنگەری لە هێڵە



سەرەکییەکانیدا بەهایەکی تایبەت دەبەخشێتە مرۆڤ و ئازادی و یەکسانی. لێرەدا بەرەوڕووی ململانێ و دژایەتییەکی بنەڕەتی دەبینەوە لەسەر پڕەنسیپ و ئارمانجەکانی کۆمەڵگاو هەر لێرەشەوە بە راستی دەکرێ «رەت»کردنەوەی رۆشنگەری بخرێتە بەرباس. بەڵام ئەم دۆخە هەردەم وا نامێنێت، پێدەچێت ئەو رەخنانەی ئاراستەی بزووتنەوەی رۆشنگەری دەکرێن بە زۆری لە تەنیشت رۆحی رۆشنگەری رێدەکەن، یان بە دەربڕینی وردتر زیاتر یەك لەو کاریکاتێرانەیان مەبەستە. بەڵام پێویستە بگوترێ کە ئەم کاریکاتێرانە، یان بە واتایەکی بێلایەنانەتر، ئەم «گۆڕانانە» (لە سەدەی هەژدەدا دەگوترا «گەندەڵی») بە راستی بوونیان هەیە. دەکرێ بۆ کاتی یەکەم ریزبەندییەکانی ئەندێشەی رۆشنگەری بگەڕێنەوە. لەو کات و ساتەدا هەندێ کەس رۆشنگەرییان بە زیادەڕۆیی و هەندێکی دی بە تەوەزەلی و کەمکاریی تاوانبار دەکرد. بیرمەندێکی وەك مۆنتیسکیۆ جوان ئاگای لەو ئەگەر و شیمانە هەبوو، کە ئەو پرەنسیپانەی خەباتیان بۆ دەکات، رۆژانێك بە زیان دەکەونەوەو هەر بۆیە بە نیسبەت زیاڕۆییەکانی عەقڵ و مەترسییەکانی ئازادی هۆشداری رادەگەیاند. لەم رووەوە خۆی لەگەڵ دانیشتووی نهۆمی دووەمی بینایەکی سێ نهۆمی هەڵدەسەنگاند، کە دەنگە دەنگی نهۆمی سەرەوە و بۆنی دووکەڵی نهۆمی خوارەوە ئازاری دەدەن. رۆسۆش باش دەیزانی، کە پاش کۆتایی هاتنی مشتومڕەکانی لەگەڵ وشکە سۆفییەکان، دەبێ دەستبەجێ بکەوێتە مشتومڕ و دەمەقاڵەیەکی دیکەو ئەمجارە لەگەڵ «مادییگەریی مۆدێرن». زیاتر ئەم چەشنە گۆڕان و بەلاڕێدا رۆشتنانەیە، کە دەبێتە بابەتی رەتکردنەوەو بەرپەرچدانەکان، نەك رۆشنگەری خۆی. پێشتر ئەم خاڵەمان باسکردووە: ئاشکرایە راگەیاندنی کاملبوونی مرۆڤ و کۆمەڵگاکان لە رۆحی رۆشنگەریدایە. ئەم ئایدیا لەلایەن کەسانێکەوە رەتدەکرێتەوە، کە بیر

دەکەنەوە، بە پێچەوانەوە، مرۆڤ بە هۆی یەکەم گوناهەوە تووشی دەردی بێ دەرمان بووە، بەڵام ئەم ئایدیا، بە راگەیاندنی پێشڤەچوونی میکانیکی مێژووی مرۆڤایەتی لە ماناکەی خۆی دوور دەکەوێتەوە، چونکە بە نیسبەت ئەم بابەتەوە رەق و توند بووەو رووی لە زیادەڕۆیی کردووە. بەڵام کە دووبارە ئامۆژەی پێشڤەچوون، ئەمجارەیان بە کۆکردنەوەی نموونە دژبەرەکانی، رەتدەکەنەوە، وادەزانن رۆشنگەرییان رەتکردۆتەوە لە حاڵێکدا یەکێك لە بەرهەڵستەکانی رۆشنگەرییان بەرپەرچ داوەتەوە. ئەندێشەی رۆشنگەری شانۆیەکە و بەردەوام بە سێ ئەکتەر کار دەکات. ئیرادێك لە بزووتنەوەی رۆشنگەری گیرابێت ئەوەیە، کە بنچینە ئایدیالۆژییەکانی کۆلونیالی ئەوروپایی لە سەدەی نۆزدەو نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دامەزراندووە. بەم شێوەش بەڵگاندنی بۆ دەکرێ: رۆشنگەری یەکبوونی مرۆڤ و کەواتە جیهانیبوونی بەهاکان رادەگەیەنێ. دەسەڵاتە ئەورووپییەکان، کە خۆیان بە هەڵگری بەها بەرزو لەبەرترەکان دەزانی، لایان وابوو سەرپشکن ژیاری خۆیان بۆ ئەو کەسانە ببەن، کە وەکو ئەوان ئەم بەختە باشە بۆتە چارەنووسیان، کەوابوو بۆ گەرەنتیکردنی سەرکەوتنی خۆیان دەبوو نیشتمانی ئەم خەڵکانە داگیر بکەن ... .

لە راستیدا رەنگە روانینێکی راگوزەری و سەرپێیی بۆ مێژووی ئایدیاکان ئەم بیرە بخاتە زەینمانەوە، کە ئەندێشەی رۆشنگەری رێگای بۆ زەبروزەنگەکانی داهاتوو خۆشکردووە. کۆندۆرسێ دڵنیا بوو، کە بەرپرسیارێتی بردنی زانست و زانیاری بۆ تێکڕای خەڵکی لە ئەستۆی نەتەوە خاوەن ژیارەکاندایە.«ئاخۆ ئەورووپییەکان ... پێویست ناکات عەشیرە وەحشییەکان، کە هێشتا خاوەنی وڵاتێکی بەرفراوانن، خاوەن ژیار بکەن، یان ـ تەنانەت بێ داگیرکردن و کۆلۆنیالیزم ـ بزریان بکەن؟» کۆندۆرسێ، کە خولیای هاوڕێی جیهانی و یەکڕیزییەکی تەواوی لە مێشکدا



بوو دەڵێ: دەستێوەردانی ئەورووپییەکان ئەم ئامانجانە دەپێکێ. ئەو بابەتەش راستە، کە سەد ساڵ دواتر، تیۆردارێژەرانی کۆلۆنیالی فەرەنسا بۆ پاساوهێنانەوەو بە رێگەپێدراو نواندنی کۆلۆنیال بەم شێوە بەڵگاندنیان دەکرد: وەکچۆن ئەرکی سەرشانمانە منداڵەکانمان پەروەردە بکەین، دەبێ یارمەتی عەشیرەو نەتەوەو دواکەوتووەکانیش بدەین. پۆل لووروا ـ بولیۆی ئابووریناس و کۆمەڵناس و مامۆستای کۆلێژی دوفرانس[1] و یەکێك لە لایەنگرانی کۆلۆنیال ساڵی 1874 دەنووسێ «کۆلۆنیال لە سیستمی کۆمەڵایەتیدا دەورێکی هەیە، کە لە هاوشێوەکەی لە سیستمی بنەماڵەدا بەرچاو دەکەوێ، دیارە قسە لەسەر ئامۆژەو فێرکردنە نەك بەرهەمهێنان و درووستکردنی بەرە (نەوە)». دیسان هەر ئەم مامۆستای زانکۆ پاش چەند ساڵێك (ساڵی 1892) لە وەڵامی پرسیارێکی راشکاوانەدا دەڵێ: «هێدی هێدی ئەم بابەتەمان لێ روون بۆوە، کە کەم تا زۆر نیوەی دانیشتووانی گۆی زەوی، کە لە دۆخی وەحشی و سەرەتاییدا دەژین، کارو بەرپرسیارێتی مێتۆدمەندو پشتیوانی نەتەوە بە ژیارەکان داوا دەکەن». رێکەوت نییە ژوول فێریی، لایەنگری فێرکاریی بێ بەرامبەرو زۆرەملێی بۆ فەرەنسا، دەبێتە بانگەشەکەری داگیرکردنی کۆلۆنیالیستی لە هیند و چین و باکووری ئەفریقیا. ئەو دەڵێ رەگەزە باڵادەستەکانی وەك فەرەنسا و ئینگلیز پێویستە لەسەریان دەست لە کاروباری خەڵکانی تر وەربدەن: «ئەرکی ژیارمەندکردنی رەگەزە بندەستەکان لە ئەستۆی ئەواندایە».

هەرچەند نابێ ساویلکانە و بە سادە دڵییەوە بڕوا بە جیددی بوونی ئەم وتانە بکەین، بەڵام هەر ئەمە دەیسەلمێنێ، کە ئامانجەکانی بزووتنەوەی رۆشنگەری هێند بە ئیعتبارو پتەوە، هەندێ کەس کاتی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ

1. College de France

رووداو و بابەتێکی مەترسیدار دەخوازن لە پشتیوانی (ئەو ئامانجانە) بەهرەمەند بن. بیرمان نەچێتەوە، کە سەدەی شازدەهەم کولۆنیالشینانی ئیسپانیایی و پورتوگالی بۆ پاساوهێنانەوە لەمەڕ داگیرکارییەکانیان دەستەوداوێنی بەلگاندنی وەك ـ بانگەشەکردن بۆ ئایینی مەسیح دەبوون. هەڵبەت داگیرکەران ئەو ساتانەی خۆیان لە گوشارو بەرگریکردنی بەردەوام لە کردەکانی خۆیان دەبینییەوە، گرنگ نەبوو بە لایانەوە، کە دەمامکی بەلگاندنی مرۆڤدۆستی داماڵن. بۆ نموونە مارشاڵ بۆژوی (فەرماندەی سوپای فەڕەنسا لە بە کولۆنیالکردنی ئەلجەزیرە) نێوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدە، کە لە بەردەم پەرلەمانی فەرەنسا ناچار بوو بەرپرسیارێتی کوشتوبڕی ئەلجەزیرەییەکان لە ئەستۆ بگرێ دەڵێ: «من هەموو کات بەرژەوەندییەکانی فەرەنسام لە پێشتر لە مرۆڤدۆستی پووت بەرامبەر بە بیانییەکان داناوە، ئەو بیانیانەی سەری سەربازانی زیندانی یان بریندارمان دەبڕن». تۆکۆیل کە ئەو سەردەمە نوێنەری پەرلەمان بوو لە لێداونێکیدا هەر لەبەر دەرگای ئەم پەرلەمانە پێ دەنێتە جێ پێکانی بۆژۆ و دەڵێ: «وا بیرناکەمەوە کە «لێهاتوویی هەرە دیارو پڕڕەنگی جەنابی مارشاڵ بۆژۆ، مرۆڤدۆستی بێت، نا لام وانیە، بەڵام بە هەموو ئەمانەشەوە بە بڕوای من جەنابی مارشاڵ بۆژۆ لە خاکی ئەفریقیا خزمەتێکی گرنگی بە وڵات و نیشتمانەکەی کردووە».

کە ژوول فێریش لە پەرلەمانی فەرەنسادا دەکەوێتە گێژاوی ئیرادو ڕەخنەی دیکەی نوێنەران، کە گوایە خیانەتی لە پرەنسیپەکانی ڕۆشنگەری کردووە، بە پەلەقاژەوە پاشەکشێ دەکات و دەڵێ: ئەم چەشنە بەلگاندنانە «نە سیاسەت و نە مێژوو بەڵکوو میتافیزیکی سیاسییە». هەرچەندد سیاسەتی کۆلۆنیالی خۆی لە پشت ئامانجەکانی ڕۆشنگەری دەشارێتەوە، بەڵام لە واقیعدا بە نێوی بەرژەوەندی نەتەوەییەوە کار دەکات. بەڵێ ناسیۆنالیزم بەرهەمی ڕۆشنگەری نیەو لە باشترین حاڵەتەدا بە گۆڕانی



(ڕۆشنگەری) دێتە ئەژمار، گۆڕانێك، کە چ بەندو سنوورێك بۆ دەسەڵاتداریی نەتەوەیی ناناسێت. بەڵام بزووتنەوە دژەکۆلۆنیالییەکان ڕاستەوخۆتر ئیلهامیان لە پڕەنسیپەکانی ڕۆشنگەری وەرگرتووە. بە تایبەت کە ئاماژە بە یەکسانی مرۆڤەکان، یەکسانی نەتەوەکان و ئازادی تاکەکان دەکەن. لەم ڕووەوە کۆلۆنیالیزمی ئەورووپی سەدەی نۆزدەهەم و بیستەم ئەو تایبەتمەندییە سەیرو بە شێوەی هێزێکی خۆکاولکەریان هەیە، کە ئایدیا ڕۆشنگەرییەکانیان، کە ئیلهامدەری دوژمنانیان دەبێت لەگەڵ خۆ دێنن.

ئیرادێکی هەرە زەقی دیکە، کە بەرەوڕووی ڕۆحی ڕۆشنگەری دەبێتەوە ئەوەیە، کە هەرچەندە نەیدەویست، بەڵام سیستەمە تۆتالیتێرەکانی سەدەی بیستەم و کوشتوبڕەکانی، زیندانکردن و ئازاری ملیۆنان کەسی بەدیهێنا. کەم تا زۆر بەم شێوە بەلگاندن دەکرێ: مرۆڤەکان پاش بەرپەرچدانی خودا، خۆیان پێوەری چاکەو خراپەو خێر و شەڕەکان هەڵدەبژێرن و دڵشادو سەرمەستن لەم هێزو توانای خۆیان لەمەڕ فامکردن و دەرکی جیهان و هەربۆیە دەخوازن بۆ تێکەڵکردنی خەڵکانی دی بەم ئامانجانەی خۆیان سەرلەنوێ جیهان بونیاد بنێنەوەو لەم ڕێگادا هیچ سڵ لەوە ناکەنەوە، کە لەوانەیە بەشێکی گرنگ و گەورەی خەڵکانی جیهان تێدا بەرن، یان تا ئاستی کوێلە دایانبەزێنن. ئەم ڕەخنە لە بزووتنەوەی ڕۆشنگەری بە هۆی هەندێ لە دواهاتە پڕئازارەکانی سیستەمە تۆتالیتێرەکانەوە بە تایبەت لەلایەن نووسەرانی مەسیحی سەبارەت بە لقە جۆراوجۆرەکانی ئەم ئایینە هاتە ئارا. هەندێجار ئەم جۆرە نووسینانە لای تی.ئێس ئیلیۆتی شاعیری ئینگلیز و نووسەری نامیلکەیەك بە نێوی **کۆمەڵگای مەسیحی**[1] (1939) دەبینین و هەندێجار لای ئەلکساندر

---

1. Lidee dune societe chretienne

سۆلژنیتسین، نووسەری رەخنەگری ئەرسەدۆکسی رووس (ئەو لە لێدوانێکی لە زانکۆی هارڤارد ساڵی 1978 ئەم رەخنەی باسکردووە)، و ئەنجام لە کتێبەکانی پاپ ژان ـ پۆلی دووەم (لێرەدا دواکتێبی ئەم نووسەرە ئایینییە دەبەم بە نێوی **بیرەوەری و شوناس**[1] کە کەمێ پێش مردنی نووسیویەتی).

ئێلیۆت کە لە ئانوساتی شەڕی دووەمی جیهانیدا و بە تایبەت شەڕی ئەڵمان و بەریتانیای مەزن دەست دەکات بە نووسین، هەوڵدەدا ئەم خاڵە دیاری بکات، کە ئۆپۆزسیۆنی راستەقینەی تۆتالیتاریزم، تەنیا لە کۆمەڵگایەکی بە راستی مەسیحیدا دەتوانی سەرهەڵبدا: رێگەچارەیەکی دی بوونی نیە. «ئەگەر ناتانەوێ خوایەکتان هەبێ (ئەم خودا، خودایەکی چاوچنۆکە) ناچار دەبێ گوێڕایەڵی هیتلەر ستالین بن». بەڵێ رەتکردنەوەی خودا بەرهەم و دەستکەوتی بزووتنەوەی رۆشنگەرییەکە دەرفەتی رۆنانی دەوڵەتی مۆدێرن لەسەر بنەمای تەنیاو تەنیا مرۆیی دەڕەخسێنێ. بەڵام ئیرادی سۆلژنیتسین بنەڕەتیتر دیارە، ئەو دەڵێ: «لە ئاخێزەی تۆتالیتاریزمدا خوێندنەوەیەك لە جیهان و زاڵ بەسەر رۆژئاوا بەدیدەکەین، کە لە رێنسانسدا سەریهەڵداوەو چەشنی بونیادی سەرجەم زانستەکانی پەیوەندیدار لەگەڵ دەوڵەت و کۆمەڵگا لە سەردەمی رۆشنگەریدا خرایە قاڵب و داڕێژگەی جۆراوجۆری سیاسییەوە. دەکرێ ئەم خوێندنەوە نێو بنێین «مرۆڤگەرایی عەقڵانی» کە سەربەخۆیی مرۆڤ بەرامبەر بە هەموو هێزە بان مرۆییەکان رادەگەیەنێ‌و دەیهێنێتە دی. یان دەکرێ ـ بە دەربڕینی دی ـ «مرۆڤگەرایی» یەك بخرێتە بەرباس، کە مرۆڤ دەکاتە ناوەندی تێکڕای هەبووەکان». بەڵام ئەگەر ئەمە خۆی لە خۆیدا دەگۆڕی بۆ ئەویدی کەواتە ئاخۆ کاتی گۆڕانی ئایدیال و ئامانجەکان نەهاتووە؟ سۆلژنیتسین پاشان

1. Memoire et Identite



دەگاتە ئەو ئەنجامەی: «ئەوڕۆکە خۆلکاندن بە فۆرمۆلە بەستووەکانی سەردەمی رۆشنگەری نیشانەی رابردووگەراییە».

ئەو وێنەی ژان ـ پۆلی دووەم دەیکێشێتەوە هێند لەو دوو نموونەی سەرەوە جیاواز نییە. «ئایدیالۆژیا شەڕسازەکان» کە لە سیستمە تۆتالیتێرە جۆراوجۆرەکاندا بەدیدەکرێن لە مێژووی ئەندێشەی ئەورووپی واتە رێنسانس، فەلسەفەی دیکارت و بزووتنەوەی رۆشنگەرییەوە هاتوون. هەڵەی ئەم هزرانە بێگومان ئەوە بوو، کە بۆ گەڕان لە بەختەوەری لە بڕی گەڕان لە رزگاری بانگەوازیان دەکرد: «بەم چەشنە مرۆڤ بە تەنیا مایەوە، چەشنی بەدیهێنەری مرۆڤ و ژیاری خۆی تەنیا کەوت، چەشنی ئەو کەسەی لەمەڕ چاکەو خراپەکان بڕیار دەدات». لێرەوە هەتا ژوورەکانی گازو کوورەکانی سووتاندنی مرۆڤ هەنگاوێك دەبڕی. «ئەگەر مرۆڤ بتوانێ لەسەر چاکەو خراپەکان پشت بە خۆی ببەستێت و بەبێ خودا بڕیار بدا، کەواتە بە ئاسانی دەتوانێ بڕیارو حوکمی کۆمەڵکوژی مرۆڤیش دەربکات». «کارەساتی رۆشنگەری ئەورووپی» ئەوە بوو، کە مەسیحی وەلاناو بەم کارە «کەوتە رێبازی ئەزموون و تاقیکردنەوەی تێکدەروماڵوێرانەکەر، کە دەبوو لە داهاتوودا روو بدەن».

سەرەتا دەبێ بڵێین لەم خوێندنەوەی مێژووی مرۆییدا، جیاوازی نێوان دەوڵەتە تۆتالیتێرەکان و دەوڵەتانی دیموکراتیك لەو رووەوە کاڵ و کەم دیارە، کە سەرچاوەی هەردووکیان بە ئەندێشەی رۆشنگەری لە قەڵەم دەدرێ. بە رای ئێلیۆت ئەم جیاوازییە لەبەر ئەوەی هەم دەوڵەتانی تۆتالیتێرو هەم دیموکرات لە بێ بڕواییان بە خواوەندو تاکگەراییدا وەك یەك دەچن و هەم لە حەز و خولیایان بۆ شمەکی ماددی، هێند گرنگ نییە. بە بڕوای سۆلژنیتسین ئەمانە، جۆری ناهاوشێوەی یەك مۆدێلی یەکن: «لە وڵاتە کۆمەنیستییەکانی رۆژهەڵاتی ئەورووپا، بازاڕی پڕ فڕت و فێڵی حیزب

ژیانی تاکەکەسی و ناوەکیمان پێشێل دەکات و لە ڕۆژئاواش بازاڕی پڕ فڕت و فێڵی بازرگانی، لەم نێوەندەدا، ئەوەی تۆقێنەرە، نەك واقیعی جیهانی شپرزو شێواو بەڵکو ئەوەیە، کە پاژ و لەتە سەرەکییەکان تووشی نەخۆشییەکی یەکجۆر هاتوون». ئاسانگیری و ئیهمالی ئەخلاقی وەکو خەسڵەتی تایبەتی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان لای ژان پۆلی دووەم وەك «شێوازێکی دیکەی تۆتالیتاریزم» دەکەوێتەوە کە «درۆزنانە لەژێر سیمای دیموکراسیدا خۆی حەشار داوە. مارکسیزمی تۆتالیتێرو لیبرالیزمی ڕۆژئاوایی جۆری نە زۆر جیاوازی ئایدیۆلۆژیایەکی هاوشێوەن، کە بەرهەمی ئارەزووی رووتە لە سەرکەوتوویی ماددی. ئەو کاتەی «پەرلەمانی وڵاتێك یاسای لەباربردنی منداڵ پەسەند دەکات و بەم چەشنە ڕێگا بۆ لەنێوچوونی منداڵێك، کە دەبێ چاوی بە جیهان بپشکوێ خۆشدەکات، کارەکەی لە کاری هەمان پەرلەمان دەچێت، کە دەسەڵاتێکی رەها بە هیتلەر دەبەخشێت و ڕێگای «ڕێگەچارەی دوایین» ئاوەڵا دەکات.

لێرەدا دەبێ لە نێوان ئەو تاوانە جۆراوجۆرانەی دەدرێتە پاڵ ڕۆشنگەری، جیاکارییەك بکەین. سەرەتا دەبێ چەشنی باسەکەمان لەسەر کۆلۆنیالیزم، نیشانی بدەین، کە رەنگە لە ئایدۆلۆژیاکەی بریسکەدار وەکو کەرەستەیەك بۆ پەردەپۆشی و شاردنەوەی ڕاستییەکان کەڵك وەربگیرێت. دەزانین کۆمۆنیزم پێچەوانەی نازیزم بانگەشەی بۆ میراتەکانی ڕۆشنگەری دەکرد، بەڵام ئەگەر لە بڕی پلان و بەرنامە پڕدەنگ و هاوارەکانیان سەرنجێکی کارو کارکردەکانی کۆمەڵگا کۆمونیستییەکان بدەین، بە ئەستەم بتوانین ئاسەوارو جێ پێی (ڕۆشنگەری) ببینینەوە. لەم چەشنە کۆمەڵگایانەدا، سەربەستی تاکەکان دەسڕێتەوە، پلە نەگۆڕەکانی نێودەسەڵات یەکسانی پەسەند ناکەن، توێژینەوەو پشکنینی زانستی و گەڕان لە زانیاری پێملی دۆگمە ئایدیالۆژییەکان دەکرێت (بۆ ئاگاداری، دەبێ بگوترێ سەردەمانێك ژێنێتیك و تیۆری ڕێژەگەرایی بە



زانستگەلێکی بورژوایی دادەنران، کە دەبوو پێش بە پەرە و بڵاوبوونەوەیان بگیرێت)و مرۆڤگەرایی جاڕنامەکانیان بە زیاد لە تراویلکە نەدەبینی و جگە لەمانەش تاکەکان لە باتی ئەوەی هەوڵ و هیوایان بۆ گەڕان لە بەختەوەری خۆ بخەنە گەڕ ناچار دەکران خۆیان قوربانی رزگاری کۆمەڵانێکی دیکە بکەن لە داهاتوویەکی دوورە دەستدا. بەها ماددییەکانی ژیان بە شێوەی ئەوتۆ جێبەجێ ناکرێ و کۆمۆنیزم بۆ رسکاندنی کۆمەڵگایەکی بەسامان و پۆشتە رووبەڕووی گەلێك گرفت و کێشە دەبێتەوە. لە راستیدا کۆمۆنیزم زیاتر ئایینێکی سیاسییە، کە ئێجگار لە ڕۆحی ڕۆشنگەری و دیموکراسی جیاوازە.

جگە لەم بەکارهێنانە رواڵەتییانەی ڕۆشنگەری، کە تەنیا بۆ جوانکاری و بەخشینی سیمایەکی رازاوەیە بە کۆمۆنیزم، بە چەندین شێوەی دیکەش سوودی لە ڕۆشنگەری بینیوە، کە زیاتر دەکەوێتە هەرێمی گۆڕانەوە. هەرچەندد ئەمجارە مەحکومکردنی ئەم گۆڕانانە مەشروع دیارە بەڵام ئەوەی راستی بێت ئەم داوەریکردنە پەیوەندی بە ڕۆشنگەرییەوە نییە.

دیارە، کە خواستی سەربەستی، ئەگەری رزگاربوونی مەعریفە لە بەرپرسیارێتی ئەخلاق و گەڕان لە حەقیقەت لە چاکەکارییەکان دەستەبەر دەکات. بەڵام، کە خواستی سەربەستی بەرەو زیادەڕۆیی بکشێت، لە رادەبەدەر چڵێس و زیادەخواز دەبێت و بەم چەشنە مەعریفە بانگەشەی دیاریکردن و سەپاندنی بەهاکانی کۆمەڵگا دەکات. سیستەمە تۆتالیتێرەکانی سەدەی بیستەم بە مەبەستی پاساوهێنانەوە بۆ توندوتیژی نواندنیان بە شێوەیەکی کارا کەڵکیان لەم زانستگەراییە زیادەڕۆییانە وەرگرت. بە بیانووی ئەوەی کە یاساکانی مێژوو ـ کە زانست کەشفی کردوون ـ نەمان و داڕمانی بورژوازی رادەگەیەنن، کۆمۆنیزم لە کوشتن و بڕین و لەناوبردنی ئەندامانی ئەم چینە چ گومان و دوودڵییەك داناگرێ. نازییەکان بەو بیانووەوە، کە یاساکانی بایۆلۆژیا ـ کە زانست کەشفی

کردوون ـ بندەستی «هەندێ لە رەگەزەکان» دەسەلمێنن، پاش ناسینی ئەندامانی ئەم رەگەزانە، بەرەو مەرگ پەلکێشی دەکردن. هەرچەندد لە دەوڵەتە دیموکراسییەکاندا ئەم چەشنە توندوتیژییانە لە وێناکردن نایەن بەڵام جاروبار بۆ بەخشینی مەشروعییەت بە هەڵبژاردنێکی تایبەت کەڵك لە ئۆتۆریتەی زانست وەردەگرن، چما بەهاکانی کۆمەڵگا بۆیان هەیە لە خۆوە لە مەعریفەو زانست پێکبێن. کەواتە هەرچەندد دەکرێ بەدڵنیاییەوە بگوترێ زانستگەرایی زیادەڕۆیانە مەترسیدارە، بەڵام ناکرێ بە دەستکەوتی رۆشنگەری وەربگیرێت، چونکە وەکچۆن پێشتر بینیمان رۆشنگەری باوەڕی بە تەواو روونبوونی جیهان لە بەرچاوی زانایاندا نییە و لەوەی ئارمان و ئایدیالێك لە روانینی سادەی جیهان (واتە ئەوەی دەبێ وابێت، لەوەی دەبێ ببێت) مل بادەدات، بەم شێوەی زانستگەرایی زیادەڕۆیانە وەکو گۆڕانی رۆشنگەری، بە دوژمنی رۆشنگەری دادەنرێ نەك بە میراتی ئەم رەوتە.

ئەنجام، هەندێ لە خەسڵەتە تایبەتەکانی رۆحی رۆشنگەری ـ بۆ نموونە سەربەستی، مرۆڤگەرایی، بنەمای بە تەواوی مرۆیی سیاسەت و ئەخلاق، لە پێشبوونی بەڵگاندنە عەقڵییەکان لە چاو بەڵگاندنە نەقڵییەکان ـ کە کەسانی وەك تی. ئێس. ئیلیۆت، ئەلکساندر سۆلژنیتسین و ژان پۆلی دووەم و رەخنەگرانی دیکە پەنجەی بۆ رادەکێشن، شوناسی رۆشنگەری دیاریدەکەن. هەرچەندد رەتکردنەوەیان لەم حاڵەتەدا راست دیارە بەڵام ئاخۆ ئەم بەرپەرچدانەوە بەجێشە؟ ژان ـ پۆلی دووەم ئەخلاقی رۆشنگەری بەوە تاوانبار دەکات، کە بە یەکجارەکی مرۆڤ تەوەرەو هەر بۆیە بە هۆی وابەستەبوونی بە خواست و ئیرادەی مرۆڤەوە، لەوانەیە خۆ بە دەستی دەسەڵاتدارانەوە بدات، بە پێچەوانەی ئەخلاقی مەسیحی، کە چونکە بنەماکەی بە شێوەی عەینی لەسەر گوتەی خواوەند دامەزراوە، چ گۆڕانێك بە خۆوە نابینێ. بەڵام دەبێ سەرەتا ئەم پرسیارە گەڵاڵە بکەین، کە ئەو عەینییەتەی ئەو باسی دەکات چەند راست و واقیعییە. چونکە کەس ناتوانێ بانگەشەی پەیوەندیی



راستەوخۆ لەگەڵ خواوەند بکات و لەم رووەوە مرۆڤ ناچارە هانا بۆ ئەو نێوەنجانە بەرێت، کە لەلایەن مرۆڤ خۆیەوە بۆ نموونە پێغەمبەران، یەزدانناسان و مامۆستایانی ئایینی دێتە ئارا، واتە لەلایەن بانگەشەکەرانی ناسینی مەبەستە خوداییەکان. کەوابوو تەوەرە ئیمانییەکانی هەر ئایینێك گرێدراوی ئەو کۆمەڵە مرۆڤەیە، کە نەریتێکیان بۆ بەجێهێشتووین. لێرەدا پێویستە ئەم خاڵەش رەچاو بکرێت کە ئەخلاقی رۆشنگەری زەینی نییە بەڵکو بونیادێکی «نێوان زەینیی» هەیە، بەو چەشنەی، کە تەوەری چاکەو خراپە، یان خێرو شەڕ بابەتی هاوڕایی و یەکگرتووییەکە، کە هێزەکی بە هاوڕایی و یەکڕیزیی سەرجەم مرۆڤایەتی دێتە ئەژمارو وەکیتر بە هۆی دانووستانی ئەو بەڵگاندنە عەقڵانییانەوە بەدیهاتووە، کە لەسەر بنەمای خسڵەت و تایبەتمەندییە جیهانییەکانی مرۆڤایەتی دامەزراون. کەوابوو ئەخلاقی رۆشنگەری بەرهەمی عەشقی لووتبەرزانە بەخود، نا بەڵکو بەرهەمی رێزی مرۆڤە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی.

بەڵێ تێگەیشتن لە دادوەری تایبەت بە رۆشنگەری کەمتر لەوەی رەخنەگران دەیانەوێ بیناسێنن شۆڕشگێڕانەیە. ئەم خاڵەش گرنگە کە هەرچەندد گومان هەڵناگرێ یاسا بە خواست و ئیرادەی سەربەستی خەڵك دەژمێردرێ بەڵام ئەم خواست و ئیرادە چوارچێوەو سنوورێکی هەیە. مۆنتسکیۆ بە وەفاداری بە ئەندێشەی کۆنەخوازەکانەوە دەڵێ: دادوەری هەم کۆنتر لە یاسایەو هەر سەرترو باڵاتریشە لەو. هەر خۆی لە **نامیلکەیەك سەبارەت بە ئەرکەکاندا** دەنووسێ: «دادوەری گرێدراوی یاسا مرۆییەکان نییە و بنەڕەتی لەسەر هەستی مرۆڤە زاناو عاقڵەکان دانراوە نەك لەسەر مەیل و حەز، یان خواستە تایبەتییەکانی مرۆڤ». هەروەها لە کتێبی **رۆحی یاساکان**[1]دا دەڵێ: «گوتنی ئەوەی، کە چ شتێکی دادوەرانە، یان نادادوەرانە

1. De I'espirit des Lois

بوونی نییە جگە ئەوانەی یاسا دابینکراوەکان ڕێگەی پێدەدەن، یان یاساخیان کردووە، وەکو ئەوە وایە بڵێین پێش کێشانەوەی بازنە هەموو نیوتیرەکان یەکسان نین». ئەو یاساگەلەی بە پێی ئەوان بورژواو کۆلاکەکان لە رووسیاو قەرەجەکانی ئەڵمانیایان پێ سەرکوتکردن، لە راستیدا دژ بە دادوەرین. ئەم پرەنسیپانە نەك هەر گەلێك راو سەرنجی هاوڕەوتیان راکێشاوە (هەر مرۆڤێك لەوەی، کە دەبێ خەڵکانێك لەبەر بەرژەوەندی و سوودی خەڵکانێکی دی تێدا ببرێن بە گومانە)، بەڵکوو لە یاسا بنەڕەتییەکانی زۆربەی هەرە زۆری وڵاتە دیموکراتییەکانی جیهاندا رەچاوکراوەو نووسراوەتەوە. وەك بینیمان رەتکردنەوەو گۆڕانەکانی رۆشنگەری زۆر جیاوازن لە یەکدی و لەم رووەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەیان ناکرێ کەڵك لە بەڵگاندنی هاوشێوە وەربگیرێت. بەڵام ئەوەی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، گرنگی رێژەییانە: لە حاڵێکدا کە دوێنێ ئەو بەرهەڵستکارەی دەستکەوتەکانی رۆشنگەری دەکردە دارەدەستی دوژمنایەتیکردنەکەی، کەمتر لە بەرهەڵستی و دژایەتی ئەو کەسانەی لە دەرەوە هێرشیان دەکردەسەری، مەترسیدار دیاربوو، ئەورۆکە پێچەوانەی ئەم رووداوە بەدیدەکرێ. کەچی بە هەموو ئەمانەشەوە رۆشنگەری هەنووکە هەردوو مەترسییەکەی لەسەرەو رێکەوتی و لە خۆوە نییە، کە لەم رۆژگارەی خۆشماندا ئەوانەی رۆحی رۆشنگەرییان کردوّتە جێ داڵدەی خۆیان، ناچارن لە دوو لاوە خەبات بکەن. بۆ نموونە کۆمەڵەیەکی بەرگریکردن لە مافەکانی ژنان لە فەرەنسا ناوێك هەڵدەبژێرێ لە دوو لاوە نەرێکار: «نە سۆزانی بوون و نە کۆیلەیی[1]» و دابەزاندنیان بۆ سۆزانی و لەشفرۆش هەمان

1ـ بزووتنەوەی «نە سۆزانی و نە کۆیلەیی» (ni putes, ni soumises) ساڵی 2001، لە سەردەستی چەند ژنێکی گەنجی موسوڵمان بەهۆی ناڕەزایی دەربڕین لە کوشتنی کچێکی لاوی کۆچبەر، کە لە لایەن پیاوانی بنەماڵەیەکەوە بە بیانووی پێملنەبوون =



گۆڕانی ئەو ئازادیەیە، کە ژنان داوای دەکەن. وانییە، کە تەنیا دوو رێگا بوونی هەیەو کەی یەکێکیمان رەتکردەوە، ناچار دەبێ ئەویدی پەسەند بکەین، چونکە رێبازو رێگایەکی دیکە واتە رێگای سەربەستی، مرۆڤگەرایی و یەکسانی ئاوەڵاو کراوەیە. هەنووکە هەندێ لەو رێبازانە دیاری دەکەین و لێکیان دەدەینەوە.

= سووتێندرا، رێکخرا. ئەم ژنە گەنجانە بە رێپێوانی هێمانانە لە شارە گەورەکانی فەڕەنسا، سەرنجی رای گشتییان بەرەو ئەو گوشارە فرە چەشنانەی لە بنەماڵە نەریتییە کۆچبەرەکاندا دەکەوێتە سەر کچان و هەروەها توندوتیژی و هەندێجار تاوانەکان راکێشا. ئەم کۆمەڵە توانییان لە 8ی مارسی 2002 زیاتر لە سی هەزار ژن لە پاریس کۆ بکەنەوە. پاش ئەم سەرکەوتنە، بزووتنەوەکەیان بە شێوەی رێکوپێك دەستی بە چالاکی کردو ئێستا تۆڕێکی بەربڵاو لە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان، یارمەتیدان، بەرگریکردن، فێرکاری و پشتیوانی لە ژنان و کچانی چەوساوەی لە فەڕەنساو بە تایبەت لە گەڕەك و ناوچە کۆچبەرنشینەکاندا پێکهێناوە. و.ف

# 3

# سەربەستی

دەستپێك و سەرەتای ئەو سەرەوژێربوون و کەولاوکەولییەی ئەندێشەی ڕۆشنگەری هێنایە ئارا دوو بزووتنەوەی هاوڕەوتی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ بوو: یەکەم، رزگاربوون لە نۆرمە سەپێنراوە دەرەکییەکانەو دووەم بەدیهێنانی نۆرمی نوێ و لەلایەن خۆوە هەڵبژێردراو. ژان ژاك ڕۆسۆ دەنووسێ: هاوڵاتی باش هاوڵاتییەکە دەتوانێ «بە پێی پرەنسیپە ئەخلاقییەکانی وەستاو لەسەر داوەریی تایبەت بە خۆ، کردە بنوێنێ». دیدرۆ لە وتارێکدا هاوکات لەگەڵ نووسینی **ئینسکلۆپێدیادا**[1] بەم شێوە وەسفی قارەمانی ئامانجی خۆی دەکات: «فەیلەسووفێکە بە خستنە ژێر پێی پێش داوەری، نەریت، کۆنەخوازی، ڕێکەوتنی هەمە لایەنە، شەرعییەت و بە کورتی هەموو ئەوانەی جەماوەرو کۆمەڵانی خەڵك دەبەزێنن، بوێری بیرکردنەوە بە خۆی دەدا». ئەم فەیلەسووفە نایەوێ گوێڕایەڵی بێ ئەملاو ئەولای چ مامۆستاو پیرێك بێت و بەردەوام هەوڵ دەدا بنەمای کارەکانی خۆی بەپێی رای هەمووان واتە هەست و تواناکان دابمەزرێنێ. کانت کۆتایی سەدەی هەژدە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە یەکەم پرەنسیپی ڕۆشنگەری بێگومان سەربەستییە: «بوێرە عەقڵ و فامی خۆت بەکار بێنی! ئەمە دروشمی ڕۆشنگەرییە». «سەربەخۆبوون لە بیرکردنەوەو راماندا، چەشنی تەوەرێکی ڕێنیشاندەر، هەمان ڕۆشنگەرییە».

---

1. Encyclopedie



دیدرۆ هەروەها دەڵێ: هەموو واقیعەکان «دەکەونە بەر رەخنە». کۆندۆرسێ لە بواری زانستە ئەخلاقی و سیاسییەکاندا پێی لەسەر ئەم خاڵە داگرتووە: «دەبێ بوێری ئەوەت هەبێ هەموو شتێك لێکبدەیتەوەو تاقیبکەیتەوە، هەمووشت بخەیتە بەرباس و تەنانەت فێری هەموو شتێك بیت» و کانتیش دەگاتە ئەو ئەنجامەی «سەدەی ئێمە بە راستی سەدەی رەخنە گرتنەو پێویستە هەموو شتێك بکەوێتە بەر تیشکی رەخنەگرتن». هەڵبەت ئەم گوتە بەو مانا نییە، کە مرۆڤ دەتوانێ دەست لە هەموو نەریتەکان واتە هەموو میراتەکانی هەڵبگرێ، چونکە دۆخی سرووشتی (مرۆڤ) بە دڵنیاییەوە ژیانکردنە لە هەناوی کولتوورێکی دیاریکراوداو کولتوور ـ زمان وەکو رەهەندێکی هەر پڕڕەنگی کولتوور ـ پێشوویان بەجێیان هێشتووە. هەروەها ئەو بۆچوونەی کە دەکرێ بەبێ پێش داوەریکردن، بەڵگە بهێنرێتەوەو بەڵگاندن بکرێ خۆی خراپترین جۆری پێش داوەریکردنە. روونە کە نەریت و سوننەتەکان مرۆڤ شێوەرێژ دەکەن، بەڵام هەر ئەمە بە تەنیا بۆ ئەوەی تەوەرو پرەنسیپێك بە ڕێگەپێدراو دابنێ، یان رستەیەك بە لەسەر حەقبوون وەربگرێ تەواو نییە.

دیارە هەڵبژاردنێکی وەها ئەنجامی سیاسی لێدەکەوێتەوە. هەر بۆیە، لەو رووەوە کە نەتەوە لە تاکەکان پێکهاتووە، کە ئەمانە خۆیان دەست بە رامان و بیرکردنەوە بکەن، سەرجەم نەتەوەکە ویستیاری بە دەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆی دەبێ. وەك دەزانین پرسی سەرچاوەو مەشرووعییەتی دەسەڵاتی سیاسی پرسێکی نوێ نییە و دوو شرۆڤەی بنەڕەتی لە سەدەی هەژدەهەمدا بەرەوڕووی یەك دەبنەوە: بە بڕوای لایەنێك، پاشا تاجی پاشایەتییەکەی لە خواوەند وەرگرتووە ـ جگە لەو نێوەنجانەی دەبێ لە نێوان ئەم سەرچاوەو وەرگرەکەدا رەچاو بکرێت ـ و کەوابوو پاشای پشتبەستوو بە خواوەند، پێویست ناکات لەسەر زەویدا وەڵامی چ کەس و لایەنێك بداتەوەو

خۆی بە تەواوی سەرپشکە. بە بڕوای لایەنێکی دی، کە دەستیان بە فام، سروشت و گرێبەستی سەرەتایی و یەکەمین ڕاگەیشتووە سەرچاوەی دەسەڵات لە نێو خەڵکداو لە نێو مافە گشتییەکان و لەقازانج و بەرژەوەندییە کۆییەکاندایە چونکە خواوەند مرۆڤی ئازاد خەلق کردووەو عەقڵ و ئاوەزی پێبەخشیوە. مۆنتیسکیۆ دەنووسێ: «سەرپاکی ئەو مرۆڤانەی خاوەنی رۆحی ئازادن دەبێ خۆیان بەسەر خۆیاندا حکوم بکەن». هەڵبەت ئەم چەشنە بیرو باوەڕانە بەو مانا نەبوو، کە پاشاکان نەمێنن. باوەڕی زاڵ لەو سەردەمەدا ئەوە بوو، کە لەبەر ئەوەی نایەکدەستی و زۆری و بۆری خەڵك ڕێگرە لە بەردەم چارەی خۆنووسینیاندا، کەواتە دەسەڵاتەکە دراوە بە پاشایەك، کە هەرچەند خاوەن شەرعییەت و دەسەڵاتە بەڵام نابەرپرسیار نییە و دەبێ حوکم و بڕیارەکانی لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی وڵاتدا بێت. ڕێك لەم بارودۆخەدا ژان ژاك رۆسۆی نووسەری کتێبی **پەیمانی کۆمەڵایەتی**[1] دێتە مەیدان. ئەو هەم ڕاشکاوانە باوەڕی بە سەرچاوەی مرۆیی و نەك خودایی دەسەڵات دەردەبڕێ و هەم ڕادەگەیەنێ، کە ناکرێ ئەم دەسەڵاتە بدرێ بەکەسێك بەڵکو تەنیا دەکرێ بسپێردرێتە دەستی کەسێك، ڕاست بەو چەشنەی کارێك بە کارەکەرێك دەسپێردرێ. هەروەها پاشان دەڵێ کەس نابێتە خاوەنی حکومەت بەو مانا کە هەموو ئەو شتانەی خەڵك لە ماوەیەکی دیاریکراودا داویانە بە حکومەت، هەمیشە دەتوانن وەریبگرنەوە. قازانج و بەرژەوەندی هاوبەش واتە تاقە سەرچاوەی مەشروعییەت، لە شتێکدا دەردەکەوێ، کە رۆسۆ ناوی ناوە ئیرادەی گشتی و جەماوەری، کە ئەمیش خۆی لە قەبارەی یاسادا بەدیدەکرێ: «دەسەڵاتی یاسادانان تەنیاو تەنیا هی خەڵکە». ئەگەر ئەو

---

1ـ Du contrat social ئەم کتێبە لەسەر دەستی بەڕێزان ئاوات ئەحمەدو پێشڕەو حسێن لە ژێر ناوی پەیمانی کۆمەڵایەتی کراوە بە کوردی. و.ك



وڵاتەی بە پێی یاسادانراوەکان بەڕێوەدەبرێ بە «کۆمار» نێوزەد بکەین، کەواتە «هەر حکومەتێکی مەشروع کۆمارسالارە». بە گوتەی رۆسۆ خەڵك لەبیریان چۆتەوە، کە دەسەڵات، تەنانەت ئەو کاتەی بە هۆی پاشاوە کارا دەکرێ ـ تەنیا هی ئەوانەو کەوابوو بۆیان هەیە هەر دەم و لە هەر ساتەوەختێکدا وەریبگرنەوە. چەندساڵ دواتر، لە یەکێك لە کۆلۆنیالەکانی بەریتانیادا، خەڵکانێك لەم بەڵگاندنانە ئەنجامێك دەردەکێشن، کە بەرەبەرە لەلایەن هەمووانەوە دێتە پەسەندکردن. هەر بۆیە مافی خۆیان لەمەڕ هەڵبژاردنی حکومەت ڕادەگەیەنن و بەم شێوە یەکەم کۆماری مۆدێرن، لەو مانادا، کە رۆسۆ مەبەستی بوو، دێتە بەرهەم، کە نێوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە. پاش چەند ساڵێك کارگێڕانی شۆڕشی فەڕەنساش ئەم ئایدیا داوا دەکەن.

تاکیش وێڕای ئازادی نەتەوە، سەربەخۆیی خۆی بە دەست دێنێ و بێ ئەوەی لە بەردەم دەسەڵات و هێزە پێشوویەکاندا سەردانەوێنێ، بەرەو ناسینی جیهان بەڕێدەکەوێ، ئازادانە ئایینی خۆی هەڵدەبژێرێ و دەبێتە خاوەنی مافی بیروڕادەربڕین لە فەزای گشتیداو دەتوانێ بە پێی مەیل و خواستی خۆی ژیانی تاکەکەسیی ڕێکبخات. هەڵبەت نابێ بڵێین بیرمەندانی رۆشنگەری بە دانی دەورێکی جیاوازو گرنگتر بە ئەزموون و ئاوەز ـ لەچاو نەریتەکان ـ ئەم رەوتە دەگۆڕن بۆ گریمانێك سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ، بە پێچەوانەوە ئەوان باش دەیانزانی، کە مرۆڤ هێندەش بە عەقڵ و ئاوەز نییە. هیوم دەڵێ: «عەقڵ بەندەی هەست و سۆزەکانەو دەبێ هەرواش بێت». هەڵبەت پێشتر پشتڕاستی کردۆتەوە، کە عەقڵ هەمیشە هاوڕێی گەشبینی نییە، تا ئەو ئاستەی «با جیهان سەرپاکی کاول بێت بەڵام دەستی من نەڕوشێ، پێچەوانەی عەقڵ نییە». بەڵێ عەقڵ کەرەستەیەکە دەتوانێ بێ جیاوازی دانان خزمەت بە چاکە، یان خراپە بکات: بۆ نموونە ئەنجامدانی

تاواتێکی گەورە پێویستی بە رامانی قووڵ و لێکدانەوەی عەقڵانی چڕوپڕ هەیە! نابێ ئەوەش لەبیر بکرێت، کە مرۆڤ لەلایەن ئیرادەو مەیل و سۆز و ویژدانێکەوە بەڕێوە دەبرێ، کە چ دەسەڵاتێکی بەسەریاندا نییە، بەڵام بە هەموو ئەمانەشەوە عەقڵ دەتوانێ تیشکێکی گەش بخاتە سەر چالاکی گەڕان لە حەقیقەت و راستی.

کەواتە هەرچەندە سەربەستی دڵخوازو باشە بەڵام تەواو نییە. مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادا لە دایك دەبن و لە کۆمەڵگادا ژیان بەسەر دەبەن و لە کۆمەڵگادا دەمرن و لە راستیدا بەبێ کۆمەڵگا بۆیان نییە بوونەوەرانێکی مرۆیی بن. ئاخێزگەی ویژدانی منداڵ ئەو چاوانەیە لێیدەڕوانن و قسەو هاواری دیتران پێداویستیی زمانی تێدا دەورووژێنێ. تەنانەت هەستکردن بە بوون، کە کەس ناتوانێ چاوی لێداخات بە هۆی هەڵسوکەوت لەگەڵ دیتران دەستەبەر دەبێت. هەر مرۆڤێك کەموکوڕی و ناتەواوییەکی هەیە کە هەوڵئەدا بە پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دوورو نزیك و بە داواکردنی لە سۆزو خۆشەویستییان چارەسەری بکات. رۆسۆ ئەمجارەش بە جوانی باسی ئەم بابەتەی کردووە. بەڵگاندنەکەی لەو رووەوە بەبایەخە، کە خوی لەگەڵ دیتراندا هەست بە ئاسوودەییەکی ئەوتۆ ناکات و حەزی لە تەنیابوونە. بەڵام تەنیاییش شێوازێکە لەم ژیانە گشتییە، کە وازلێهێنانی نەکردەیە «بوون و هەستی هەرە شیرینمان ڕێژەیی و کۆییە و لە واقیعدا «من»ی راستەقینەی ئێمە پڕاوپڕ لە ئێمەدا بوونی نییە. بەڵێ دۆخ و کاروباری مرۆڤ لەم ژیانەدا بە شێوەیەکە هەرگیز ناتوانێ بێ یارمەتی ئەویدی بە باشی سوود لە بوونی خۆی ببینێ». هەڵبەت ئەم گوتە بەو مانا نییە، کە هەر شێوازێکی ژیانکردن لە کۆمەڵگا باش و پەسەند، رۆسۆ بەردەوام لە مەترسییەکانی لەخۆ نامۆبوون لە ژێر گوشاری زەبروزەنگەکان، بیروباوەڕی باو و «خەڵکی چی دەڵێن» ئاگادارمان دەکاتەوە.



ئەوانەی تەنیا لەبەر (قسەی) دیتران دەژین، لە راستیدا «بوون» وازلێدێنن و تەنیا بە تەنگی «دەرکەوتن»ەوەن و خۆنمایشکردن لەبەرچاوی دیتران بە تاقە ئامانجی خۆیان دەگرن. بەم چەشنە «حەزی خەڵك لە بەناوبانگ بوون»، «هەوڵ و ماندووبوونیان بۆ ئەوەی باس بکرێن» و «ئارەزووی قووڵ بۆ خۆ بە جیاوازدانان» دەبێ بەهانەو هاندەری سەرەکییان بۆ ژیان، ژیان و کردارو هەڵسوکەوتێك، کە لە رووی تێکەڵبوون لەگەڵ خەڵکی براوە و لە رووی ماناوە دۆڕاوە.

یەك لە گۆڕانەکانی ئەندێشەی رۆشنگەری دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی ئەم رەوتەو لە بەرهەمەکانی (ساد)دا بەدییان دەکەین، ئەوکاتەی کە دەڵێ تەنیایی نیشانەو دەربڕی حەقیقەتی مرۆڤە. «پرسیارم کردووە ئاخۆ ئێمە هەموومان بە تەنیا لەدایك نابین؟ یاخود هەموومان دوژمنی یەکدی و لە شەڕێکی بەردەوامدا نین؟» (ساد) لەم دۆخە سەرەتاییەوە دەگاتە ئەو ئەنجامەی، کە دەبێ خۆخوازی بکرێتە ڕێسای سەرەکی ژیان: «تاقە شتێك گرنگی پێدەدەم چێژبینینی خۆمە، نامەوێ دیتران لەبەرچاوم بگرم مەگەرو تەنیا ئەو کاتەی بەرامبەر بە دەستێوەردانی نابەجێیان پارێزگاری لە خۆم بکەم». بە راستی چۆن چاو لەم راستییە داپۆشین، کە ئەم رستانەی (ساد)، نەك هەر لەگەڵ رۆحی رۆشنگەری بەڵکو لەگەڵ عەقڵی سەلیمیشدا ناکۆك و ناتەبایە؟ کەی بووە منداڵێك بە تەنێ (بێ دایك) بێتە ژیانەوەو وەکیتر بە تەنیاش درێژە بە ژیان بدات؟ مرۆڤ لەو بوونەوەرانەیە، کە منداڵ و بێچووی گەشەی خێرای نییە و تا دەگاتە کەمینەی سەربەخۆیی پێویست ماوەیەکی زۆری دەوێ و منداڵ بە تەنێ بە هۆی نەبوونی چاودێرییەوە دەمرێ نەك بە هۆی «شەڕی بەردەوام لەگەڵ دیتران». بەڵام نابێ ئەو خاڵەش لەبیربکەین، کە هەر ئەم ماوەی درێژی چاودێریکردنە دەتوانێ هەست و سۆزی نزیکی درووست بکات، کە سەرجەم مرۆڤایەتی پێی ئاشناو راهاتوون.

ئەم بیروباوەڕانەی ساد، سەرەڕای ئەوەی بە تەواوی راستی واقیعەکان دەسڕێتەوەو لەبەر چاویان ناگرێت، لە ماوەی سەدەکانی دواتردا لای هەندێ نووسەر سەرکەوتنی زۆری بۆ خۆی مسۆگەر کرد، ئەوانەی بە یەك دەنگ دەڵێن مرۆڤ لە بنەڕەتەوە تەنیایە (دەکرێ پرسیار بکەین، کە ئاخۆ ئەمانە هەرگیز گەشەو منداڵەکانیان نەدیوە؟). لێرەدا یەك نموونە دێنینەوە: موریس بلانشۆ لە کتێبی **لۆتری ئامۆن و ساد**[1] و ژۆرژ باتای لە **ئۆرتیزم**[2]دا لێهاتوویی بەرزی سادیان راست لەم گوتانەیدا بینیبوو. ئەگەر باوەڕ بە گوتەی بلانشۆ بکەین بنەڕەتی هەموو شتێك لای ساد لەسەر «واقیعی یەکەمینی تەنیایی رەها» دانراوە. ساد بە شێوەو شێوازی جۆراوجۆر ئەم بابەتەی دووبارەو چەند بارە کردۆتەوە: سروشت ئێمەی بە تەنیا هێناوەتە سەر زەوییەوەو چ جۆرە پەیوندییەك لە نێوان مرۆڤەکاندا بوونی نیە ... مرۆڤی راستەقینە دەزانێ، کە تەنیایەو تەنیاییەکەی خۆی قەبووڵ کردووە. باتای، کە ئەم گوتانەی لە بلانشۆ وەرگرتووە بەم شێوە جەختیان لەسەر دەکاتەوە: «مرۆڤی تەنیا، کە ساد وتەبێژیانە، بە چ شێوەیەك گرنگی بە دیتران نادات».

بە گوتەی سادو بە پێی لێکدانەوەی باتای، دەسەڵاتداری خۆی رێك لە نەرێکردنی هەر سووژەیەکی دیدا دەبینێتەوە. «یەکگرتوویی لەگەڵ دیتران دەبێتە لەمپەر بەرامبەر بەو بابەتەی، کە مرۆڤ خاوەنی ئاکارێکی سەربەخۆ بێت». نیگەرانی بۆ دیتران، تەنیا لەترس لە پەسەندبوونی خود بەو شێوەی کە هەیە، سەرچاوەی گرتووە. بە گوتەی بلانشۆ: «(مرۆڤی راستەقینە) هەموو ئەو شتانەی لەودان و وەك میراتی حەڤدە سەدە کۆیلەیی و داماوی، تایبەتن بە دیترانی جگە لە خۆی، نەرێ دەکات». دیارە سەربەستی تاك لێرەدا تووشی زیادەڕۆییەکی وەها هاتووە، کە سەربەستی خۆی وێران و

1. Lautreamont et sade
2. L'Erotisme



کاول دەکات و بە نەرێکردنی مرۆڤەکانی دەوروپشتی تاك و بە نەرێکردنی تاك خۆشی تێکەڵ دەبێت.

نووسەرانی دوو جۆر خواستی سەربەخۆیی گشتی و تاکەکەسی، ئەو سەردەمە نەیاندەزانی، کە لەوانەیە ململانێیەك لە نێوان ئەم دووانەدا بێتە ئارا. چونکە دەسەڵاتداریی خەڵك بە پێی مۆدێلی ئازادی تاکەکەسی نەخشەی بۆ کێشرابوو هەر بۆیە پەیوەندییان پەیوەندییەکی بەردەوام دیار بوو. کۆندۆرسێ، یەکەم کەسە دەنگی مەترسی راگەیاندن هەڵدەبڕێ. ئەو وەکو نوێنەری پەرلەمان هەندێ لە بەلارێدا رۆشتن و تاوانەکانی ئەو دەسەڵاتە دەبینێ، کە خۆی نوێنەرایەتی دەکات. بە ئاوڕدانەوە لە پرس و کاروبارەکانی تایبەت بە ئامۆژەو بارهێنان، لەمەڕ دەستێوەردانی لەڕادەبەدەری دەسەڵاتی گشتی لە بابەتی ئازادی تاکەکەسیدا هۆشداری رادەگەیەنێ. بە بڕوای کۆندۆرسێ، قوتابخانە دەبێ لە هەر چەشنە دزەکردنی بیرو باوەڕە ئایدیالۆژیەکان بەتاڵ بێت: «کە کۆمەڵگا باڵ بەسەر بەرەی نوێدا بکێشێت بۆ ئەوەی باوەڕ بەو شتانە بێنن، کە خۆی مەبەستێتی، ئازادی بیروڕا جگە لە بۆچوونێك نابێت». وەها سیستمێکی فێرکردن، کە قوتابی نەدەتوانێ بە هزرو بیری خۆی بابەتەکان هەڵسەنگێنێ و نەدەتوانێ ناڕەزایی دەربڕێ، کۆمەڵێك «پێش داوەری» دەخاتە زەینییەوە، کە تەنانەت ئەگەر بەرهەمی ئیرادەی خەڵکیش بێت، زاڵمانەیەو لەم رووەوە ئەم فێرکردنە بە «هەڕەشەی نەهێشتنی یەکێك لە پڕ بەهاترین بەشەکانی ئازادی سروشتی» لە قەڵەم دەدرێ. هەر بۆیە دەبێ ئەم پانتاییە لە کارتێکردن و دەسەڵاتی دەوڵەت چۆڵ بکرێت و بەم چەشنە پارێزگاری و پشتیوانی لە توانایی رەخنەگرتنی تاکەکان بکرێت. «ئامانجی ئامۆژەو فێرکردن ناچارکردنی مرۆڤ نییە بە ستایشکردنی یاسا دانراوەکان، بەڵکو بەخشینی هێزو توانای لێکدانەوەو چاککردنەوەی یاساکانە بە سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا».

ئەمڕۆ لەم کەشە هەنووکەییەماندا دەبێ ڕێز لە گەشبینی کۆندۆرسێ بگرین، لەبەر ئەوەی لەم چەند دێڕەدا ئەو شێوازەی دەستنیشان کردووە، کە دەسەڵاتە تۆتالیتێرەکانی سەدەی بیستەم توانییان بە هۆیەوە خەڵکی وڵاتەکەی خۆیان سەرکوت بکەن (من دواتر دێمەوە سەر ئەم باسە). بەڵام پاش نەمان و سەروژێربوونی ئەم دەسەڵاتانە لە ئەوروپا تێگەیشتین، کە جۆرێکی دیکەی گۆڕانی ڕۆشنگەری و ئەمجارە بە پێچەوانەی ڕەوتی پێشوو، وێڕای دواهاتی پڕمەترسی سەریهەڵداوە. بەڵێ تەنیا دەوڵەت نییە دەتوانێ خەڵکی وڵاتێك لە ئازادی بێبەری بکات بەڵکو هەندێ کەسی بەهێزو دەسەڵاتیش دەتوانن دەسەڵاتداریی خەڵك بەرتەسك بکەنەوە. لێرەدا مەترسی نەك لەلایەنی دیکتاتۆرەکان بەڵکو لای کەسانێکەوە دێت، کە هەرچەندد ژمارەیان زۆر کەمە بەڵام ئیمکاناتی ماڵی زۆریان هەیە.

دوو نموونەی کەمبوونەوەی دەسەڵاتداریی خەڵك لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا ڕەچاو دەکەین. یەکەمیان پەیوەندی بە یەکپارچەبوونی ئابووری جیهانەوە هەیە. هەرچەندد هەنووکە دەوڵەتەکان دەتوانن، کەی پێویست بوو بە کەرەسەی جەنگی پارێزگاری لە سنوورەکانیان بکەن، بەڵام بەرامبەر بە وەستانی سەرمایەکان چ دەسەڵاتێکیان نییە. لەم ڕووەوە تاك، یان کۆمەڵە کەسانێك، کە خاوەنی چ بەرحەقبوونێکی سیاسیش نین، دەتوانن بە کلیککردنێکی ئاسایی کۆمپیوتەرەکەیان سەرمایەکانیان لە شوێنێکدا بهێڵنەوە، یان بیگوێزنەوەو بەم کارە وڵاتێك تووشی کێشەی بێکاری بکەن، یان بەر بە ڕوودانی کارەساتێکی مەزن بگرن. بەم چەشنە ئەم کەسانە بۆیان هەیە پشێوی و نائارامییە کۆمەڵایەتییەکان پەرەپێبدەن، یان بیکوژێننەوە. هەرچەندد حکومەتە جۆراوجۆرەکان لە وڵاتێکی وەك فەرەنسا هەموویان لە دابەزینی ئاستی بێکاری خۆشحاڵ دەبن، بەڵام بە چ شێوەیەك حەتمی نییە کە بتوانن بیهێننە دی. لەم هەڵومەرجە هەنووکەییەدا کۆنترۆڵی ئابووری لە



دەستی خەڵکدا نییە و بمانەوێ و نەمانەوێ دەبێ بوونی ئاستەنگییە سەپێنراوەکان بەسەر سەربەستی سیاسی پشتڕاست بکەینەوە.

نموونەی دووەم پەیوەندیی بە بوارێکی بە تەواوی جیاواز، واتە تیرۆریزمی نێونەتەوەییەوە هەیە. ئەو کوشت و کوشتارانەی پەیتا پەیتا بەم دواییانە لێرەو لەوێ دێنە ئەنجامدان کاری دەوڵەتە جۆراوجۆرەکان بە سیاسەتێکی هێرشبەرانەی دیاریکراوەوە نەبووە بەڵکو کاری کەسان، یان کۆمەڵە کەسانێك بوو. پێشتر، تەنیا یەك دەوڵەت ـ ئەویش بەهێزترینیان ـ دەیتوانی کاری تیرۆریستی چەشنی تەقینەوەکانی نیویۆرك، ئەستانبوڵ، مەدرید، یان لەندەن ڕێکبخات، بەڵام ئێستا ژمارەی ئەو کەسانەی دەست دەدەنە ئەم جۆرە کارانە گەلێك زیادی کردووە. ئەوڕۆکە بە هۆی پێشکەوتنە تەکنیکییەکانەوە دەرفەتی درووستکردنی کەرەستەی جەنگی و تەقینەوە بە تایبەت بۆ کەسانی ئاسایی ڕەخساوە، ئەم کەرەستانەش بەردەوام هەم هەرزان دەبن و هەم هونەری بچووککردنەوە یان، گواستنەوەو شاردنەوەیان سانا دەکاتەوە. بۆ وێنە هەندێکی مۆبایل دەبێتە ئامێری تەقینەوەیەکی گەورەو وەك دەبینین یەکێك لە باوترین کەرەستەکان دەگۆڕێ بۆ کەرەستەیەکی جەنگی پڕمەترسی! هەروەك تاوانباران دەتوانن بێ زەحمەتێکی ئەوتۆ خۆیان حەشار بدەن و لە هەر چەشنە کاردانەوەیەکی سەربازی ڕزگاریان بێت چونکە ئەم کەسانە پێچەوانەی دەوڵەتەکان شوێن و جێگایەکی دیاریکراویان نیەو هەرچەندد خەڵکی وڵاتێکی جۆراوجۆرن بەڵام خۆیان بە هاوڵاتی چ وڵاتێك نازانن و لە ڕاستیدا بێ زێدن. بەڵێ دەوڵەتە مۆدێرنەکان بەرامبەر بەم شێوازی یەکپارچەیی جیهانییە، کە دەسەڵاتی ئەوانیش وێران دەکات، هیچ پڕچەك نین.

لەم دەوڵەتانەدا، خەڵك تووشی جۆرێکی دیکە لە تێکدان و سوانەوەی سەربەستییان دەبن، کە لە ناوەوەی کۆمەڵگاوە هاتووەو سەرچاوەکەی نە

دەسەڵات و هێزی دەوڵەتی، بەڵکوو ئەو هێزە پرش و بڵاوانەیە، کە ئەستەمە ناوێکیان لێبنێین. جگە لە گوشاری قورسی ماشێنی ئابووری، کە هەم شێوەی ناتاکەکەسی قسمەت و نەسیب بە خۆی دەگرێ و هەم ڕێگە نادا تاك ئیرادەی خۆی بخاتە گەڕ (بەڕاستی تاك چۆن دەتوانێ تەنیا ڕەوتی زۆربوونی ڕێژەی بێکاری بوەستێنێت؟) چەند هێزێکی دیکەش دەبینرێنەوە، کە هێندەی ئەوان گرژو توندن. بۆ نموونە هەموومان لامان وایە بە تەنیا بڕیاری خۆمان دەدەین، بەڵام ئەگەر سەرجەم میدیا گرنگەکان لە بەیانییەوە تا شەو هەر وەهاو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەواڵێکی تایبەت بە گوێماندا بچپێنن، ئازادیەکی ئەوتۆمان بۆ چوارچێوەدان بە بیرو باوەڕەکانمان نابێت. دەزانین میدیا گشتییەکان ئەوڕۆ لە هەموو شوێنێکدا ئامادەن: چاپەمەنییەکان، ڕادیۆو بەتایبەت تەلەفزیۆن، لەو ڕووەوە، کە هەوێنی بڕیارەکانی ئێمە هەمان هەواڵ و زانیارییانەیە پێمان دەگات بە گریمانکردنی ئەوەی، کە ئەم هەواڵ و زانیارییانە ڕاست بن، لەم حاڵەشدا، هەڵبژاردن، کۆکردنەوەو پۆلێنبەندکردنیان بە شێوەیەکە بەرەو ئەنجامێکی دیاریکراومان دەبات. ئەوەی ڕاستی بێت ناوەندە هەواڵنێرییەکان ئیرادەی گشتی ڕەچاو ناکەن و نابێ لەوەش دڵگران بین، چونکە تاك خۆی ئەبێ داوەری بکات و نە لەژێر گوشاری بڕیارەکانی دەوڵەت، بەڵام بەداخەوە چ شتێك، بێلایەنبوونی ئەم هەواڵ و زانیارییانە گەرەنتی ناکات.

لە هەندێ وڵاتدا ئەگەر کەسێك پارەیەکی زۆری هەبێت، دەتوانێ کەناڵی تەلەفزیۆنی، پێنج، یان دە وێستگەی ڕادیۆیی و ڕۆژنامە بکرێ و بە یارمەتی ئەم وێستگە و کەناڵانە قسەی خۆی بکات تا وەکو بەرخۆران، خوێنەران، بیسەران و بینەران ئەو جۆرەی ئەو دەخوازێ بیر بکەنەوە. لێرەدا قسە لەسەر دیموکراسی نا، بەڵکو لەسەر دەوڵەمەند سالارییە چونکە لەم حاڵەتەا دەسەڵات هی پارەیەو لە دەستی خەڵکدا نییە.



پێویستە بگوترێ ئەم بابەتە تەنیا بۆ هێزو گوشاری پارە نا، بەڵکو بۆ گوشاری ڕۆژانەیی، ڕۆحی سەردەم، یان شوێن دەگەڕێتەوە، ڕۆژنامەوانان نە گوێڕایەڵی دەوڵەتن و نە سەرمایەش ئەوانی کڕیوە، بەڵام بە زۆری هەموویان لەسەر یەك بیروباوەڕ دەڕۆن و لاسایی بەناوبانگترین ڕۆژنامەوانی هاوکاریان دەکەنەوەو لە ترسی ئەوەی بکەونە دەرەوەی مەیدان و بازنەکەوە هەست بە بەرپرسیارێتییەکی هاوشێوە دەکەن. هەرچەندە ئەم دیاردە تازە نییە بەڵام لە جیهانی ئەمڕۆدا ورەو هێزی دە ئەوەندەی جارانە. بینەر، بیسەر و خوێنەر، لایان وایە ئازادانە بابەتەکان هەڵدەبژێرن بەڵام لە واقیعدا گرژ بەوەی وەریدەگرن، خوویان گرتووە ئەو ئومێدو هیوای ئینتەرنێت واتە بڵاوبوونەوەی زانیارییەکان بۆ هەمووان لەلایەن کەسانێکەوە، کە چ کۆنترۆڵێکیان لەسەر نییە، هێنایە ئارا خەریکە بەرەو هیوایەکی پووچ دەڕوات، چونکە نەك هەر زانیاری و هەواڵەکان، بەڵکو دەستێوەردان و گۆڕانی زانیاری و هەواڵەکانیش لە کۆنترۆڵ دەرچووەو بەم چەشنە بەکارهێنەرێکی ئاسایی ئینتەرنێت بە چ شێوەیەك ناتوانێ ڕاست و ناڕاست لێك جیا بکاتەوە. ئەگەر بیروڕای گشتی لە ڕادەبەدەر بەهێز بن بەرەو ئاستەنگکردنەوەی ئازادی تاك مل دەنێن و ئەنجام بە پێڕەوکردنی بیروڕای گشتی کۆتایی پێدێت. ژان ژاك ڕۆسۆ بە هەستیارییەوە گرنگی بەم ڕەهەندەی کۆمەڵگا مۆدێرنەکان دەداو هەر بۆیە ژان ژاك ڕۆسۆ بەخێوکردن و بارهێنانی منداڵ لە تەنیاییەکی ڕێژەیی و دوور لە گوشاری ئایدیا پەسەندکراوەکان ڕادەسپێرێ و دیسان هەر بەم هۆوە بەجێهێشتنی شارە گەورەکان بەباشتر دەزانێ. هەڵبەت هەر ئەوکاتیش ئەم ڕێگەچارە خەیاڵاوی و یۆتۆپیایی دیار بوو. لەوە بە دوا جیهان پێچەوانەی ئەم ڕەوتە بزووت، تا ئەو ئاستەی، کە میدیا گشتییەکان و بە تایبەت تەلەفزیۆن

له شارو لادێ دزەیان کردە فەزای تاکەکەسییەوە، منداڵان هەموو ڕۆژ چەند کاتژمێریان لەبەر تەلەفزیۆن بەسەر دەبرد. هەرچەندد تەلەفزیۆن لە ژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی دەوڵەتدا نییە بەڵام بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی و بەڕێوەبردنی کارەکان پێویستی بە پارە هەیە و بۆ ئەم مەبەستەش ریکلام بۆ کاڵاو شمەکە جۆراوجۆرەکان دەکات و بڵاویان دەکاتەوە. تەلەفزیۆن بەو ریکلامانەی نمایشیان دەکات و هەروەها بەو شێوە ژیانەی لە راپۆرت و فیلمەکاندا نیشانی دەدا، مۆدیلێکمان بۆ لاساییکردنەوە دەخاتە بەردەست، بێ ئەوەی هەرگیز روون و راشکاو باسیان بکات ـ لەبەر ئەوەی ئەگەر راستەوخۆ ئەم بابەتانەی دەستنیشان بکردایە ـ لانیکەم هەلی خستنە ژێر پرسیاریشی دەڕەخساند.

ئەندێشەی رۆشنگەری بەرەو پەروەردەکردنی رۆحییەتی رەخنەگرتن رێدەکات و ئەمە پرسێکە بەردەوام دەبێ بەرگری لێبکرێت، بە تایبەت لە دژی ئەو کەسانەی خێرا بەرامبەر بە هەر چەشنە رەخنەیەك بە سکاڵاکردن بۆ دادگە کاردانەوە دەنوێنن. پێویستە ئازادی بیروڕاو لەوانە ئەو ئازادیانەی ئازارمان دەدەن، پارێزگارییان لێبکرێت. ئەم گوتە هەڵبەت بەو مانا نییە، کە هەر رەخنە گرتنێك خۆی لە خۆیدا شایانی ستایشکردن و پێدا هەڵگوتنە. کەوابوو ئەوانەی لە ئازادی رادەربڕین بایەخمەندن، ئەو ئازادیەی لە شوێنەکانی گشتی دیموکراسیکدا بە پێی یاسا بە فەرمی دانراوە روانگەیەکی وەستاو لەسەر بە سووك سەیرکردن و لە ئیعتبارخستنی هەمووان پەسەند بکەن، رەخنە دەگۆڕێ بۆ یارییەکی دۆڕاو، کە جگە تێدابردنی ئامانج و مەبەستە سەرەتاییەکانی خۆی، دەسکەوتێکی دیکەی نابێت. بەڵێ رەخنەی لە رادەبەدەر رەخنە دەکوژێت. لە بیرمان نەچێت لە



نەریتی رۆشنگەریدا، رەخنەگرتن بە یەکەم قۆناغی بزووتنێکی دووانە دەهاتە ئەژمار تێکەڵ لە رەخنەو بونیادنانەوە. رێمۆن ئارۆن لە **بیرەوەرییەکانیدا** بەسەرهاتێك دەگێڕێتەوە، کە کاریگەرییەکی رۆنەری لەسەر قۆناغی لاوێتی ئەو بەجێهێشت. ئارۆن، کە لە پێشکەوتنی نازیزم لە ئاڵمانیای دەیەی سێی سەدەی بیستەم ترسابوو، گەلێك رەخنەی توندی ئاراستەی رووکردەکانی حکومەتی فەرەنسا کرد. رۆژێك یەکێك لە وەزیرانی فەرەنسا بە وردی گوێ لە وتەکانی (ئارۆن) دەگرێ و بەڵێنی پێدەدا بیروڕاو گوتەکانی بۆ سەرۆك وەزیران بگێڕێتەوە. بەڵام پێشتر داوا لە (ئارۆن) دەکات وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە: «ئەگەر جەنابت لە جیاتی ئەو بای چیت دەکرد». ئارۆن لەمەوە دەرسێك فێر بوو، هەر بۆیە بوو بە رۆشنبیرێکی جیاواز[1]. کەواتە گوتاری رەخنەیی بەبێ بەرامبەرێکی ئەرێنی

1ـ با لە زاری ئارۆن خۆیەوە گوێ لە رووداوەکە بگرین: «نوکتەیەکیساڵی 1932، پاش گەڕانەوەی ئیدوارد هەریڤ بۆ وەزارەتی دەرەوە هەموو کات و لە هەر بۆنەیەکدا دێتە زەینمەوەو لەم پەنجا ساڵەدا هەرگیز لە بیرم نەچۆتەوە. ئێمانۆیل ئاراگۆ رۆژێك بردمیە لای یەکێك لە جێگرەکانی وەزارەتی دەرەوە، من دەربارەی بیروڕاکانی خۆم لەمەڕ گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئەڵمان و لە تووڕەیی و هەڵچوونێك، کە هەموو ئەو وڵاتەی داگرتبوو و مەترسی جەنگێك، کە پاش دەسەڵاتداری هیتلەر سەرتاسەری ئەورووپای دەگرتەوە، قسەم بۆ ئاراگۆ کردبوو. وەزیر داوای لێکردم قسە بکەم و منیش تێروتەسەل و بە شێوەیەکی زۆر زانستی، کە بە بڕوای خۆم شایانی ستایش و رێزلێنان بوو، دەستم کرد بە قسەکردن. ئەو زۆر بەوردی گوێی لێگرتم و لە کۆتاییدا ئەویش لێدوانێکی ئاراستەم کرد: «بیرکردنەوەو رامان زۆر گرنگە هەرکە چەند چرکە بێکار دەبم بیردەکەمەوە. بەڕێز وەزیری دەرەوە پیاوێکی ئێجگار لێهاتووە، بیۆێنەیە. کات و ساتێکی زۆر لەبارو گونجاوە بۆ رێبەرایەتیکردنی کاروبارەکان، بەڵام=

بێسوود دەکەوێتەوە.گومانکاری و گاڵتەی گشتگیر تەنیا بە رواڵەتی زانایی دێنە ئەژمارو بە گۆڕانی رۆحی رۆشنگەری لەمپەرێکی بەهێز لەبەردەم کردەو کارەکانیدا ساز دەکەن.

---

=جەنابت کە ئەوەندەباش ئاگاداری گیروگرفتەکانی ئەڵمانی و ئەوەندەش باش قسەیان لەسەر دەکەی ئەگەر بۆ خۆتان لە باتی وەزیری دەرەوە بان چیتان دەکرد؟ نازانم وەڵامەکەم چی بوو ئەگەر بێدەنگ نەبووبێتم، بە هەڵپەهەڵپ و سەرشێتانە وەڵامێکم داوەتەوە، چیم بوو بیڵێم؟

ئەم وانەیەی وەزیر بەم نووسەرە، بەسوود بوو. پازدە ساڵ دواتر لە رۆژنامەی کۆمبا (COMBAT) رۆژێك ئەم پرسیارەم لە ئالبێرت ئۆلوویە پرسی، کە سەروتارێکی رەخنەیی نووسیبوو و تێیدا رەخنەی لە حکومەت گرتبوو «ئەگەر لە باتی ئەو بای چت دەکرد؟» ئەو گوتی: «ئەوە کاری من نییە، ئەو کەسەی دەبێ بیکات لەسەریەتی خۆشی دەستنیشانی بکات ئەرك و کاری من رەخنەگرتنە» ... بیرەوەرییەکان، ریمۆن ئارۆن.

# 4
# لائیسیتی

سەربەستی کۆمەڵگا تەنیا لەلایەن دەسەڵاتی پاشایەتی پشتبەستوو بە حەقی خوداییەوە هەڕەشەی لێناکرێ. لە کۆمەڵگادا گەلێك هێزی بێ ئەژمار بەرەورووی یەکدی دەبنەوە. هەر لە سەرەتای مێژووی ئەوروپاوە راهاتووین لە نێوان دەسەڵاتی دنیایی و دەسەڵاتی رۆحانیدا جیاکاریی بکەین و ئەو کات و ساتەی هەر یەك لەم دووانە لە پانتایی خۆیاندا سەربەست بن و بەرامبەر بە دەستێوەردان لە کاروباری ئەویدی پارێزگاری لەخۆ بکەن، نێوی کۆمەڵگای «لاییك» یان بە وتەی دی کۆمەڵگای «سیکۆلار» دێتە ئارا.

هەڵبەت گریمان دەکرا لەو بەشەی جیهان، کە خاوەنی نەریتی مەسیحی بوو پەیوەندی ئەم دوولایەنە بە هۆی گوتەی عیسا مەسیح، کە گوایە گوتوویەتی ئەم جیهانە مەڵبەندی دەسەڵاتداریی ئەو نییە و گوێڕایەڵبوون بە (فرمان و راسپاردەکانی) خواوەند بە چ شێوەیەك نابێ تێکەڵ بە گوێڕایەڵی سزاربوون بکرێت، پچڕاوە. بە هەموو ئەمانەشەوە، پاش ئەوەی کۆنستانتین ی ئیمپراتۆری رۆم لە سەدەی چوارەمی زایینی، مەسیحییەتی وەکو ئایینی برایەتی راگەیاند، هێدی هێدی خواست و خولیای بەدەستهێنانی هەموو دەسەڵاتەکان سەریهەڵدا. تێگەشتن لە هۆکاری ئەم رەوتە هێند ئەستەم نییە. وەك پاشان گوترا وەکچۆن دەستوورو رێکێتی دنیایی دەسەڵاتی بەسەر جەستەدا هەیە، دەستوورو رێکێتی رۆحانیش گیان و رۆح رێنوێنی دەکات، بەڵام



جەستەو رۆح دوو زاتی لە تەنیشت یەك دانراو نین و لە دەروونی هەر مرۆڤێکدا پێگەیەکیان هەیە. لە روانگەی ئایینی مەسیحەوە رۆح دەبێ جەستە کۆنترۆڵ بکات و هەر لەمەشەوە ئەم ئەنجامە خۆدەنوێنێ، کە نەك تەنیا دەسەڵاتی راستەوخۆ بەسەر رۆحەکان، بەڵکو کۆنترۆڵی ناڕاستەوخۆی جەستەکان و کەوابوو کۆنترۆڵی دەستووری دنیایی دەکەوێتە ئەستۆی دامەزراوەیەکی ئایینی واتە کڵێسا. بەم چەشنە هەریەك لەم دوو لایەنە رکەبەرە بۆ پاراستنی سەربەستی خۆیان تووشی وەسوەسەی دەستێوەردان و پەلاماردانی هەرێمی ئەو لایەنەی دی دەبن.

لایەنگرانی دەسەڵاتی رۆحانی بێسنوور، بۆ پاساوی بەرزفڕینەکانی خۆیان لە ساڵی 1754دا بەڵگەیەکیان تەزویر کرد بەو مەبەستەی لەم کەین و بەینەدا رۆڵی یەکەم بگێڕن، ئەم بەڵگە هەمان **دیاری کۆنستانتین**[1] یان ئەو نامە درۆیینەیە، کە بە پێی ئەو یەکەم ئیمپراتۆری مەسیحی نەك هەر چاودێریکردن لە گیانی بڕواداران بەڵکو دەسەڵاتداری سەرجەم وڵاتانی ئەورووپای رۆژئاوای پێشکەش بە پاپ کردووە. نیوەی دووەمی سەدەی دوازدەی زایینی و لە سەردەمی پاپ ئەلێکساندەری سێهەمدا ئەم خواست و بانگەوازانە لە بەڵگەیەکدا بە ناوی **گشتێتی دەسەڵات**[2] ئاراستە کرا. بە پێی ئەم بەڵگە لەو رووەوە، کە پاپ دوو شێری هێمایین، یەکیان رۆحانی و ئەویدی لە دەستدایەو ئیمپراتۆر تەنیا شێرێکی دنیایی پێیە، کەواتە پلەو پایەکەی سەرتر لە پلەی ئیمپراتۆرە.

بۆمان هەیە لێرەدا لە پرۆژەی «ئایینسالاری، وەکو یەکەم شێوازی گشتێتی دەسەڵات» رامێنین. بریتی لەوەی کە دەسەڵاتی دنیایی دەچێتە خزمەتی پروژەی ئایینییەوە. بەڵام هاوکات لە لایەنی دژبەری ئەم پروژە،

1. Donation de Constantin
2. Plenitudo Potestatis

شێوازێکی دیکە لە گشتێتی دەسەڵات گەشەو پەرەی سەند بۆ ئەوەی کڵێسا بکاتە کەرەستەیەکی وەك دیکەی کەرەستەکان بۆ خزمەتکردنی دەسەڵاتی دنیایی. بەڵێ سەرسەختترین ئیمپراتۆرەکانی ئەوروپای رۆژئاوا ئەم چەشنە روانگەیان گرتەبەر (کە هەڵبەت شێوازی روانگەی کۆنستانتین خۆشی بوو). هەندێجار بەم شێوازە لە روانین دەگوترێ **سزارپاپیزم**.[1] پێویستە ئاماژە بەو خاڵەش بدرێ، کە بەرگ و کەوڵی جۆراوجۆری ئەم روانگە لە راستیدا، دژ بە ئایینسالاری هەڵوێستیان دەگرت نەك دژ بە خواستی گشتێتی دەسەڵات بوەستن: لە راستیدا ئەوەی، کە دەوڵەت لە خزمەتی کڵێسادا بێت یان کڵێسا خزمەتی دەوڵەت بکات، هەریەکیان داوا دەکەن و دەخوازن دەسەڵات بە تەواوەتی بۆ خۆیان بێت و داگیری بکەن. تەنیا شتێکی نەکردە، سەرکەوتنی بنەبڕی یەکیانە بەسەر ئەویدیدا. دەسەڵات و هێزی عورفی و دەسەڵاتی رۆحانی مەسیحی بە درێژایی ئەو سەردەمانەی پێی دەگوترێ رۆشنگەری، هاونشین و هاوژیان بوون و سنووری نێوانیان هێڵێکە دوا جەنگ و خەبات لەوێدا کۆتایی هاتووە. هەریەکیان لە نێو هەرێمی خۆیاندا خاوەن دەسەڵاتداریی رەهان و تاکەکان خاوەنی چ ئازادیەك لە هەڵبژاردنیاندا نین.

لەگەڵ بزووتنەوەی چاکسازیی ئایینی و ئەو دەرفەت و بوارەی ئەم چاکسازییە پێشکەش بە تاکەکانی دەکات، پرس و بابەتەکان گۆڕانیان بەسەر دێت. ئەگەر لادێییەکی سادە دەتوانێ قسە لەگەڵ خودای خۆی بکات، کەواتە دەتوانێ بەرامبەر بە پاپیش بڕوای خۆی دەربڕێ، ئەو پاپەی خۆشی تووشی بەدئایینی دەبێت. لۆتەر یەکەم قۆناغ لای وایە دەسەڵاتی عورفی پێویستە لەسەری رێزی ئەم پانتا بەدەر لە لاقەو دەستتێبردنە

1. Cesaropapisme



بگرێت، کە خواناسان نێوی«پەیمانی ناوەکی»[1] یان لێناوە واتە پەیوەندی لەگەڵ خواوەند، ژیانی دەروونی و ویژدان، هەرچەندە خاوەن دەسەڵات لە بونیادی دەسەڵاتدا چ رکابەرێکی نییە، کەچی دەسەڵاتی بەرەوڕووی ئاستەنگییەك دەبێتەوە، کە هێزو دەسەڵاتی کڵێسا نا بگرە ویژدانی تاکەو تاك بە نیسبەت ویژدانییەوە تەنیا لای خوای خۆی بەرپرسەو دەبێ وەڵامدەر بێت. بەم چەشنە، ئەو هێزە سێهەمەی لێرەدا دێتە ئاراو بەرامبەرکێی پێشووی دەسەڵاتی دنیایی و دەسەڵاتی رووحانی تێکدەدات، هەمان هێزو دەسەڵاتی تاکە. ئەو تاکەی بە تەنیا پەیوەندی خۆی و خودا کۆنترۆڵ دەکات و دەتوانێ دواترو لە دووەم هەنگاودا کۆنترۆڵی ئەو هەرێمانەش بگرێتە دەست کە زاڵێتی و دەسەڵاتی هێزەکانی، پێشتر رزگاریان بووە. کەوابوو سەرەتا، «تاك» تەنیا نێوی ئەو چوارچێوەیە بەرامبەر بە دەستێوەردانەکانی دەسەڵاتی سیاسی، چاودێری و پارێزگاری لە ئەزموونی ئایینی دەکات. بە هەموو ئەمانەشەوە، ئەم چوارچێوە تاکەکەسییە تێروتەسەل دەبێت و بۆ داهاتوو پێویستی بەرگریکردن لێی هەم بەرامبەر بە دەوڵەت و هەم بەرامبەر بە دەسەڵاتی رۆحانی مەسیحی دێتە بەرکار، ئەمە هەمان مانای لائیسیتی مۆدێرنە. مێژووی ئەورووپای مۆدێرن لە سەروبەندی سەرهەڵدانییەوە تا رۆشنگەری، لە ئیراسمۆسەوە، بۆ رۆسۆ، بێگومان مێژووی دابڕانی توندی دامەزراوەی گشتی و دامەزراوە ئایینییەکان و زیاتربوونی ئازادیە تاکەکەسییەکانە. وەك گەلێك کارو کردە بەڵگەن بۆ هەڵکردن و گونجانی ئایینی، دەسەڵاتی دنیایی کڵێسا بێ ئەوەی بەتەواوی بسڕدرێتەوە، سست و لەق دەبێت. لێرەدا ئاماژە بە یەکێك لەم بەڵگانە دەدەین: رۆسۆ ساڵی 1756 بۆ ڤۆڵتەر دەنووسێ: «منیش وەکو جەنابت لەم

1. Actes immanents

بابەتە تووڕەو بێزارم، کە ئیمانی کەسەکان پڕاوپڕ ئازاد نەبێت و کەسانێك ئەو ڕێگە بە خۆیان بدەن و بوێرن دزە بکەنە نێو باوەڕەکانی دیترانەوە، و بیانەوێ کۆنترۆڵی بکەن».

بێکاریا نووسەری نامیلکەیەکە بە نێوی **تاوان و سزاکان**[1] و لە تەمەنی 26 ساڵاندا بڵاوی کردەوە. ئەو لەم نامیلکەدا ئێجگار وردبینانە لە نێوان تاوان و سزادا جیاکاری دەکات و هەر ئەم جیاکارییە ئەگەری رزگاربوونی کارو کرداری دادگاکان لە چوارچێوەی ئایین دەستەبەر دەکات. یاساکان تەنیا سەروکاریان لەگەڵ پەیوەندی کۆمەڵایەتی کەسەکاندا هەیەو بەزاندنی سنوورو ئاقارەکانیشی چ پەیوەندییەکی بە ئامۆژەی ئایینەوە نییە. گوناهەکانیش ناچنە خانەی یاساوە. بەم جۆرە هاوڕەوتبوونی ماف و یاساو خواناسی کۆتایی پێدێت.

بێکاریا هەروەها هەڕەشەیەکی دیکەش، کە لە ئازادی دەکرێ ئاشکرا دەکات، کە ئەمجارە نەك لەلایەن کلێساوە (کە نابێ خاوەنی دەسەڵاتی دنیایی بێت) و نەك لەلایەن دەوڵەتەوە (کە نابێ دەست لە کاروباری رۆحانی و مینۆکی وەربدات) بەڵکو بۆ بنەماڵە دەگەڕێتەوە. لە راستیدا بەرپرسی بنەماڵە بۆی هەیە ئەندامەکان بخاتە ژێر رکێفی خۆی و بەم چەشنە لە سەربەخۆییان بۆ بونیادە کۆمەڵایەتییەکان بێبەرییان بکات. لەو رووەوە، کە ئەو تاکەی گەیشتووەتە تەمەن مافی خۆیەتی راستەوخۆ پەیوەندی بە خوداوە بکات، کەواتە دەتوانێ هانا بۆ کۆمار ـ کە تێیدا ئەندامە ـ بەرێت بۆ ئەوەی لەو مافانە بەهرەمەند بێت، کە ئەم کۆمارە گەرەنتییان دەکات. کەوابوو، «رۆحی ئازادی نەك هەر لە گۆڕەپانی گشتی و لە کۆبوونەوەی نەتەوەییدا، بەڵکو لە نێو ماڵەکانیشدا واتە لەو شوێنەی بە جێگەی

1. Des de'lits despeines



بەشێکی بەرچاوی بەختەوەری و بەدبەختی مرۆڤەکان دادەنیشێ، کەشەکە دەتەنێت و باڵی بەسەردا دەکێشێت».

بەم شێوەیە لە دیموکراسیی لیبرالی مۆدێرندا، ئاکاری تاك بۆ سێ بەش دابەش دەبێت نەك وەك پێشوو بۆ دوو بەشی سیستەمی دنیایی و سیستەمی رۆحانی. جەمسەرێکیان پانتایی تایبەتی و تاکەکەسی دەگرێتەوە، کە تەنیا تاك خۆی دەبێ بەرپێوەی ببات بێ ئەوەی کەس رێگەی هەبێت توانج و ئیرادی ئاراستە بکات. لە راستیدا پاش چاکسازی ئایینی ئازادی بیروباوەڕو ویژدان هێدی هێدی بۆ هەموو ئاکارو هەڵسوکەوتە تایبەتییەکان پەرەیسەند. جەمسەری دیکە پانتایی یاساییە، کە تێیدا تاك خۆی لە بەردەم کۆمەڵێك نۆرمی تایبەتدا دەبینێ، کە دەوڵەت گەرەنتییان دەکات، و ئەگەر پشتگوێیان بخات و رەچاویان نەکات بە تاوانبار دەناسرێ. لە نێوان ئەم دوو پانتاییەدا، ناوچەی بەرینی سێیەم واتە ئاقاری گشتی، یان کۆمەڵایەتی بەدیدەکرێ، کە هەرچەندە بە نۆرم و بەهاکان ئاخنراوە بەڵام رووکردی گوشارو ناچارکردنی نییە. لە حاڵێکدا، کە یاساکان دەستوورو سزاکان دادەڕێژن، لێرە تەنیا دانی ئامۆژگاری و سەرکۆنەکردن لە چوارچێوەی گفتوگۆی گشتیدا بە تەواو دەزانن، لەوانە رێسای ئەخلاقی، گوشاری زەبرو زەنگای و رۆحی سەردەمیانەو ئەنجام حوکمی ئایینی (بەم چەشنە دەکرێ بگوترێ ئەم ئاقارە، هەمان شوێنگەی دەسەڵاتی رۆحانی پێشووە). هەرچەندە نەخشەی ئەم سێ ناوچە، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دی و لە خولێکی مێژووییەوە بۆ خولێکی دیکە جیاوازە، بەڵام پێویستی جیاوازی دانان لە نێوانیانداو دیاریکردنی سنوورەکانیان لە هەمووان روونە. ئێستا دەگوترێ، لائیستیی لەسەر ئەم واقیعە دامەزراوە، کە هەرکەس لە ماڵی خۆیدا سەربەست و خاوەن ئیختیارە بێ ئەوەی دەست لە ئازادی دیتران وەربدات. هەر بۆیە هەرچەندە دەوڵەت پانتایی یاسایی کۆنترۆڵ

دەكات بەڵام ناتوانێ ئیرادەی خۆی بەسەر كۆمەڵگای مەدینەدا بسەپێنێ و هەرچەندە كۆمەڵگای مەدەنی پانتایی گشتی داگیر دەكات بەڵام لە كەوشەنی پارێزگاری ئازادی تاكەكاندا بێكەڵك و بێكاریگەر دەبێت. دەوڵەتیش ئازادی و پارێزگاریكردن لە تاك بەرامبەر بە كۆمەڵگای مەدەنی گەرەنتی دەكات. هەڵبەت با بشزانین، كە هەرچەندە هاوكێشەیی نێوان ئەم پانتاییانە كزو لاوازە (بۆ نموونە وەك ئەو مشتومڕەی لەسەر لەباربردنی منداڵ لە ئارادایە، نیشانی دەدات) ئەم هاوكێشەیە بۆ كاركردی بەجێ و پەسنی كۆمەڵگا پێویست و حاشا هەڵنەگرەو پاراستنی ئەركێكە لە ئەركەكانی دەوڵەت. هەنووكە دەگەڕێینەوە سەر ئەو خاڵەی پێشتر خستبوومانە بەرباس، ئەو مەترسییە تازەی بۆ سەر سەربەستی تاك و هەروەها بۆ لائیسیتی كۆمەڵگا لە ئارادایەو كۆندۆرسێ كاتی شۆڕشی فەرەنسا دۆزییەوە. ئەم مەترسییە بریتییە لە هۆگریی دەسەڵاتدارانی دنیایی بۆ دامەزراندنی ڕێبازێكی نوێ، كە بابەتەكەی دەوڵەت خۆی، دام و دەزگاو دامەزراوەكان یان نوێنەرانە، نەك وەك سزارو پاپیزم، ئایینێك بخاتە خزمەتی خۆی. هۆكاری ئەم دۆزینەوەی كۆندۆرسێ لەو سەروبەندەدا زۆر سادەیە، ئەم دۆخە لە سەردەمانی پێشوودا بەدینەكراوە. پێشتر ئامادەیی ئایینی ڕەسمی، دەبوو بە لەمپەری گۆڕانی دەسەڵاتی دنیایی بۆ ئایینێك. وەلاخستنی كڵێسای مەسیحی بواری بۆ سەرهەڵدانی ئەم ئایینە تازە خۆشكرد. بەڵێ ئەوانەی بەنیازبوون مرۆڤ لەژێر ركێفی ئایین ڕزگار بكەن، تووشی ئەم مەترسییە هاتن، كە خۆیان ببنە خزمەتكاری ئایینێكی گرژی دیكە. لەو ساتەوە، كە دەسەڵاتی سیاسی بە خەڵك بڵێ باوەڕیان بەچی هەبێت، لە «ئایینی سیاسی» نزیك دەبینەوە، كە باشتر نییە لەوەی پێشوو. كۆندۆرسێ لەم بارەوە دەڵێ: «ڕۆبسپییەر كاهینەو هەرواش دەبێت». كەواتە یەكەم مۆدێلی زاراوەی «ئایینی سیاسی» لە خولی شۆڕشی فەرەنسا



هاتە ناسین، كە گەلێك لە ئایینی مەدەنی ژان ژاك ڕۆسۆ، كە تەنیا بە مانای بەهاداریی پرەنسیپەكانی ژیانی هاوبەش بوو، جیاوازە.

پێویستە بگوترێ ناوەڕۆكی تایبەتی ئەم هەوڵە نوێیە هێند گرنگ نییە. چونكە هەندێجار لەوانەیە ستایشی ئەخلاقی هاوڵاتیبوون بێت وەك خەونی تاقمێك لە شۆڕشگێڕانی فەرەنسی لەمەڕ نوژەنكردنەوەی سپارتی كۆن، و هەندێجار بە پێچەوانەوە، دەتوانێ بەرزنرخاندنی ڕۆحی دانووستان و بازرگانی بێت و تەنیاو تەنیا دوای سوود بكەوێت، كە بۆ نموونە بازرگانیكردن بە كوێلەكانەوەو نواندنی جەور و ستەم بەرامبەریان، یان دەسەڵاتداری بەسەر نەتەوەو عەشیرەتە بیانییەكان بەرێگەپێدراو دەزانێت. بە هەر چۆنێك بێت پرسی سەرەكی هەمان شێوازی نوێی «گشتێتی دەسەڵات»ە چونكە دەسەڵاتی دنیایی باوەڕە پەسەندەكانی خۆشی دەسەپێنێ، و لە ڕاستیدا وێڕای كۆنترۆڵی قوتابخانەو فێرگەكان، پرۆسەی فێركردن، كە چاوەڕوان دەكرا ئازادی لەگەڵ خۆی دێنێ، دەگۆڕێ بۆ كەرەستەی گوێڕایەڵبوونی تەواو و حەتمی. جگە لەمە، دوابڕیاری سیاسی وەكو پرەنسیپی دۆگمی لە گۆڕان نەهاتوو و، یان خراپتریش وەكو حەقیقەتی زانستی، دەنوێنێ و لەگەڵ كۆنترۆڵی هەواڵ و زانیارییەكان وەها كار دەكات «هاوڵاتییان هەرگیز فێری شتێك نەبن، كە دژ بەو بیرو باوەڕانە بێ ڕێبەران رایان لەسەریەتی». ئەو تاكانەی بەم چەشنە كۆنترۆڵ دەكرێن لایان وایە بە ئازادی تەواوەوە ڕەفتاردەكەن، كەچی بە كردەوە بەرنامەی گەڵاڵە بۆ داڕێژاو و نەخشەكێشراوی دەسەڵاتداران جێبەجێ دەكەن.

كۆندۆرسێ گەڵاڵەیەكی بەرنامە داڕێژراوی كارەساتاوی دەخاتە پێش چاوی خوێنەر: گریمان «كۆمەڵێك كەسی نەترس و دوو ڕوو» دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست و هاوكاری تۆڕی ناوچەیی سەرتاسەری وڵاتیان لەگەڵە. ئەمانە دەتوانن سەرچاوەكانی هەواڵ و زانیاری چنگ بخەن و ئەنجام «ئەو

خەڵکانەی لەبەر کەمیی فێرکاری، بێ پشتیوان تەسلیمی تارمایی ترسناکی ترس بوون، متمانەیان پێ دەبەستن. ئەم کۆمەڵە دەسەڵاتدارە، وەکو خۆیان بە یارمەتی یاریی دڵڕفێنی و هەڕەشە، «لە ژێر پەچەی ئازادی» (بە نێوی ئازادی)ی ئێمەوە، زەبروزەنگێك دەخەنە گەڕ ئێجگار بەتەوژمترو کاراتر لە زەبروزەنگەکانی پێشوو.

ئەم گشتێتی دەسەڵاتە لەو رووەوە ئەگەری سەرهەڵدانی پڕڕەنگتر لە پێشوویيانی رەخساوە، چونکە گۆڕەپانی ئایینی سیاسی نوێ سەرجەم بوونی دنیایی مرۆڤەکانی گرتۆتەوە. ئایینی سوننەتی مەبەستی بوو ویژدان و باوەڕی تاك ـ یان بە بەکارهێنانی راستەوخۆی دەسەڵاتی دنیایی و یان بە دانی ئەرکی ناچارکردن و گوشار بۆ سەر دنیایی ـ کۆنترۆڵ بکات بەڵام ئایینی سیاسی دەتوانێ راستەوخۆ ئاگای لە هەموو شت بێت و رووگەو لایەنی هەموو شتێك دیاری بکات. ئەنجام ئەو ئازادیەی کۆندۆرسێ بەرگری لێدەکات، تەنیا ئازادی ویژدان و باوەڕ نییە بەڵکو وەك بێنجامین کۆنستانی خوێنەری وردبینی بیرەوەرییەکانی کۆندۆرسێ پاش پازدە ساڵ دەڵێ: بێگومان سەرپاکی ئازادیە مۆدێرنەکانە. لەراستیدا یۆنانی و رۆمییە کۆنەکان چ دەرك و تێگەشتنێکیان بۆ ئەم جۆرە ئازادیانە نەبوو، جگە لەمەش لایان وانەبوو، کە دەبێ بەرامبەر بە نوێنەرەکانی خۆی بەرگری لە تاك بکرێت. بەم چەشنە لەبەر ئەوەی هەرێمی نوێ گەلێك بەرفراوانتر لە هەرێمی ئایینی پێشوو بوو، ئەنجام ئەو هەرێمەی تاك پێویستە بەرگری لێبکات بەرین و بەربڵاوتر دەبێت. هەرچەندە ئەو ترسەی لەسەر دەستی ژاکوبنی پاش شۆڕشی فەڕەنسا کەشەکەی داگرتبوو، بە یەکەم دەرکەوتنی «ئایینی سیاسی» دەژمێردرێ، بەڵام سەدو بیست ساڵ دواتر نیگەرانییەکانی کۆندۆرسێ لە خراپترین شێوەدا کەوتە روو. پاش یەکەم جەنگی جیهانی چەندین دەسەڵاتی سیاسی نوێ لە ئەوروپا دامەزران، کە



دەقاودەقی وێنای کۆندۆرسێ دەهاتنەوە. ئەم رژێمانە بریتین لە کۆمۆنیزم، فاشیزم و نازیزم. لەوانەیە ئەوکات فۆرمۆلەکانی کۆندۆرسێ لە بیرکرابێتن، بەڵام هەر لەو ساڵانەی دەیەی بیستی سەدەی رابردوودا هەندێ توێژەری کونجۆڵ پەنجەیان خستە سەر هەندێ تایبەتمەندی، کە خۆیان ناوی «ئایینی سیاسی» یان لێنابوو. لە نێو ئەم توێژەرانەدا ـ کە لە رۆژنامەنووسانی کاتۆلیکی ئیتالیایی و ئەڵمانی بۆ نووسەرانی کتێبی بنەڕەتی وەك ئێریك ڤۆژۆن و، یان نووسەرانی وتاری پڕماناو درەوشاوەی وەك ریمۆن ئارۆن پێکهاتوون ـ دەبێ بە تایبەت باسی والدومارگۆریانی یەهوودی رووسی بکەین، کە پاشان هاتەسەر ئایینی کاتۆلیك. ئەو سەرەتا لە ئەڵمان دەژیاو دوایی چووە سویسرا و پاشان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان گیرسایەوە، هەر لەو ساڵانەی دەیەی بیستەمەوە دەستی دایە نووسینەوەی بەراوردکارانەی تۆتالیتاریزمە ئەوروپییەکان.

گووریانیش وەك توێژەرانی دی، دژوازیی نێو هەناوی ئەو ئامۆژە ئاشکرا دەکات، کە خۆی بە ناوی «ئایین»ەوە دەناسێنێ و جارێك روون و راشکاو خۆی بە جیاواز لە ئایینە نەریتییەکان دادەنێ و جارێك ـ چەشنی کۆمۆنیزم ـ بە توندی دەبێتە بەرهەڵستکارو دژبەری ئایین. هەر بۆیە پێشنیار دەکات سەر ناوی «ئایدیۆکراسی»[1] لە بزووتنەوەی ئەوروپی ـ ئاسیایی هاوسەردەمی خۆیان ـ واتە رووسی کۆچبەری خاوەن رۆحییەتی دژە ئەوروپایی ـ بە قەرز وەربگرن، بۆ ئەوەی بتوانن هەم ئایینی سیاسی نوێ و هەم ئایینە سوننەتییەکانی تێدا بگونجێنن. هەڵبەت ئەم جیاکاریکردنە ئەوەمان لێ ناشارێتەوە کە ئامۆژەکانی تۆتالیتاریزم لە هەندێ تایبەتمەندیدا وەك ئامۆژە ئایینییەکان دێنەوەو ـ ئەو خاڵەی زۆر بە

1. Ideocratie

لامانەوە گرنگە ـ هەموویان خوازیاری نەمانی لائیسیتین، کە بە درێژایی چەندین سەدەو بە هێواشی و بەرەبەرە پێکهاتبوو. ئەم تەوەرە تازە، وەك کۆندۆرسێ پێشبینی کردبوو، هەم لەگەڵ ئایین سالاری (تیۆکراسی) و هەم لەگەڵ سزارۆ پاپیزم لەم خاڵەدا جیاواز بوو، کە هەردوو شێوازی بابەتی رۆحانی و بابەتی دنیایی جیاوازی دوو چوارچێوەکەیان رادەگرت و تەنیا داوای پێملبوونی یەکێکیان دەکرد بۆ ئەویدی لە حاڵێکدا ئایینی سیاسی نوێ ئەم حاڵەتی جیاوازییە دەسڕێتەوەو، یان پیرۆزکردنی دەسەڵاتی سیاسی خۆی بە شێوەی دەوڵەت، خەڵك یان حیزب دەسەپێنی و یان پیرۆزکردنی ئەو رژێمەی ئەم دەسەڵاتە سیاسییە پەسەند دەکات (لەوانە، فاشیزم، نازیزم، کۆمۆنیزم) و یان ناچار بە گوێڕایەڵبوون و پەراوێزنشینی دەکرێن (وەك فاشیزم و نازیزم). هەڵبەت لە هیچ حاڵەتێکدا نێوەنجی جیاواز بۆ پیرۆزکردن و بابەتی پیرۆز نامێنێتەوە، چونکە لەمە بەدوا ئەم دەورە بە دەسەڵاتی سیاسی دەسپێردرێ.

ئەگەر دەسەڵاتی رۆحانی دۆڕاو توانیبای لە نەهێشتن و سڕینەوەی تەواو دەرباز بێت، رەنگە توانیباشی دەورێکی هاوکێش و هێورکەرەوە ـ هەرچەندد لاواز ـ بگێڕێت، بەڵام لێرەو لەم دۆخەدا نەکردەیە، چونکە قسە لەسەر جێنشینییە نەك گوێڕایەڵی، گووریان دەڵێ: «ئەو وزە و هێزانەی پێشتر لە ئاییندا هۆکاری ئاسوودەیی و خۆشی خۆیان دەدۆزییەوەو هێزی پاشاو کاربەدەستی بەساڵاچووی زاڵمیان بەرتەسك دەکردەوە، هەنووکە ئەو هێزە هاندەرانە پێکدێنن، کە لە پشتەوە یاخود لە نێو رژێمە تۆتالیتێرە نوێیەکاندا چالاکن. بەم شێوە ئایدیالۆژیاکانی تۆتالیتێر لە باتی ئایین دادەنیشن و جێگەی دەگرن». هەنووکە بۆمان دەلوێ بە هۆی ئەو گەشبینییەی بە تێپەڕبوونی کات پێمان بەخشراوە، روونتر رابمێنین و بڵێین رژیمە تۆتالیتێرەکان لە یەکەم قۆناغەوە واتە «ئایین سالاری» کە حیزب



تێیدا دەوڵەت کۆنترۆڵ دەکات بەرەو قۆناغی دووەم، کە هەمان «سزاروپاپیزم»ە کە حیزب لەودا دەچێتە خزمەتی دەوڵەت، کشاون. لە هەر دوو قۆناغ و حاڵەتەدا، ئەم جۆرە تازە لە پێکگەشتن و ئاوێتەیی دەسەڵاتی دنیایی و دەسەڵاتی رۆحانی، وێڕای جەختکردنەوە لە ترس و نیگەرانییەکانی کۆندۆرسێ، ئازادی تاکەکەسی ـ کە لائیسیتێ گەرەنتی دەکات ـ لە بنەوە هەڵدەکێشرێ و لە هەمیشە زیاتر کاڵ دەکرێتەوەو هۆکارەکەشی راست زاڵێتی تۆتالیتێرە.

وەك دەزانین کۆمەڵگای سێکۆلار دوژمنی زۆرە. دوژمنەکانی لە قۆناغی رۆشنگەریدا نوێنەرانی کڵێسای دامەزراو و بەسەقامی ئەم خولەن کە ئیلهامیان لەم رستە هێماییانەی بۆسۆئە وەردەگرت: «چون من بە رێگەی حەقدا دەڕۆم و ئێوە لەسەر رێگەی ناحەقن، کەواتە دەتوانم و حەقم بەدەستە سەرکوتتان بکەم»، رستەیەك، کە پردێکی بەردەوامبوونی بەهێز لە نێوان جیهانی مینۆکی (ئەو شوێنەی رەنگە حەق و ناحەقی تێدا بدۆزرێتەوە)و جیهانی ماددی (کە ئەگەری کردەوەی سەرکوتکردنی تێدایە) دروست دەکات. بووناڵدیش پاش شۆڕشی فەرەنسا بەرگری لەم باوەڕە دەکات کە هەڵکردن و سازان تەنیا شیاوی پرسی کەم بەهایەو بە نیسبەت پرسە پڕبەهاکانەوە دەبێ مل بە حەقیقەتی پرەنسیپە بنەڕەتییەکان بدرێ. بەڵێ لە رژێمە تۆتالیتێرەکانیش تەوەری لائیسیتێ گەڵاڵە دەکرێ و کۆمەڵگا بە تەواوی و پڕاوپڕ لەسەر فەرمانی دەوڵەت دەبێت.

لە راستیدا سەرجەم کۆمەڵگا هاوچەرخەکانی رۆژئاوا شێوازی جیاجیای لائیسیتێ بەکاردێنن، بەڵام لە دەیەی نەوەدی سەدەی پێشوو بەملاوە، سەرهەڵدانی ئیسلامیزم بەرەو مشتومڕ و پرسیاری بردووە. بانگەشەو برەودان بە رەوایەتییەکی بونیادگەرایانە لە ئایینی ئیسلام، بۆ هەندێ وڵات دوو دەرەنجامی گرنگ و گرێدراوی یەکدی هێناوەتە بەرهەم، کە بریتین لە: یەکەم، کردەوەی

تیرۆریستی، کە مەبەستی تایبەتی پێکانی لائیسیتێ نییە، و گوێڕایەڵی ژنان، کە لائیسیتێی مەبەستە. هەڵبەت پێویستە بگوترێ دووەم کارکرد واتە گوێڕایەڵی ژنان تەنیا تایبەتی ئیسلام نییە، چونکە دەکرێ لەو جوگرافیا بەرفراوانەدا، کە ئاقاری مەدیتەرانەو سەرتاسەری رۆژهەڵاتی ناوین دەگرێتەوە، بەدیبکرێ و ئاگامان لەوەش هەیە کە لەم پانتاییە ناوبراوەدا، گەلێك ئایینی جۆراوجۆر بوونیان هەیە. کەچی، لە ئەورووپای هاوچەرخ، نایەکسانی ژنان بە تایبەت لەلایەن هەندێ لە نوێنەرانی ئیسلامەوە داوا دەکرێ. دەبێ سەبارەت بەمانە بڵێین دەیانەوێ بەگۆڕانێکی رووکەشی و زمانگەرا بۆ دەقە پیرۆزەکان پاساوێك بۆ دەسەڵات و زاڵێتیی پیاوان ـ باوك، برا، یان مێرد ـ بەسەر ژناندا بە دەستەوە بدەن و هەوڵدەدەن لەو ئازادیانە بێبەرییان بکەن کە ژنانی دی واتە هاوڵاتیانی ئەو وڵاتە لێی بەهرەمەندن. کەواتە دەردەکەوێ ئەو هەڕەشەی پێشتر بێکاریا باسی کردبوو، لێرەدا دەبێتە واقیع.

دواهاتی ئەم لێکدانەوە، هێشتنەوەی ئایینی کچێنی و وەفادارییە بە هەر ناوێکەوەو کەوابوو بێبەریکردنی کچانی گەنجە لە جەستەی خۆیان، رێك وەك یاساخکردنی کارکردنی ژنانی مێردار لە دەرەوەی ماڵ و یان تەنانەت چوونە دەرەوە لە ماڵ و ئەوەی، کە لە دەرەوە پیاوانی دی بیانبینن. خراپتر لەمەش، بە هۆی هەر جۆرە لادانێك لە رێساکان لە ژنان دەدرێ و بە گوتەی هەندێ لە نوێنەرانی ئەم ئیسلامە بونیادگەرا وەها کارێك لێدان هاوئاسۆی حوکمە ئایینییەکانە. هێشتا بیروڕاکانی هانیرەمەزانی بەڕێوەبەری بنکەی ئیسلامی لە ژێنێڤ لە بیر نەچووەتەوە، کە حوکمی سەنگسار بەردباران حوکمێکی شەرعی و زۆریش ئاسایی و دادوەرانەیە چونکە «سزای سەنگسار لەبەر تاوانی زینا بە مەرجێك چوار شایەتی عەینی ئەم تاوانە بەدیبکەن، دەبێ جێبەجێ بکرێت». بە راست ئاخۆ ئەوانەی بەم شێوە بیر دەکەنەوەو ناوێرن راشکاوانە دەریببڕن، زۆرن؟ ژمارەیەك ژنی موسوڵمان بۆ لەقاودانی



ئەم دۆخە هەستاون. لە فەرەنسا ئەنجومەنی «نە سۆزانی و نە کۆیلە» لە رێگەی ئەم خەباتە تایبەتەدا هەنگاو هەڵدەگرێ. ئەم ئەنجومەنە سەرەتا رێپێوانێکی گەورەو گشتی سازکرد و دواتر ساڵی 2002 مانیفێستێکی بڵاوکردەوە تێیدا هاتووە: «نە سۆزانی و نە کۆیلەکان، بەڵکو تەنیا ئەو ژنانەی دەیانەوێ سوود لە ئازادی خۆیان ببینن بۆ ئەوەی خواستی دادوەرییان رابگەیەنن». هەرچەندد زانایانی ئایینی رەسمی، راشکاوانە دان بە گوێڕایەڵی ژناندا نانێن و لە راستیدا بنەماڵەکان پێ لەسەر ئەم بابەتە دادەگرن بەڵام ئەمان لە دەقە پیرۆزەکاندا مەشرووعییەتی هەرێمە یاساخەکان (بۆ ژنان) دەدۆزنەوە. بەم چەشنە ئازادی ئەم ژنانە و ئەنجام یەکسانی سەرجەم ئەندامانی بنەماڵە بەرتەسك دەبێتەوە. عەیان هێرسی عەلی[1]، ژنێکی بەرەچەڵەك سۆماڵییە و لەسەر ئایینی ئیسلام پەروەردە کراوە، هەنووکە لائیك و نوێنەری پەرلەمانی هۆڵەندە، پێش چەند ساڵێك بۆ یارمەتیدان و بەرگریکردن لەو ژنانەی لێیان دراوە، یان و ئەندامێکی جەستەیان بڕاوە، کە بە ناوی پرەنسیپگەلی وەرگیراو لە ئیسلامەوە وایان بەسەر هاتووە، تێدەکۆشێ. ساڵی 2004 دروستکردنی فیلمێك بە پێی کتێبەکەی ئەو بە نێوی **تەسلیم**، بووە هۆی کوشتنی تێۆ ڤان گۆگ[2]ی دەرهێنەری فیلمەکە. هێرسی عەلی لەلایەن خۆیەوە گوێڕایەڵبوونی تاك بۆ بڕیارو حوکمی کۆمەڵانی وەك موسوڵمانانی بونیادگەرا رەتدەکاتەوە و خوازیاری ملکەچبوونی هەموو هاوڵاتییانە بۆ یاساکە. ئەو دەڵێ: «ئازادی تاکەکەسی و یەکسانی پیاو و ژن» نەك «ئیختیارێك بۆ هەڵبژاردن» بەڵکو «بەهای جیهانی»ن کە لە یاساکانی وڵاتەکاندا بەرچاو دەکەون. بەڵێ لە

1. Ayaan Hiris Ali

2. Theo Van Gogh

دیموکراسییەکی لیبراڵیدا ناچارکردنی ژنان بە گوێڕایەڵی پیاوان بوون و ئەوەی کە ڕێگەیان پێ نەدرێ بە پێی حەزو ئارەزووی خۆیان هەڵسوکەوت بکەن، ناچێتە خانەی بابەتی تەحەمول کراوەوە.

جگە لەم چەشنە بەرپەرچدانەوانە بۆ لائیسیتی دەکرێ گۆڕانی لائیسیتێ بە سادەکردنەوەو سیستەمسازیی لە ڕادەبەدەر باس بکرێت. بۆ نموونە کۆمەڵگای سێکۆلار هاومانای کۆمەڵگایەك دادەنرێ هەر جۆرە پیرۆزییەکی تێدا نەماوە. دەزانین کۆمەڵگای نەریتی بابەتی پیرۆزو ئەو پرەنسیپە بنەڕەتییانەی ڕەنگە دامودەزگاو کەرەستەکانیش بگرێتەوە، پێناسەو دیاری دەکات. بەڵام شۆڕشی فەڕەنسا هەوڵی دەدا پیرۆزی بە خەڵك ببەخشێ و عەشق بۆ نیشتمان دەبوو هەمان دەور بگێڕێت، کە پێشتر عەشق بۆ خودا هەیبوو. ڕژێمە توتالیتێرەکان بەنیازبوون جێگرانی دنیایی بابەتی خوایی ـ وەك خەڵك، حیزب، چینی کرێکار ـ پیرۆز بکەن. بەڵام دیموکراسی لیبراڵی هاوچەرخ، سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵێك ئەرك بۆ هاوڵاتییان دابین دەکات، پیرۆزیان ناکات. هەرچەندد ئەم دیموکراسییانە نابنە لەمپەری بەردەم خەڵك بۆ گەڕان لە بابەتی پیرۆز لە ناوخۆی فەزای تاکەکەسییان ـ یەك هەیە کارو پیشەکەی بە پیرۆز دەگرێ و ئەویدی ڕۆژانی پشوو، یەك هەیە منداڵەکانی پیرۆزن لە لای و کەسێکی دی ئایینەکەی ... ــ بەڵام چ دەزگا، یان کەرەستەیەك پیرۆز سەیر ناکرێ و هەر بۆیە دەکرێ هەمووشت بدرێتە بەر ڕەخنە. تەنانەت ڕووداوی وەك کۆمەڵکوژی جووەکان، یان بزووتنەوەی دژ بە نازیزم، کە لە کۆمەڵگای فەرەنسا وەکو بەهای هەمەپەسەن داوەرییان لەسەر دەکرێ، لە فەزای گشتیدا خاوەن تایبەتمەندیی پیرۆز نین. وەك دەزانین بۆ ئەوەی مەعریفەو ناسین پێش بکەوێت نابێ لە



ئاقارە یاساخەکان بکەوێت و بابەتی پیرۆز ئەو شتەیە کەس بۆی نییە دەستی بۆ بەرێت. بە هەموو ئەمانەشەوە، ئەوەی کە کۆمەڵگای سیکۆلاری ئێمە بە تەواوی بەتاڵە لە بابەتی پیرۆز، لە ڕاست ناچێ. لە واقیعدا دەبێ بۆ بابەتی پیرۆز لەم کۆمەڵگا لە پرەنسیپگەلی دۆگمی و بنەڕەتی و یادگاری و میراتی پێشوویيان نا، بەڵکو لە مافی مرۆڤدا بۆی بگەڕین. پیرۆز لای ئێمە هەندێ ئازادی تاکە وەك مافی بۆ باوەڕ، یان (بێ باوەڕی) بە ئایینێك، کە خۆی هەڵیدەبژێرێ، ڕەخنەگرتن لە دامەزراوەکان و گەڕان لە حەقیقەت بە شێوەی خۆی. پیرۆز، ژیانی مرۆڤەو بەم هۆیەشەوە مافی سزادان بە ئێعدام بە دەوڵەتەکان نەدراوە. پیرۆز، سەرجەم جەستەی مرۆڤەو هەر بۆیە ئەشکەنجەکردن تاوانە، تەنانەت ئەو کاتەی لە بەرژەوەندی دەوڵەتدا بێ، یان خەتەنەکردنی ژنان یاساخە، کە بە نیسبەت ئەو کچانەوە ئەنجام دەدرێ هێشتا خاوەنی ئیرادەی سەربەخۆو ڕای تایبەتی خۆیان نین.

کەوابوو بابەتی پیرۆز لە کۆمەڵگا سیکولارەکان نە لە فەزای تاکەکەسیدا جێگەی چۆڵەو نە لە فەزای یاسایی، بەڵام سەبارەت بە فەزای گشتی دەبێ بگوترێ نە لە ژێر دەسەڵات و زاڵێتی بابەتی پیرۆزدایەو نە هەست بە شپرزەیی باوەڕە جیاوازەکان دەکات، لە ڕاستیدا ڕێسا ئەخلاقی و ئاکارییەکانی بەرو ئەنجامی هاوهەنگاوی گشتی ڕێکی دەخەن. کۆندۆرسێ لەم بارەوە دەنووسێ: «ئەوەی هەر خولێك مانای ڕاستەقینەی مەعریفە و وشیاری دیاری دەکات، ئاوەزی تایبەتی فلان مرۆڤی لێهاتوو نا، بەڵکوو ئاوەزی گشتیی مرۆڤە ڕۆشنبیرەکانە». بەڵێ هەموو بیرو باوەڕەکان هاوتا نین و نابێ ڕەوانبێژی و ئەندێشەی ڕاست بە یەك بگیرێن. لە واقیعدا دەستڕاگەیشتن بە وشیاری و مەعریفە، بە متمانە و پشتبەستن بە دڵ و

ئیشراقی[1] تەنیا یەك کەس بە دەست نایەت، بەڵکو وێڕای دەستەبەرکردنی دوو مەرج ئەگەری بەدیهاتنی دەرەخسێ: یەکەم هەڵبژاردنی «مرۆڤی رۆشنبیر» واتە کەسانی زۆر وریاو وشیارو توانا بە بەڵگاندن و بەڵگەهێنانەوەو دووەم رێنوێنی کردنیان بۆ گەڕان لە «ئاوەزی گشتی»، کە بە دانانیان لە پێگەی گفتوگۆی بەڵگەدار مومکین دەبێت. هەڵبەت وادیارە ئامانجی رۆشنگەری لەم سونگەوە هێشتا دوورە لێمان.

1– ئیشراق چەشنێ شهوودگەرایی عیرفانییە کە لەسەر دەستی سوهرە وەردی لە ئەدەبی فارسیدا دامەزراوە. و.ك

# 5

# حەقیقەت

بۆ روونکردنەوەی تەواوی بابەتی سەربەستی، باشتر وایە لە جیاکاریکردن لە نێوان دوو کردەوەو کەوابوو دوو جۆر گوتارەوە دەست پێبکەین: یەکەم ئەو گوتارەی مەبەستی پەرەدان و پالاوتنی خێرەو ئەویدی ئەو گوتارەی خوازیاری سەقامگیرکردنی حەقیقەتە. بیرمەندانی رۆشنگەری بۆ رزگاربوونی مەعریفەی مرۆڤ و جیهان لە رکێفی ئایین، هەست بە دانانی ئەم جیاکارییە دەکەن. هەر بۆیە ڤۆلتێر سەرنجمان بۆ ئەم راستییە رادەکێشێ، کە ئایینەکان (ئەو باسی «لقەکان» دەکات) چەندین جۆرن کەچی زانست یەکەو یەك جۆرە. کەس گوێی لە لقی جۆراوجۆری بیرکاریزان! نەبووە. ئەم جیاوازییە ـ کە بینین و دۆزینەوەی زەحمەت نییە ـ گەلێك دواهاتی هەیەو ماناکەی بە تایبەتی ئەمەیە، کە خاوەن دەسەلاتە سیاسییەکان، چ ئاخێزگەیان خوایی بێت و چ مرۆیی ـ نابێ چ کاریگەرییەکیان بەسەر ئەو گوتارەوە بێت، کە بە دوای ناسینی حەقیقەتەوەیە، چونکە ئەم دووانە سەر بە جیهانێکی یەکە نین. هیوم سالی 1742 نووسیویەتی «کە سەرجەم مرۆڤایەتی بگەنە ئەو ئەنجامە، کە زەوی وەستاو و بێجوولەیەو رۆژ لە دەوری دەسوورێتەوە، رۆژ سەرەڕای بەلگاندنەکانی ئەوان، هیچ لە شوێنی خۆی ناجوولێ و ئەم ئەنجامگیرییە بۆ هەمیشە هەلەو ناڕاست دەبێت». بەلێ حەقیقەت پەیوەندی بە رای خەلکەوە نییە. کۆندۆرسێ دوا سالەکانی سەدەی هەژدەهەم دەستی دایە



لێکدانەوەو شیکردنەوەی دەرەنجامەکانی ئەم هەلبژاردنە لەمەڕ پرسی پەروەردەو فێرکاری. هەلبەت با فەرامۆشی نەکەین، ئەو دە سال پێش نووسینی **بیرەوەرییەکانی** لەم بابەتە نزیك ببۆوە، واتە ئەو کاتەی بانگی بەرگریکردن لە سەبرو لە سەرخۆبوون و سازان و هەلکردنی ئایینی دەدا. بە تایبەت بۆ بەرگریکردن لە مافی پڕۆتستانەکان بۆ ئەوەی بتوانن وەك کاسۆلیکەکان ببنە مامۆستای قوتابییەکانی خۆیان. بەلام ئەم داخوازییە لەسەر چ بنەمایەك دامەزرابوو؟ لەسەر ئەو واقیعە، کە قسە لەسەر مامۆستایەتی و وانەوتنەوەی ماددەیەکی پەروەردەیی بێت، کە نەك بە ئایین بەلکو پەیوەندی بە زانستەوە هەیە، گرنگ نییە مامۆستاکە لەسەر چ ئایینێکە، «ئەوەندەی سپاردنی پلەی بەرزی رۆحانی بە کەسانی بە بیروباوەڕ جێگەی رێزە، ئەوەندەش گرنگیدان بە بیروباوەڕی مامۆستای فیزیك، یان ئاناتۆمی، گالتەجاڕانەیە». بۆ فێرکردنی تیۆرییەکانی نیوتن گرنگ نییە مامۆستاکە کاتۆلیك بێت، یان پڕۆتستان. بەلام گەیشتن بەم قەناعەتەو پەسەندکردنی دواهاتێکی حەتمیی دیکەش هەیە، کە هەمان ئاوڕدانەوەیە لەو سنوورە روونەی دوو جۆری ماددە وانەییەکان لێکدی جیا دەکاتەوە: لە لایەکەوە، ئایینەکان، یان بە گشتی، باوەڕو بەهاکانن، کە هەموویان بە باوەڕ، یان ئیرادەی تاکەکانەوە پەیوەستن و لایەکی دیکەش تایبەتە بە بابەتەکانی ناسین واتە ئەو چالاکییەی دوا پلەو قۆناغی حەقیقەتە نەك خێر. کەوابوو، فێرکردنی هەریەك لەم دووانە، پەیوەندی بە دوو بواری چالاکی جیاوازەوە هەیە.

کۆندرۆسێ سالی 1791 کاتی نووسینی بیرەوەرییەکانی ناوێکی تایبەتی بۆ هەریەك لە شێوازەکانی پەروەردە دۆزییەوە. لە راستیدا ئەو «پەروەردەی گشتی» بەرامبەر بە «پەروەردەی میللی» دادەنێت و پاشان لەسەر یەکەمیان دەلێ: ئەمە ئەو پەوەردەیە دەقاودەق و هاوتەریبی

کۆماری دێتەوە. پەروەردەی میللی (نەتەوەیی) «سەرپاکی باوەڕە سیاسی، ئەخلاقی، یان ئایینییەکان دەگرێتەوە». و بەم چەشنە رۆحییەی نیشتمان دۆستیی یەکسان بە هەموو قوتابییان دەبەخشێ بەڵام پێچەوانەکەی پەروەردەی گشتییە، کە نەك «باوەڕە پەسند و باوەکان پیرۆز ناکات». و کەسەکان بۆ ستایشی سیستەمی یاسادانانی تەواو و بێکەم و کوڕی ناچار ناکات» بەڵکو فێریان دەکات باوەڕەکانی خۆیان بسپێرنە دەستی «تاقیکردنەوەی ئازاد»، باوەڕەکان بدەنە بەر داوەریکردن و رەخنەگرتن و پێویستیش بوو راستیان بکەنەوە. لە حاڵێکدا کە ئامانجی پەروەردەی نەتەوەیی وەشان و بڵاوکردنەوەی بەها تایبەتەکان خۆیان و بەرزنرخاندنی ئەو شتانەیە بە سوودمەندی دەزانن، پەروەردەی گشتی «حەقیقەتەکانی وەستاو لەسەر بابەتێتی و ژماردن» فێر دەکات، رێگەی دەستڕاگەیشتن بە زانیاری عەینی خۆش دەکات و ئەنجام کۆمەڵێك کەرەستە دەخاتە بەردەستی کەسەکان تاکو بتوانن بە پشتبەستن بە خۆو بەکارهێنانی شیاو و گونجاوی عەقڵی خۆیان بڕیار بدەن». بەڵێ ئامانج، سەربەستی تاك، توانای تاقیکردنەوەی نۆرمەکان بەپێی شێوازی رەخنەیی و ئەنجام هەڵبژاردنی رێسای ئاکاری و یاخود یاساکانی خۆیە، و کەرەسە، دەسەڵاتی توانا بنەڕەتییەکانی زەین و ناسینی جیهانە. تێپەڕین لە منداڵییەوە بۆ گەورەیی لەسەر ئەم رێبازە رێدەکات. بەرگریکردن لە ئازادی تاك، پێویستی بە ناسینەوەی جیاوازی نێوان واقیع و لێکدانەوەو (جیاوازی نێوان) باوەڕو زانست و لە کۆتاییدا جیاوازیی نێوان حەقیقەت و ئایدیالۆژیایە. لێمان روونە بە تیشك خستنەسەر یەکەم دەستەواژەکانی ئەم بەرامبەرکێیەیە، کە خەباتەکە بەرەو سەرکەوتن دەبێتەوەو دیارە ئەم دەستەواژانە لە زاڵێتی و دەسەڵاتی هەر چەشنە خواست و ئیرادە لەوێشەوە لە زاڵێتی هەر دەسەڵاتێك هەڵدێن.



بەڵگاندنی کۆندۆرسێ لە راستیدا دەلالەت دەکاتە سەر دووانەیی گرنگی باسەکەمان: واتە دووانەیی نێوان پانتایی خواست و ئیرادە، کە ئاسۆکەی خێرەو پانتایی مەعریفە، کە رووی لە حەقیقەتە. یەکەمیان، بە شێوەی هێمایین و نموونەیی لە کردەی سیاسیدا دەکەوێتە روو، دووەمیان لە زانستدا. وەك دیارە ئەم دووانە پێڕەوی لۆژیکی جیاجیان و کۆندرۆسێش تا ئەو ئاستە چووە پێش، کە نووسی: «بە گشتی، هێزو دەسەڵات لە هەر سروشتێك بێت، لە دەستی هەر کەسێکدا بێت و بە هەر شێوەیەك پێی درابێت، سروشتییە دوژمنی مەعریفەو ناسین و وشیارییە». هۆکاری ئەم دوژمنایەتییە لای ئەو سادەیە: تاکەکان هەرچەندە وشیارتر ببنەوە زیاتر لە بڕیاردان بە پشتبەستن بە خۆیان بە توانا دەبن و کەمتر حەزیان لەوەیە کوێرانە خۆیان بدەنە دەستی دەسەڵاتەکان: «کەوابوو حەقیقەت هەم دوژمنی دەسەڵاتەو هەم دوژمنی ئەو کەسانەیە دەسەڵات بەکار دێنن». کەچی، هەموو دەسەڵاتەکان هاوتاو هاوکێش نین و حکومەتی باش و دڵخواز ئەو حکومەتەیە لەبەر ئەوەی زیاتر نیگەرانی ژیانی ئاسوودەو هێمنی خەڵکەکەیەتی وەك لەوەی نیگەرانی سەرکەوتنی خۆی بێت، کەواتە پشتیوانی لە پێشڤەچوونی مەعریفەو وشیاری و لەوێشەوە پەروەردەی گشتی دەکات. پەروەردەی گشتیش لە رێگەی ساناکردنەوەی دەستڕاگەیشتن بە حەقیقەت بۆ هەمووان یارمەتییان دەدات، تا سەربەستی خۆیان بەدەست بێنن. هەڵبەت حکومەتێکی لەم جۆرە پارادۆکسیکاڵە چونکە تێلایەك دەداتە دەستی هاوڵاتیان بۆ ئەوەی لە خۆی بدەن، یان لاینکەم دەرفەتی ئەوەیان پێدەبەخشێ خۆیان لە چنگی حکومەت رزگار بکەن. دەکرێ ئەمە بەو دایك و باوکانە بەراورد بکرێ، کە هەوڵ دەدەن منداڵەکانیان سەربەخۆ باربێنن، هەرچەندد دەشزانن سەرکەوتنی منداڵەکان ئەو مەترسییەی هەیە لە دایك و باوکەکان دوور بکەونەوە، یان تەنانەت بێکەڵکبوونی دایك و باوکانی بە دواوە بێت.

حکومەتی زاناو بلیمەت دژایەتی زۆربوون و بڵاوبوونەوەی مەعریفە ناکات، بەڵام دەبێ ئەوەش رەچاو بکرێ، کە لێرەدا رۆڵی کۆتایی پێدێت و نابێ هەرگیز خۆش خزمەتی هەتا ئاستی بەشداریکردن لە پێشڤەچوونی حەقیقەتدا بڕوات، چونکە حەقیقەت پەیوەندی بە خواست و ئیرادەوە نییە. بەڵێ دەسەڵاتی سیاسی نابێ بڕگە دڵخوازەکانی خۆی بە ناوی حەقیقەت پەرە پێبداو لە سیستمی خوێندندا بەکاریان بێنێت. «ئەرکی ئەو هەمان پڕچەککردنی مرۆڤەکانە بە چەکی حەقیقەت بەرامبەر بە هەڵە ـ کە بەردەوام بە خەسارێکی گشتی دێتە ئەژمار ـ بەڵام مافی ئەوەی نیە لەم بارەوە کە حەقیقەت لە کوێیەو هەڵە کامەیە بڕیار بدات». دەسەڵاتی گشتی لە راستیدا دەبێ پێشکەوتنی حەقیقەت لە رووی ماددییەوە دەستەبەر بکات، خەڵك بۆیان نییە سەبارەت بەو شتەی کە حەقیقەت، یان هەڵەیە بیروڕا دەربڕن، پەرلەمان نابێ لەسەر ناوەڕۆك و واتای رووداوە مێژووییەکانی رابردوو دەنگ هەڵبڕێ و حکومەت لەسەری نییە بڕیاری ئەوە بدات، کە چی لە قوتابخانەکان بکرێتە وانەو بگوترێتەوە. ئیرادەی گشتی، یان دەسەڵاتداریی خەڵك لێرەدا دەگاتە ئاستێك، کە هەمان ئاست و سنووری حەقیقەتەو پێویستە بگوترێ حەقیقەت لە زاڵێتی و هێزی ئەم ئیرادە، یان ئەم دەسەڵاتدارێتییە دوورو جیایە. سەربەخۆیی حەقیقەت پارێزگاری لە سەربەستی تاك دەکات، چونکە تاك دەتوانێ بەرامبەر بە دەسەڵات بۆ حەقیقەت بگەڕێتەوە. حەقیقەت لە سەروەی یاسادایەو لەم رووەوە یاساکانی وڵات لە حەقیقەتێکی بەسەقامەوە نەهاتوون بەڵکوو دەربڕو نیشانەی ئیرادەی گشتین، کە بەردەوام لە گۆڕاندایە. گەڕان لە حەقیقەت پەیوەندیی بە راپرسی گشتی پەیوەندی بە گەڕان لە حەقیقەتەوە نییە. دەوڵەتانی مۆدێرن بە جیاکردنەوەی ئاقاری یاسا داڕشتن ـ کە تەنیا



گرێدراوی ئیرادەی خەڵکە ـ لە ئاقاری ئیجرایی، کە چەند هۆکارێکی دیکە لەمدا کاریگەرن ـ لە واقیعدا ئەم تەوەرەیان رەچاو کردووە.

گوزەرانی باشی ژیانی سیاسی لە سیستمی کۆماری و هەروەها سەربەستی هاوڵاتییان لەلایەن دوو مەترسی هاوتاو دژبەرەوە هەڕەشەی دەکرێتە سەر کە بریتین لە خێرگەرایی و زانستگەرا[1] بوون. خێرگەرایی کاتێك دێتە بەرکار، کە خێر بەسەر حەقیقەتدا سەرکەوێ و بابەتە واقیعیەکان لە ژێر گوشاری ئیرادەدا بگۆڕێن بۆ ماددەیەکی نەرمولخێز. زانستگەرایی کەی پێبچێت بەهاکان بە هۆی ناسینەوە سەریانهەڵداوەو هەڵبژاردنی سیاسی بەرگی تەزویری ئەنجامگیریی زانستی لەبەر کردەوە، سەرکەوتوو و زاڵ دەبێت.

کۆندۆرسێ لێهاتووانە سەبارەت بە وەسوەسەکانی خێرگەرایی هۆشداری دەدات. کۆندۆرسێ هەراسان لە جۆش و کەفوکوڵی شۆڕشگێڕانی ئەو کاتی فەرەنسا، کە فەرەنسایان بە سپارتی نوێ دادەنا، جەخت لە سەربەخۆیی زانست و گەڕان لە مەعریفەو وشیاری دەکاتەوە. خولی ترسناکی (تیرۆر)، کە تێیدا هەلومەرجی چاکە چ جێگەیەکی بۆ حەقیقەتی سەربەخۆ نەدەهێشتەوە، وەکو شێوازی زیادەڕۆیانەی خێرگەرایی لە قەڵەم دەدرێ، کە دەرەنجام هێز و سەقامی کۆندرۆسێ تێکشکاندو بڕستی لێبڕی. هەڵبەت لە بیرمان نەچێت کۆندۆرسێ هەمیشەش زانستگەرا نەبووەو هەندێجار کاریگەری دژە زانستبوونی پێوە دیار بوو و هیوای دەخواست

1. Scientism

ئەم وشە بە مانای زانایەتی و رێگای زانستی دێت و بیرو باوەڕێکە دەڵێ: دەکرێ شێوەی لێکۆڵینەوەی زانستی بۆ هەموو جۆرە لێکۆڵینەوەیەك تەنانەت بواری نازانستیش پێڕەو بکرێت. (پێویستە بگوترێ گەلێك جار لە رووی سووکییەوە بەکار دەهێنرێت) لێرەدا مەبەست لەم وشە زانستگەراییەکی زیادەڕۆیانەو رووتە. و.ك

پێشکەوتنی مەعریفە بە تەنیا باشترین سیستەمی سیاسی و هەروەها بەختەوەری کەسەکان دابین بکات.

زانستگەرایی هاوشێوەی ئاموژەیەکی فەلسەفی و سیاسی، کە لەگەڵ مۆدێرنێتی لە دایك بوو لەم پێشنیارەوە دەستپێدەکات، کە جیهان بە تەواوی مەعریفە هەڵگرو لەم رووەوە هاوتەریبی ئەو ئامانجانەی بۆ خۆمانی دیاری دەکەین، لە گۆڕان هاتووە. ئەو ئامانجانەی راستەوخۆ لە ناسینی جیهانەوە دەستکەوتوون: مانای وایە، کە خێر لە حەقیقەتەوە هاتووە. رۆشنگەری باش لە وەسوەسەو کەڵکەڵەکانی زانستگەرایی بە ئاگا بوو و دەکرێ نموونەکەی لە هزرو ئەندێشەی ئەخلاقیی دیدرۆدا بەدیبکرێ. دەزانین دیدرۆ داوای دەکرد ئاکارمان تەنیاو تەنیا پێڕەوی لە یاساکانی «سروشت» بکات. «یاسای مەدەنی و کۆمەڵایەتی تەنیا دەبێ دەربڕی یاساکانی سروشت بێت ... ئەوەی مرۆڤ درووست دەکات و ئەوەی، کە مرۆڤ چییە ... دەبێ ئەخلاقێکی شیاوی بۆ بونیاد بنێت». کەواتە بۆ ناسینی سروشت لە زانست باشتر بۆ یارمەتیدانی مرۆڤ شك نابەین. سەیر ئەوەیە، لە ئەوەی هەیە، لە خۆوە، ئەوەی دەبێ بێت، هەڵدەهێنجرێ. پاش چەند ساڵێك (مارکی دۆساد) سوود لەم بەڵگاندنە دەبینێت بۆ ئەوەی گۆڕانی خۆی بۆ رۆحی رۆشنگەری بە مەشرووع بنوێنێ. «وێرانکەری یەکێکە لە یەکەم یاساکانی سروشت و هیچ کام لەوانەی سروشت وێرانیان دەکات بە تاوان نایەتە ئەژمار». «بەربەستێکی دیکە جگە لە بەربەستی مەیل و خواستەکانتان و یاسایەکی دی جگە داواکارییەکانتان و ئەخلاقێکی دی جگە لە ئەخلاقی سروشتی مەناسن». دیدرۆ و ساد بە شێوەیەك دەدوێن کە مرۆڤ بە تاقی تەنیا دەژی و کارو کردەوەکانی چ کاریگەرییەکی لەسەر مرۆڤەکانی دیکە نییە. ئەم روانین و خوێندنەوە، وا لەم دووانە دەکات سەرپاکی یاسا کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکان بێسوود ببینن.



هەندێ کەس هەر ئەم بەڵگاندنەیان بۆ سیستەمی سیاسی بەکارهێنا.

بە رای (هوولباخ) هۆکاری بەدبەختی مرۆڤ ئەوەیە سروشت ناناسێ و لەم گوتەوە ئەم ئەنجامە دێتە ئارا، کە ناسینی سروشت بۆ بەختەوەری مرۆڤ پێویستە و هەر ئەوەندە بەسە مرۆڤ زانست بەدەستبێنێ بۆ ئەوەی باش ژیان تێپەڕێنێ. کۆندۆرسێ لەم بارەوە دەڵێ: «ناسینی حەقیقەت، بۆ ئەوەی سیستمی کۆمەڵگا لەگەڵی رێکبکەوێت، ئەمەیە تاکە سەرچاوەی بەختەوەریی هەمووان». کۆندۆرسێ، کە بۆ زاڵێتی بابەتی خێر بەسەر بابەتی حەقیقیدا هەستیار بوو، کێشەی نابێت ئەگەر بابەتی حەقیقی «تاقە سەرچاوە»ی بابەتی خێر بێت. ئەو لای وایە کارو کرداری کۆمەڵایەتی نە هەڵگری چ هەڵبژاردنی بەهایەکەو نە هەڵگری چ ئامانجێك، لە راستیدا، ناسین خۆی ئەمانە بەرهەم دێنێت.

هەڵبەت نابێ ئەوەش لەبیر بکەین، کە هەر ئەو سەردەمە نوێنەرانی دیکەی رۆحی رۆشنگەری دژ بەم توخمەی زانستگەراییە وەستان. پێشتر بینیمان مۆنتسکیۆ لەسەر ئەو باوەڕەیە هەر چەشنە بەرزفڕینێ بۆ کۆنترۆڵی سەروبەری جیهان بێسوود دەکەوێتەوە، هەم بە هۆی ئاڵۆزی لەڕادەبەدەری جیهان و هەم لەبەر خەسڵەتی تایبەتی یەك لە نیشتەجێکانی زەوی واتە مرۆڤ، ئەو مرۆڤەی هەرگیز بە تەواوی نایەتە ناسین و پێشبینی ناکرێت، چونکە بۆ دەربازبوون لە هەر جۆرە «جەبرگەرایی»یەك ئامادەیە ـ و بە پێی فڕموولی رۆسۆ ـ بەردەوام توانای «خۆبەدەستەوەدان و خۆدەربازکردنی» تێدایە. خاڵی سەرەتایی رامانی رۆسۆ، کە هەڵوێستی پێچەوانەی ژمارەیەك لە هاوچەرخەکانی خۆی واتە هەندێ ئینسکلۆپێدیانووس و کۆمەڵێك «فەیلەسووف»ی گرتبووە بەر، سڕینەوەی بۆچوونی بوونی بەردەوامی خۆبزێوی نێوان کەڵەکەبوونی مەعریفەکان و تەواوێتی ئەخلاقی و سیاسییە. رۆسۆی ماندوونەناس لە دووپاتکردنەوەی ئەم رستەیە ماندوو نابێ کە «بڵاو

و بەرفرە بوونەوەی رۆشنگەری» لەو رووەوە بۆ «باشترکردنی دۆخی مرۆڤایەتی» تەواو نییە چونکە «دەکرێ زاناو بیرمەند نەبێت، بەڵام مرۆڤ (ئینسان) بێت».

ئەمڕۆ هەمووان برێك لە شێوازەکانی زانستگەرایی، کە گرژ تووشی کوونجکۆڵێیەکانی تۆتالیتێری سەدەی بیستەم بوون، بەرپەرچ دەدەنەوە، بەڵێ هەنووکە نە تێدابردنی رەگەزە خوارەکان ستایش دەکرێ و نە رووخانی چینە کۆنەخوازەکان. بەڵام ئەم واقیعە بەو مانا نیە کە دیموکراسییەکانی هاوچەرخ لە هەموو بەدواهات و جێماوەکانی زانستگەرایی رزگاریان بووە. لە راستیدا زانستگەرایی لێرە لە کەولێکی دیکەدا خۆ دەنوێنێ بۆ نموونە دەکرێ باسی وەسوەسەی سپاردنی (ئەرکی) دارشتن و رسکاندنی نۆرمە ئەخلاقییەکان یان ئامانجە سیاسییەکان بە «لێپرسراوان» بکرێت، چما دیاریکردنی خێر (بابەتی خێر) پەیوەندی بە ناسینەوە هەبێت. نموونەی دیکە پرۆژەی «بایۆلۆژیای کۆمەڵایەتی»یە، واتە توانەوەی مەعریفەی مرۆڤ لە مەعریفەی سروشتداو دامەزراندنی ئەخلاق و ساسیەت لەسەر بناغەی یاساکانی فیزیك و بایۆلۆژیا. دەکرێ لە خۆمان بپرسین بۆچی بایۆلۆژیستەکان (زیندەوەرزانەکان) شیاوترین کەسن بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی تایبەت بە ئەخلاقی کۆمەڵایەتی (ئێتیك) کە لە وڵاتانی رۆژئاوایی پێکدێن؟ ئەم کۆبوونەوانە بە زۆری بە بەشداری دوو گرووپی زانایان و مامۆستایانی ئایینی ساز دەکرێن، چما چ دامەزراوەیەکی سیاسی، یان سەرچاوەی ئەخلاقیی جگە لەمانە بوونی نییە. هەڵبژاردنی لەم چەشنە دواهات و ئاکامی خوێندنەوەیەکی بەستوو و داخراو بۆ فەزای کۆمەڵایەتی، کە بوونی زانیاری بە ئیعتبار بۆ بڕیاردان بە تەواو دەزانێت. ئاماژە بەو خاڵەش گرنگە، کە بەزۆری نە زانیارییە کۆکراوەکان هێند یەکدەستن و نە کارکردە پڕاوپڕ چەندێتییەکان جێگەی رەزامەندین. وەك



رۆسۆ پێشبینی کردبوو بە زۆربوونی لەڕادەبەدەری زانیارییەکان نەك هەر عاقڵتر نابین بگرە زاناتریش نابین. هەنووکە گەشەی سەرسووڕهێنەری کەڵەکەبوون و گواستنەوەی زانیاری مەترسییەکی تازەی هێناوەتە ئارا: زانیاری زیاد لەڕادە دەبێتە هۆی مەرگی زانیاری. ئەوڕۆکە هەر ئەوەندەی پرسیارێك بخەیتە سەر ئینتەرنێتەوە بە هەزاران وەڵامی بۆ دێتە پێش. بە راستی چۆن بزانین کامیان (وەڵامەکان) زیاتر جێگەی باوەڕو پشتپێبەستنن و کامیان رۆشنگەرترن؟ ئاخۆ ویکیپێدیا[1]، ئەو ئینسکلۆپیدیای کاربەرانی ئازادی (ئینتەرنێت) بۆ خۆیان رێکی دەخەن لە چاو ئەو ئینسکلۆپیدیای زانایانی پسپۆڕ دەینووسنەوە باشتر و چڕترە؟ هەڵبەت وەڵام بە مەرجی سڕینەوەی سنوورو ئاقارەکانی خواست و زانایی، ئەرێنی دەبێت.

هەروەها، ناسین و مەعریفە مەرج نییە بە حەتمی رێگەی زانست بگرنە بەر. بۆ دزەکردنە نێو رازە شاراوەکانی ئاکاری مرۆڤ هەندێجار خوێندنەوەی رۆمانێکی گەورە زیاتر لە خوێندنەوەی کتێبێك لەسەر لێکدانەوەی کۆمەڵناسانە کاریگەر دەبێت. کۆمەڵێك بیرمەندی رۆشنگەری باش لەم خاڵە گەیشتبوون، بۆ نموونە (ویکۆ) کە دەیگوت سەبارەت بە هەندێ بابەت، ناسین و بەدەستهێنانی مەعریفە لە رێگەی ئوستوورەو شێعرەوە گەلێك رازاوەترە لەو مەعریفەی تەنیا بە هۆی هزری دەرهەستەوە وەرگیراوە. فرە چەشنبوونی رێگاکانی مەعریفەو نایەکدەستی چۆنێتی زانیارییەکان و شێوازەکانی دەستێوەردانی کۆمەڵایەتی هەریەك بە جێگەی خۆیان، بەرزەفڕییەکانی زانستگەرایی زەحمەتتر دەکەن.

خێرگەرایی ـ لێرە بەو مانایە، کە گەڕان لە حەقیقەت مل بە پێداویستیی خێر دەدات ـ هەرچەندد ئێجگار مێژینەترو کۆنتر لە

1. Wikipedia

رۆشنگەرین و بەتەواوی لەگەڵ رۆحی (رۆشنگەری) ناتەبایە بەڵام هەروا بەسەقام و زیندوو ماوەتەوە. دەکرێ ئەم گیان سەختییە لە فەرەنسا بە باسێکی پەیوەندیدار لەگەڵ نووسینەوەی مێژووی سەدەی بیستەم نیشان بدرێ، کە پێش پازدە ساڵە پەیتاپەیتا سەردەردێنێ و دواجاریش ساڵی 2005 کەوتەوە روو. بە شێوەیەك، کە کۆمەڵێك لە نوێنەرانی پەرلەمان گەڵاڵەیەکی یاساییان لەمەڕ تەفسیری کارو کردەوە کۆلۆنیالییەکانی فەرەنسا و بە تایبەت داگیرکردنی جەزایر پێشنیار کرد. لە بڕگەیەکیدا هاتووە: «بەرنامەی پەروەردەیی فێرگەکان، بەهای تایبەت بە رۆڵی پۆزەتیڤی ئامادەیی فەرەنسا لە وڵاتانی ئەوپەڕی دەریاو بە تایبەت لە ئەفریقیای باکوور دابنێت و بەرزی بنرخێنێ». ئەم یاسا 25ی ڤێبرییەی 2005 بۆ دەنگدان دانراو 29ی نۆڤەمبەری هەمان ساڵ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا[1]. بەم چەشنە لێکدانەوەو تەفسیرێك لە رابردوویان خستە دەنگدانەوە، کە لەو ساتە بەدواوە دەسەڵاتی یاسایی وەرگرت، واتە ئەو کەسەی دژ بەم تەفسیرە بێت لەوانەیە مەحکووم بکرێت و بە تاوانبار دابنرێت. وەك کڵێسای کاتۆلیك، کە سەدەی حەڤدەهەم گەڕانی ئازادانەی حەقیقەتی بۆ گالیلۆ یاساخ کرد، پەرلەمانی فەرەنسا سەدەی بیست و یەکەم کارێکی بۆ دیاریکردنی ناواخنی وانەو بەدواداچوونەکان بۆ مێژوونووسان ـ و هەروەها بۆ ئەوانەی توێژینەوەی ئەمان بەکار دێنن و سوودی لێدەبینن واتە مامۆستاو قوتابییەکان ـ ئەنجام دەداو کەواتە هۆشداری هیوم لەبیرکراو حەقیقەت لە دەنگدانەوە دەستەبەر بوو.

سەرنجێکی دەقی ئەم یاسا خاڵێکی گرنگ و هەژێنەر پێش چاو دەخات، مەبەست خستنە بەرباسی «دەوری پۆزەتیڤی کۆلۆنیالیزم»ە کە

1ـ پاش ناڕەزایی بەربڵاوی ئەنجوومەن و رێکخراوە پێشکەوتووەکان، ئەنجام ژاك شیراك ساڵی 2006 ئەم یاسای هەڵوەشاندەوە. و.ف



بەشەرمەزارییەوە نێویان ناوە: «ئامادەیی فەرەنسا لە وڵاتانی ئەوپەڕی دەریا». هێرشکردن بۆ وڵاتی بیانی بە بیانووی فریوکارانە هێشتنەوەی خەڵکی ئەو وڵاتانەیە لە پێگەی بندەستی یاساییدا بە پێچەوانەی پرەنسیپەکانی کۆماری، کە وڵاتی مێترۆپۆل هەر ئەو کاتیش بە تەواوی پێڕەوی دەکرد، و سەرکوتی خواستی سەربەخۆییخوازانە بە بەکارهێنانی کوشتوبڕ و ئەشکەنجە، تێکڕا واقیعی سەلمێنراون و هەربۆیە هەرکات روانگە نەتەواخوازانەو نیشتمانپەروەرانەکان وەلا بنرێن، بینینەوەی رووگەیەکی ئەرێنی تێیاندا دژوارو زەحمەت دەبێت. ئەوەی پتر جێگەی داخە دابەزاندنی مێژووی مرۆڤایەتییە بۆ خەسڵەتی وەستاو لەسەر داوەریکردنی رووتی ئەخلاقیی وەك «ئەرێنی» یان «نەرێنی» و سەپاندنی بیرێکی «گەشبینانە» یاخود «رەشبینانە» بۆ مێژوو، ئەویش نیو سەدە پاش کۆتایی هاتنی کۆلۆنیالیزم، ئەم جۆرە سادەکردنەوە مانابیانە لە واقیعدا ئەزموونی ژیانکردنی ملیۆنان مرۆڤ، بە درێژایی یەك سەدە هەڵدەوەشێنێتەوە. هەرچەندد پێداچوونەوەو شیکاریی مێژوو ناتوانێ هەرگیز لەو بەهاو بایەخانەوە بێت، کە ژیانی مرۆڤیان تێوەگلاندووە، بەڵام ناشتوانێ تا ئاستی ئەم چەشنە مۆرکداربوونەش بێتە خوارەوە. بۆ ئەوەی مێژوونووس دەرکی بەپێزتر بێت و پێش بکەوێت، زۆرترین رێژەی داتا راستەقینەکان کۆ بکاتەوەو وردترین تەفسیر بەدەستەوە بدات، نابێ پێشوەخت لەمەڕ ئەو «پرەنسیپە ئەخلاقییانەی» لەسەریەتی رەچاویان بکات، بڕیار بدات.

ئەوەی لێرە بە تایبەت هۆگرانی رۆحی رۆشنگەری ئازار دەدات لە بنەڕەتدا ئەو پرسەیە کە پەرلەمان تەفسیری مێژوو بخاتە دەنگدانەوە، چما بۆ راگەیاندنی راستی رووداوێك دەنگی زۆرینەی سیاسییەکان تەواوە، چما ئەم دەنگە، جگە لەوەی بەرگری لە رووداوێك دەکات، لەرزۆکترو سستتری ناکات (چونکە رەنگە زۆرینەیەکی سیاسی دیکە هەڵیوەشێننەوە، یان

پێچەوانەی ئەو دەنگەی لەسەر بدەن). ڤۆڵتێر دەیگوت لقە جۆراوجۆرەکان لە بەردەمی زانستدا بزر دەبن، حیزبە سیاسییەکانیش لە بەرامبەر حەقیقەتدا کپی و بێدەنگی دەگرنەبەر. چونکە بۆ گەڕان لە حەقیقەت، نوێنەرانی خەڵك تێروتەسەلترین کەس نین، بەڵێ حەقیقەت کاری بە خواست و ئیرادە نەداوە. بەڕاستی، هەڵبژاردنی نوێنەر یان بوون بە نوێنەر، چۆن لێهاتوویی ئەوەی پێدەبەخشێ مێژوو داوەری بکات؟ ئاخۆ ڕۆڵی پەڕلەمان ئەوەیە لەسەر تەفسیری ڕووداوەکانی ڕابردوو، یان تەنانەت ئەو تۆخمانەی ڕووداوەکانیان درووستکردووە، بڕیار دەربکات؟ هێنانە ئارای پرسیاری وەها لەم ڕۆژەدا ڕەهەندەکانی ریسوایی ناکاوی دەنگدان بەم یاسا ئاشکرا دەکات.

هەڵبەت دەبێ دان بەوەشدا بنرێ، کە ئەم نموونەی هاتە باسکردن یەکەم هەوڵی نوێنەرانی پەڕلەمانی فەڕەنسا نەبووە. پێش چەندساڵێك بڕیاریان دا تورکیا لە کوشتاری ئەرمەنییەکان لە سەردەمی یەکەم شەڕی جیهانیدا بە تاوانبار رابگەیەنن و کوێلەیی بە تاوانێك دژ بە مرۆڤایەتی بناسێنن. هەربۆیە یاسایەکی بێ وێنەیان پەسەند کرد، کە بە پێی ئەو یاسایە هەر جۆرە نەرێکردنێکی کوشتوبڕی جووەکانی شەڕی دووەمی جیهانی بە شیاوی سزادان لە قەڵەم دەدرا. هەرچەندد ئەم بڕگانە کەمتر لە کۆلۆنیالی وڵاتانی باکووری ئەفریقیا مشتومڕی هەڵگیرساندووە، بەڵام پرسی پرەنسیپ و تەوەرەکان وەك خۆی ماوەتەوە. کۆندۆرسێ لای وایە، دەسەڵاتی سیاسی مافی ئەوەی نییە پێمان بڵێ حەقیقەت لەکوێیە. وادیارە پەڕلەمانی فەڕەنسا ئەم تەوەرە سەرەتاییەی لەبیر کردووە. دەرهاویشتنی ڕووداوێك لە گۆڕەپانی توێژینەوەی حەقیقەت و دانانی لە چوارچێوەیەکی دۆگم وێڕای سزادانی یاسایی، سووکایەتیکردنە بە ڕووداوەکە، نەك ئەوەی بەهێزو پتەوی بکات.

هەرچەندد حەقیقەت ناتوانێ ببێتە هۆی پەسەندکردنی بابەتی خێر، بەڵام نابێ ملکەچ و گوێڕایەڵیشی بێت. زانستگەرایی و خێرگەرایی،



هەردووکیان، لەگەڵ ڕۆحی راستەقینەی ڕۆشنگەری بێگانەن. هەڵبەت مەترسییەکی سێیەمیش لە ئارادایە بریتییە لەوەی چەمکی گشتی حەقیقەت بێ ئیعتبار دابنرێ. لەشك لاکۆفسکی، فەیلەسووفی هەنگاری، لە لێکدانەوەی ڕۆمانی 1984ی جۆرج ئۆروێڵدا لەبەر ئەوەی نووسەر لەو گرنگییەی گومانکاری بۆ حەقیقەت لە ڕژێمە تۆتالیتێرەکان لە خۆی دەگرێ، تێگەیشتووە، ڕۆمانەکە بەرز دەنرخێنێ و وەسفی دەکات. قسە تەنیا لەسەر ئەوە نییە، کە سیاسەتوانان جاروبار درۆ دەکەن ـ کە کەم تا زۆر لە هەموو لایەك هەروایە ـ بەڵکو ئەوەی گرنگە کاڵبوونەوەو بێ بەهابوونی جیاوازی نێوان حەقیقەت و درۆ، یان حەقیقەت و ئەفسانەیە بەرامبەر بە داواکارییە مەسڵەحەتگەراو سوودگەراکان. هەر بۆیە لەم جۆرە ڕژێمانەدا، زانست لە بەرامبەر دەستێوەردان و هەراوزەنای ئایدیۆلۆژیکدا خەساری بەردەکەوێت و چەمکی هەواڵ و زانیاری عەینی و حەقیقەتی مانای خۆی لەدەست دەدات. مێژوو سەرلەنوێ بە پێی پێداویستییەکانی سەردەم دەنووسرێتەوەو ئەگەر دۆزینەوەکانی زیندەوەرزانی، یان فیزیك لەگەڵ بۆچوونەکانی خۆیان ناکۆك ببینن، لەوانەیە بەرپەرچیان بدەنەوە. کۆلاکۆفسکی دەگاتە ئەم ئەنجامە: «سەرکەوتنی گەورەی تۆتالیتاریزم لە پانتایی مەعریفەدا ئەوەیە، کە چیدی ناکرێ بە درۆ تاوانبار بکرێ، چونکە توانیویەتی ئایدیای حەقیقەت، خۆی هەڵوەشێنێتەوە». کەواتە ئەمجارە دەسەڵاتداران بە تەواوی خۆیان لە حەقیقەتی ڕووش و لاسار ڕزگار کردووە.

دەکرێ بگوترێ ئەمە مەترسییەکە بۆ سەر وڵاتانی تۆتالیتێرو نەك دیموکراسییەکان. بەڵام چەند ڕووداوێکی تازە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ویلایەتە یەکگرتووەکان بێ سەقامە و شلبوونی نوێباوی حەقیقەت نیشان دەدات.

یەکەم ڕووداوی لەم چەشنە، بڕیاردان بوو لەمەڕ فێرکردنی تیۆریی کامڵبوونی داروین و ئوستوورەکانی ئینجیل سەبارەت بە ئافراندن (یان وەك

هەنووکە دەڵێن «گەڵاڵەی هۆشیار» وەك دوو تیۆریی شیاوی ڕێزو حورمەت، لە هەندێ قوتابخانەدا. لە وڵاتێکدا کە بە پێی ڕاپرسییەکان 73٪ی دانیشتووانی باوەڕیان بە ژیانی پاش مردن هەیەو 39٪ی لایان وایە کتێبی پیرۆز ڕاستەوخۆ لەلایەن خوداوە نێردراوەو دەبێ باوەڕیان پێی بێت، سەیر نیە ئەگەر گەلێك کەس ڕەوایەتی ئینجیلی پێش ڕەوایەتی زیندەوەرزانی بخەن. ئاشکرا دیارە، کە هەریەك لەمانە بەم پێش خستنە تەنیا خۆیان بەرپرس دەکەن و ئەم باوەڕە تەنیا لە هەرێمی تاکەکەسی و تایبەتیدا بەهادارەو لەگەڵ ڕۆح و دەقی یاسای بنەڕەتی ئەمریکاش سازگارە. بە پێچەوانەوە، بڕیاردان لەسەر بەرنامەی فێرکاری لە قوتابخانەکان لە ڕاستیدا کۆمەڵگەی ناوچەیی بەرپرسیار دەکات و بەم شێوە ئەو کۆمەڵگا خۆی لە بینینی چۆنێتیی جیاوازیی نێوان گوتاری زانستەوەرو گوتاری ئەفسانەتەوەرو هەروەها لۆژیك (Logos) و ئەفسانە (mythos) نەبان دەکات. هەڵبەت دانەرانی ئەم بڕیارە بە پارێزەوە هەڵسوکەوت دەکەن و دەرئەنجامە حەتمی و ناچارییەکانی ئەم بڕیارە پێشوێن ناکەن، بۆ نموونە، دەرمانی پزیشکی لە نەخۆشخانەکان وەردەگرن و ڕەتی ناکەنەوە، لە حاڵێکدا بنەڕەتی ئەم چارەسەری و دەرمانانە هەر ئەم زانستی زیندەوەرزانییەیە کە «تیۆری» ئافراندن بەرەوڕووی پرسیار دەکاتەوە. نموونەی دووەم لە گۆڕانکاری بۆ پێگەی حەقیقەت، کە بە ڕواڵەت پەیوەندی بە نموونەی یەکەمەوە نییە، ڕووداوێکی سیاسی تازەیە: مەبەست جەنگی عێراقە، بەو بیانووەوە، کە ئەم وڵاتە خاوەنی بڕێکی زۆر چەکی کۆمەڵکوژە، بەرپاکرا. ئەوڕۆ هەموان بۆیان دەرکەوتووە ئەم چەکانە بوونیان نەبوو، هەرچەندد گرنگ بوون و نەبوونەکە نییە، چونکە لەوانە بوو بوونیان هەبوایە. بەڵام گەلێك هۆکار لەم ڕووداوەدا جێگەی نیگەرانین. لە ڕاستیدا دەرکەوت دەسەڵاتدارانی ئەمریکا بۆ ئەوەی خەڵکی ئەمریکا



بگەیەننە ئەو قەناعەتەی، کە ئەم چەکانە بوونیان هەیە، دەستیان داوەتە هەر کارێك، بە تایبەت بە ئاراستەکردنی کۆمەڵێك هۆکار، کە خۆیان دەلالەتیان دەکردە سەر سستبوونی ئیعتبارو ڕاستییان و یان بە زڕاندنی نێوی ئەو کەسانەی زانیاری پێچەوانەی (مەبەستەکانی) ئەوانیان بەدەستەوە دەدا. بە دەربڕینی دی، ئەم دەسەڵاتدارانە دەیانزانی ئەوەی دەیلێن دوورە لە حەقیقەت بەڵام وایان دەنواند حەقیقەتە چونکە ـ بێگومان ـ لایان وابوو ئەم زانیارییانە بۆ وڵاتەکەیان سوودمەندە. پۆل وۆڵفۆویتز[1]، یەکێك لەم بەرپرسانەیە و جەختی لەسەر سووکایەتیکردن بە حەقیقەت کردۆتەوەو دەڵێ سەڵماندنی چەکی کۆمەڵکوژی لەبەر ئەوەی دەیتوانی بە ساناترین شێوە هاوڕێیەتیی زۆرینەی خەڵك دەستەبەر بکات، هەڵبژێردرا. سەیر ئەوەیە وۆڵفۆویتز تەنانەت ئاماژەی بە ڕاستی ئەم سەڵماندنە نەکردووە، چونکە بە پرسێکی نابەجێ دەژمێردرێ ڕاست بەو چەشنەی پێشتر لەمەڕ ئایدیۆلۆژیاکانی تۆتالیتێر حەقیقەتی سەڵماندنەکە، بە نابەجێ دادەنرا.

درۆی ڕەسمی و باو، چەشنی ئەو کاتەی سیاسەتمەدارێك دەڵێ: خیانەتی بە ژنەکەی نەکردووە، لەم ڕووەوە بەهادانانێکی بە حەقیقەت داپۆشراوە، کە هەر کارێك دەکەن بۆ ئەوەی ناحەقیقەت بکەن بە حەقیقەت. بەڵام بۆ نموونەی سەرەوە وانییە، چونکە نیشانەیەکە لە خەمساردبوون بەرامبەر بە ڕاستی زانیارییەکان. ئەم نموونە لەبەر ئەوەی کەیسێکی ریزپەڕ نییە گرژ جێگەی نیگەرانییە. چەند هەڵویست وەرگرتنێکی دیکەش بەم ڕادە هەواڵی گۆڕانی پێگەی حەقیقەت دەدرکێنن. لەوانە ئەو دەنگۆیەی کە دەڵێ زیندانی گوانتانامۆ لەگەڵ ڕۆحی کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی پەیوەست بە زیندانی جەنگی

1. Paul Wolfowitz

سازگارە، یاخود عێراق هەر ڕۆژەو هەنگاوێکی گەورە بەرەو ئاشتی و دیموکراسی هەڵدەگرێ، یاخود - بۆ هێنانەوەی نموونەیەکی دیکەی سەر بە بوارێکی دی - بەم دواییانە زانیمان دەوڵەتی فیدێراڵی ئەمریکا داتای ژمارەیەك لە راپۆرتەکانی پەیوەندیدار لەگەڵ گەرمبوونی پەڕگیری گۆی زەوی بە ئەنقەست گۆڕابوو، چون هاوتەریبی رای دەوڵەت، واتە رەتکردنەوەی پڕۆتۆکۆل «کیۆتو[1]»، نەبوو. پێویستە ئاماژە بەو خاڵەش بدرێ، کە کەی دەست بۆ پێگەی حەقیقەت بەرن ئیتر لە کۆمەڵگای دیموکراسیی لیبراڵیدا ناژین. بەڵام پرسیار ئەوەیە ئاخۆ چۆن ئەم خەسارو گەندەڵییەی بونیادە دیموکراسییە لیبراڵەکان لێکبدەینەوە؟ بەشێك لەم بیروڕا دوور لە حەقیقەتانە بە هۆی هەلومەرجی قەیراناوی هاتنە پەسەندکردن و هەلومەرجی قەیراناوی هاوڕەوتی نەتەوەیی و لەوێشەوە هەڵپەسێرانی داوەریی رەخنەگرانەی هەواڵنێران واتە ئەو کەسانە داوا دەکات، کە ئەرك و پیشەیان راگەیاندنی هەواڵی جێمتمانە و دڵنیاو دەزانین ئەم قەیرانە لە 11ی سیپتەمبەری 2001ەوە هەروا بەردەوامە. پێکهاتنی رۆحی نیشتمانپەروەری و ڕابوونی «ترسی خەست» - زاراوەی کۆندۆرسێیە - تەواوە تا نیگەرانی بۆ حەقیقەت، وەکو توخمی رۆنەی فەزای دیموکراسی، وازی لێبهێنرێت.

تەنیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان نییە، کە حکومەتەکان سەرکەوتن لە پێش حەقیقەت دادەنێن، بەڵام ئەوەی هانیدااین ئەم نموونانە لەنێو سەرجەم نموونەکان هەڵبژێرین ئەوەیە، کە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم، ویلایەتە یەکگرتووەکان، بە گەورەترین هێزی سەربازی - سیاسی جیهان دەژمێردرێ - دەزانین هێزی گەورە مەترسی گەورە دروست

1. Kioto



دەکات، چونکە ئەو هەستە بە خاوەنەکەی دەبەخشێ، کە هەمیشە خۆی لەسەر حەقەو کەوابوو نابێ رای دیتران لەبەرچاو بگرێت. هەر بۆیە، تەنانەت بەهێزترین وڵاتی جیهانیش دەبێ بەم حەقیقەتە قایل بێت، کە نابێ یاری لەگەڵ حەقیقەتدا بکرێ بۆ ئەوەی خۆی لە تێداچوون لەو گێژاوەی لەوانەیە گێژەنی دەسەڵات، سەرەتا وڵاتی (ئەوان)و پاشان سەرپاکی جیهان لە خۆیدا نوقم بکات، رزگاریان بێت.

# 6
# مرۆڤایەتی

دیارە سەربەستی خۆی بە تەنیا بۆ لێکدانەوەی شێوازی دەرکی رۆشنگەری بۆ تەواوێتی دڵخوازی ئاکارو هەڵسوکەوتی مرۆیی تەواو نییە. هەرچەندد باشترە ئەوەی مرۆڤ رێنوێنی دەکات، لە بڕی رێسایەکی دانراو، خواستی خۆی بێت، بەڵام بۆ رۆشتن بۆ کوێ؟ دەزانین هەموو خواست و کردەکان بەهای یەکسان و هاوشێوەیان نییە. لەو رووەوە، کە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کامیان باش یان خراپن، چیدی ناکرێ روو لە ئاسمان بکەین و بەناچار دەبێ لە چوارچێوەیەکی واقیعی سەرزەویدا بمێننەوەو لە دوادەرەنجام و ئاکامێکی دوورەدەست بە ئاکامێکی نزیکتر بگەین. ئەندێشەی رۆشنگەری، مرۆڤایەتی خۆی بەم ئاکامە دادەنێت و ئەوەی یارمەتی ژیانی باشتری مرۆڤەکان بدات، بە باش وەردەگرێ. راگەیاندنی ئەم هەڵویستە، رەتکردنەوەی ئامۆژەی مەسیحی، نا بەڵکو گۆڕانی رێگەو رێبازیەتی. لە راستیدا ئامۆژەی مەسیحی دوو سۆز، واتە سۆز بۆ خواوەندو سۆز بۆ هاوڕەگەز بە هاوکێش دەزانێت. پۆلسی قیددیس چەندین جار رایگەیاند: «ئەو کەسەی سۆزو مێهرەبانی بە دیتران دەبەخشێت هەمان حوکمی خواوەندی جێبەجێ دەکات». بەڵام بیریارانی رۆشنگەری یەك لایەنی ئەم هاوکێشە بە تەواو دەزانن. لسینگ ساڵی 1777 دەنووسێ: «تەواوە ئەگەر مرۆڤەکان لە ئاقاری سۆزی مەسیحیدا بمێننەوە، گرنگ نییە ئایینی مەسیحی چی بەسەر دێت». بەم چەشنە چوارچێوەی ئامۆژەیی و تایبەتی



وەلا دەخرێت و ناوەڕۆکەکەی - کە لسینگ بەرجەستەی دەکات - دەمێنێتەوە. پاش دە ساڵ، فرانکلین ئەم رۆحی یەزدانپەروەرییە بەم شێوە نیشان دەدات: «چاکە دەرحەق بە مرۆڤەکان خۆشترین و بەچێژترین ستایشی خواوەندە». میهرەبانی بۆ مرۆڤەکان پێویستی بە تێبینی لاهووتی نییە، فرانکلین بەم تەفسیرەوە باسی میوانداریکردن دێنێتە پێش: نە «لەبەر سۆز بۆ مەسیح» بەڵکو «لەبەر سۆز بۆ خۆتان»ە کە خانووەکەمتان پێشکەش دەکەم.

بەم پێیە، مرۆڤ دەگۆڕێ بۆ ئاسۆی چالاکییەکانمان و خاڵی ناوەندیی، کە هەموو شتی بۆ دەگەڕێتەوە. ئەو کاتەی دیدرۆ ئەم پرسیارە لای خۆی گەڵاڵە دەکات، کە کام تەوەر یەکڕیزی و یەکبوون بە ئینسکلۆپێدیاکەی دەبەخشێت، تەنیا یەك تەوەر واتە مرۆڤ دەبینێت: سەبارەت بە جیهان، کە **ئینسکلۆپێدیا** لە هەوڵی تێگەیشتن و فامکرنی دایە، هەمان مرۆڤە: «بۆچی مرۆڤ بەو جۆرەی لە جیهاندا بوونی هەیە لە کتێبەکەی خۆمدا نەیهێنم؟ بۆچی نەیکەم بە ناوەندێکی گشتی؟». کارێکی وا هەم مافە و هەم ئەرك، واتە مرۆڤ لەبەر ئەوەی ناوەندی جیهانە، کراوەتە ناوەندی کتێبەکە، بە دەربڕینی باشتر، بوونەوەرێکە مانا بە جیهان دەبەخشێ. بەم چەشنە، بوونی لەوەدا، کە کەرەستەیەك بێت بۆ خزمەتی مەبەستێکی بەرزتر - رزگاری، یان رۆشتن بۆ شاری خودا - دەوەستێت و دەبێ لە خودی خۆیدا بۆ ئاکامێ بگەڕێت. رۆسۆ لە زمانی ژوولی[1]یەوە، قارەمانی چیرۆکەکەی، ئەمە باس دەکات: «مرۆڤ شەریفتر لەوەیە وەك کەرەستەیەك خزمەتی دیتران بکات». ئەم پێگە نوێیەی مرۆڤ، کە هەنووکە وەکو بوونەوەرێکی رەها خستوویەتە بەردەم «شت و دیاردە» رێژەییەکان کانت بەرەو فۆرمۆلەی بەنێوبانگی لەمەڕ تەوەری ئەخلاقی مرۆڤدۆستانە رێنوێنی

1. Julie

دەکات. «دەبێ بە شێوەیەک کار بکەی، کە لەگەڵ مرۆڤەکان، ئایا خودی خۆت مەبەست بێت و ئایا قسە لەسەر کەسانی دی بێت، وەکو ئاکام بجوولێیتەوەو نەک هەرگیز چەشنی کەرەستە».

وشەی «بەختەوەری» پێناسەیە بۆ ژیانی باشی مرۆڤ لەسەر زەوی. کەواتە بەختەوەری شەرعییەت وەردەگرێ و لە بڕی گەڕان لەدوای رزگاری، دادەنیشێ. ئەلکساندر پۆپ لە بەرهەمێکدا بە ناوی **نامیلکەیەک سەبارەت بە مرۆڤ** دەڵێ: «بەختەوەری! ئەی ئاکام و ئامانجی بوونمان!». ئەوەی لە خوێندنەوەی نووسین و بەرهەمەکانی ئەم خولەی ئەورووپادا، سەرەڕای جۆراوجۆریی ژانرە ئەدەبییەکان و سەرەڕای فرەچەشنی وڵات و باوەڕی نووسەران، بەرچاو دەکەوێ، ئەم خاڵەیە، کە ئەمانە جیهانێکی سروشتی نمایش دەکەن و مرۆڤەکان تێیدا بەرهەڵستی هێزی ناکۆک و ناسازگاری مرۆیی رووت دەبنەوەو هەوڵ دەدەن لە ژیانی دنیایی خۆیاندا گەشە بکەن.

ڤۆڵتێر دەڵێ: باشترین هاوڵاتی کەسێکە «بەشداری بەختەوەرکردنی جیهان بێت». بەڵێ نامیلکە فەلسەفییەکان، رۆمانەکان، چیرۆک و شانۆنامەکان هەموویان تێکڕا حیکایەتی جیهانێکی تەواو مرۆیی دەگێڕنەوە. تابلۆی شێوەکارەکان دەربڕی خۆشی و جوانییەکانی ژیانە لە گوند، خۆشگوزەرانییەکانی ژیانی تاکەکەسی، شادیی لادێیی، بەختەوەری نێو ماڵەکان و خۆشی و خێرە مرۆییەکان.

بەڵام کلیلی بەختەوەری لە کوێیە؟ زۆربەی فەیلەسووفان و نووسەران تەنیا بە هاندانی چاکسازی کۆمەڵایەتییەوە ناوەستن، بەڵکو ئەزمونی تاکەکەسیش زەق دەخەنەڕوو، کە لە نێوانیاندا پێگەی یەکەم هی ئەو هۆگرییانەیە مرۆڤ بە نزیک و دەوروبەرەکەیەوە گرێ دەدات. هیوم دەنووسێ: «سۆزو خۆشەویستی لابەن ئاخۆ شتێک دەمێنێتەوە بهێنێ ستایشی بکەین؟» ژیانی خۆش و دڵخواز ئەو ژیانەیە لێوانلێو بێت لە عەشق و سۆزو



چەندێتی تێیدا رەچاو ناکرێ. بۆ نموونە هیوم (سلێمان) لە نێو حەوسەد ژنی رەسمی و سێسەد هاوسەری ئازاددا، بە مرۆڤێک دەبینێ قووڵ بەدبەختە، لە حاڵێکدا وێڕای تەنیا یەک ژن، یان یەک دڵدارو چەند هاوڕێی باش و هەڵبژاردە باشتر دەیتوانی مرۆڤبوون هەست و ئەزموون بکات. لەم سونگەوە، رۆسۆش دەڵێ: «لام وانیە ئەوەی خۆشەویستی نەکردووە، بتوانێ بەختەوەر بێت». بەم شێوە بەختەوەری بۆ هەمووانە چونکە ئەوەندە بەسە کەسێکت خۆشبوێ، یان تۆ خۆشەویستی کەسێک یاخود کەسانێک بیت. بەڵام رێک بەم هۆوە، بەختەوەری ناسک و هەستیارە. هەرچەندد سۆزمان بۆ دیتران بۆ ژیانی هەریەک لە ئێمە پێویستە بەڵام چ شتێک مانەوەی گەرەنتی ناکات. هەرچەند مرۆڤ زیاتر پڕ بێت لە سۆزو میهرەبانی، زیاتر تووشی کێشە دەبێت. «هەرچەندد مرۆڤ پەیوەندییەکانی چڕتر بکاتەوە، رەنج و ناخۆشییەکانی خۆی زیاد دەکات». بەڵێ سروشتی بەختەوەریی مرۆڤ بەم شێوەیەو رێگەچارەیەک بۆ گەرەنتیکردنی بەختەوەری بوونی نییە.

کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم گەشتنە ئەو باوەڕە، کە بەختەوەری جگە لەوەی ئامانجی ژیانی تاکەکەسی بێت، بکرێتە لووتکەی ئامانج و مەبەستەکانی حکومەت و دەوڵەتیش، لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، «گەڕان لە بەختەوەری» لە نامەی سەربەخۆییدا نووسرابووەو لاوازییەی زانای کیمیایی فەرەنسی و سیاسەتوانی بەنێوبانگ ساڵی 1789 لە نامیلکەیەکدا دەڵێ: «پێویستە ئامانجی راستەقینەی حکومەت، بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و بەختەوەری بێت بۆ هەموو تاکەکان». پاش دوو ساڵ، ئەم پەیامە کورتە بۆ پەرلەمانی فەرەنسا دەنێرێت: «مەبەستی تێکڕای دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەیە، تا دەکرێ ئەو کەسانەی لە ژێر چەتری یاساکانیدا دەژین، بەختەوەر بکات. لەو رووەوە، کە بەختەوەری مافی هەمووانە کەواتە نابێ تەنیا کەسانێکی تایبەت سوودی لێببینن». هەرچەندد شۆڕشی

فەڕەنسا، کە لاوازییە خۆی یەکێك لە قوربانییەکانی بوو نیشانیداوە چاودێری حکومەت لە بوون و ژیانی مرۆڤەکان هێندەش باش و دڵخواز نییە، بەڵام ئەو تەوەرەی، کە دامودەزگا و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی وڵات دەبێ لە خزمەتی ژنان و پیاوانی نیشتەجێی ئەو وڵاتەدا بن، هەمان بەهاو بایەخی ماوەتەوە.

دەزانین لەو ساتەوە، تا هەنووکە دۆخەکەو ئەوەی پەیوەندیی بەم بابەتەوە هەیە، گۆڕانی زۆری بە خۆوە بینیوە، لەوانە رژێمە تۆتالیتێرەکانی سەدەی بیستەم، کە ئاشکرا دەریانخستووە سپاردنی بەرپرسیارێتیی بەختەوەرکردنی تاکەکان بە دەوڵەت، چەند مەترسیدارە. بە هەموو ئەمانەوە، سەرکەوتنی دیموکراسی کاریگەری قووڵ و سەرسووڕهێنەری هەبووە، واتە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵەی، کە ئەم رژێمە سیاسییە بانگی دەستەبەرکردنی خێری بەرین (یان بەختەوەریی چڕوپڕ) هەڵنادات، خەڵکیش دەستیان لەو هیوا شۆردووە، کە بەختەوەری دنیایی، یان تەواوێتی خۆیان لە بونیادی سیاسی ـ با لە هەر جۆرێکیش بێت ـ ببیننەوە. هەرچەندد دیمۆکراسی سەرکەوتوو چیدی جۆش و خرۆشێك ناورووژێنێ، بەڵام نابێ لەبیری بکەین، کە سەربەستی مرۆڤ گەلێك بەهێزتر لەم ئەزموونانەیە، واتە ئیتر داوا لە دەوڵەت ناکات بەختەوەری تاکەکان مسۆگەر بکات بەڵکو دەیەوێ بەربەستەکان لەسەر رێگەی بەختەوەری تاکەکان لاببات. کەوابوو دەوڵەت جێگەی ئومێدو هیوا نا، بەڵکوو خزمەتکارو خزمەتگوزارە. هەرچەندد مرۆڤەکان چیدی لە چوارچێوەیەکی ئایینی هاوبەشدا ناژین و هەروەها باوەڕیان بە شۆڕشێك نییە هەمووان بەختەوەر بکات، بەڵام چونکە چاویان لە پڕماناو خۆشتربوونی ژیان نەپۆشیوە رێگەی هەڵبژێردراوی تاکەکەسی دەگرنەبەر.



کەواتە، بەدیهاتنی گۆڕانکاری لە روانگەکان بۆ ئاکام و دوادەرەنجامی کردارەکانی مرۆڤ و تێپەڕین لە لاهووتەوە بۆ مرۆڤایەتی ـ لە بنچینەوە ـ تەنیا دەکرێ بەو سەروژێربوونە کۆپەرنیکییە هەڵبسەنگێنرێ، کە هەتاوی لە جێگەی زەوی دانا، هەڵبەت بەم جیاوازییەوە، کە مرۆڤ لە باتی ئەوەی لە ناوەندو سەنتەرەکە دوور بکەوێتەوە، لێی نزیك دەبێتەوە. وەکچۆن چاوەڕوان دەکرا ئەم ئاوەژووبوونی روانگە، بوو بە هۆی گەلاڵەی توندی لایەنگرانی زنجیرە پلە پێشووییەکان ـ لە بووناڵدەوە بۆ ژان پۆلی دووەم ـ نەیاران و دوژمنانی رۆشنگەری لەوە دەترسن، کە بێ گەڕانەوەی ناوەندی بۆ خواوەند، کۆمەڵگا رووبەڕووی مەترسی داڕمان و نوشوست دەبێتەوە. بە وتەی دی، ئەگەر خودا بمرێ، بوارو دەرفەت بۆ ئەنجامدانی هەموو کارێك دەڕەخسێ[1]. کەوابوو، بۆ ئەوەی رێکی و دەستوور بپارێزرێ دەبێ مافی خودایی لە بڕی مافی مرۆیی دابنرێ. لە لایەکی دیکەشەوە، ئایدۆلۆژیای تۆتالیتێریش، مرۆڤگەرایی رۆشنگەری رەت دەکاتەوە، لێرەوە ئامانجی کۆمەڵگا ئیدی «بەختەوەری هەموو تاکەکان» نا، بەڵکوو (کۆمەڵێك دەستە وشەی) دەرهەستی وەك نەتەوەی تازە پشکوتو، دەوڵەتی کۆمۆنیستی و یان داهاتووی گەش و رووناکە. گۆڕانی رۆحی مرۆڤگەرایی رۆشنگەری، شێوازی جۆراوجۆریشی لەخۆ گرتووە. هەندێکیان هەر لە سەدەی هەژدەهەمدا خۆیان نواندو (مارکی دوساد)، ئەمجارەشیان، زیادەڕۆیانەترین فرموولی ئەم شێوازەی بەدەستەوە دا. (ساد) بەم دەستپێکەوە، کە گوایە مرۆڤ ئاکامی مەشروعی کردارەکانی خۆیەتی، ئەم دوو برگە روو لە خوارە، ئاراستە دەکات: یەکەم، بەختەوەری لە بنەڕەتەوە

1ـ ئاماژەیە بۆ رستەی ناوداری دۆستۆفسکی لە کتێبی برایانی کارامازۆف: «ئەگەر خودا نەبێت، هەر کارێك رێگە پێدراوە».

بۆ چێژی سێکسی دەگەڕێتەوەو دواتر، مرۆڤایەتی تا ئاستی تاکی تاك و تەراو سووژەی خواستتەوەر دادەبەزێنێ: «چ سنوورێك بۆ چێژەکانت مەناسە هێزو خواستەکانت نەبێ!». کەوابوو هیچ شتێك سەربەستی تاکەکەسی ئاستەنگ ناکات، ئەو سەربەستییەی ئارەزووی پەرەی ئەزموون لە چرکەدا دەکات، بەم چەشنە جیهان هەنووکەو لێرەدا کورت دەبێتەوە. هەرچەند زۆرێك لە ئازادبیرانی ئەو قۆناغە، بە شێوەیەکی نەرم و میانڕەوتر لەگەڵ ئەم بەڵگاندنە تەبا بوون، بەڵام رۆسۆ توند دژایەتی دەکرد. سەرەتا لەبەر ئەوەی لای وابوو کۆمەڵگایەك بتوانێ دەست لە هەر جۆرە رێکخستنێکی هێزو خواستەکانی هەڵبگرێ، لە وێناکردن نایەت: «پێم بڵێ، ئەو کەسەی جگە لە داخوازییەکانی دڵی خۆی چ یاسایەکی دیکە ناناسێ و بەرامبەر بە ئارەزووەکانی خۆی ناگرێت، روو لە چ تاوانێك وەردەگێڕێ؟!» بە تایبەت ئەم خاڵە، کە جگە خۆتەوەرەییەکی فریودەر نییە، رەچاو دەکات: «هەموو کەس ئەو هەستەی تێدایە، کە بەختەوەرییەکەی تەنیا لە خۆیدا شاراوە نییە بەڵکو گرێدراوی سەرجەم ئەو شتانەی دەوروبەریەتی». هەڵەی ئامۆژە خۆتەوەر و خواستگەراکان ئەوە نییە، کە نائەخلاقین، بەڵکو لە ناڕاستییاندایە. راستە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان زۆربەی کات ئەو وێنا درووست دەکەن، کە لە کاریکاتێرێك دەچن، ئایینگەرایانی رۆژئاوا یاخود رۆژهەڵاتی لەوانی دەکێشنەوە، واتە هۆگریی ئەندامانی کۆمەڵگای رۆژئاوا، تەنیا سەرکەوتوویی ئابووری، پارەو چێژە، کە سەروبەریان بابەتی مادین. بەڵام مەرج نییە تەنیا ئایینگەراکان رەخنە لەم رووکردە بگرن و بۆی بەداخەوە بن، تەنیا بیرهێنانەوەی ئەوەی، کە پێداویستی مرۆڤ چەند جۆراوجۆرو فرەچەشنە، واقعی پرسەکە جوانتر دەخاتە روو. رۆحی رۆشنگەری، لەمەڕ ئەم کەیسە، بریتییە لە کەمکردنەوەی مەوداوی نێوان کردارو ئامانجی کردار: ئامانجی کردار لە ئاسمانەوە دێتە خوارێ و نە لە



خواوەندا، بەڵکو لە مرۆڤدا دەردەکەوێ، کەواتە کارو کردەوەکە خۆی مرۆیی و دنیاییە. بەڵام گۆڕانی رۆحی رۆشنگەری، نەك هەر بەرەو روو وەرگێڕان لە ئاکامی لاهووتی، بەڵکو بەرەو هەر ئاکامێك پاڵمان دەنێ، کە بزووتن بۆ بزووتن، هێز بۆ هێزو خواست بۆ خواست پەروەردە دەکات. سەردەم و رۆژگاری ئەوڕۆمان لە زۆر لایەنەوە، رۆژگاری لەبیرچوونەوەو لەبیرکردنی ئاکامەکان و پیرۆزیی کەرەستەکانە. گەشەو پەرەی زانست گەشترین نموونەی ئەم زیادەڕۆییەیە. کاری زانستی نەك لەبەر ئەوەی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، خزمەتی ئاکامە تایبەتییە مرۆییەکانی وەك بەختەوەری، یان رزگاری و ئاشتی دەکات، بەڵکو هەندێجار لەبەر ئەوەی دەسەڵات و زاڵێتی زاناکان دەسەلمێنێ، هاندەدرێ، یان لە رووی ئابوورییەوە پێداویستییەکانی جێبەجێ دەکرێ، جارجارە دەگوترێ ئەگەر شتێك مومکین بێت دەبێ بگۆڕێ بۆ واقیع، بەڵام دەبێ بپرسین کەواتە بۆ دەبێ بچین بۆ مەریخ؟ ئابووریش بە پێی تەوەرێکی هاوشێوە کار دەکات: پەرەسەندن بۆ پەرەسەندن، گەشەکردن بۆ گەشەکردن و ... و ئاخۆ دەبێ رەهەندی سیاسیش ئەم ستراتیژە بە تەواو بزانێت؟ بۆ چەند دەهەیەك دەچێت، ئەم ستراتیژە لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا، دەرەنجامی تاڵ و ناخۆشی لێکەوتۆتەوەو چەندساڵێکیشە دواهاتەکانی لە وڵاتانی رۆژئاواییدا خۆ نیشان دەدات. پرسیار ئەمەیە، کە ئاخۆ دەبێ سەرکەوتنی سەرمایەداریی ماڵی و دواهاتەکانی، واتە جیهانیبوون و گواستنەوەی پیشەسازی و ... بەو هۆوە، کە سودی ئێمەی تێدایە، پەسەند بکەین، یان تەنیا لەبەر ئەوەی رەوتی هەنووکەیی بزووتنەوەیەکی سەرمەست و دڵخۆش لە گەشەی خۆی داوامان لێدەکات؟ پێدەچێت هەندێجار نەمانی هەر چەشنە ئاکامێکی دەرەکی، کاریگەریی نادڵخوازو تاڵ دەکاتە سەر ژیانی سیاسی و دیموکراسیی لیبراڵ و ئەم گومانە سەر هەڵدەدا، کە ئایا ژنان و پیاوان

سیاسەت دەکەن. یان وردتر بدوێین سیاسەت وەکو پیشە هەڵدەبژێرن، تا هێزو دەسەڵات بخەنە خزمەتی هەندێ لە ئامانجاکانەوە، یان دەسەڵاتیان تەنیا بۆ دەسەڵات دەوێ و تاقە مەبەست و خواستیان پاراستنی دەسەڵات بۆ زۆرترین کاتە؟ کەواتە، هەرچەند ئەم پرسە دوو رەهەندییە، بە هیچ شێوەیەك بابەتێکی تازە نییە، بەڵام لە وڵاتانی ئێمەدا خێرایی و برستێکی تازەی وەرگرتووە. نموونەی ئەم لاڕێیە لاپەڕەیەکی تازە بە رووی ژیانی سیاسی فەرەنسەدا هەڵدەداتەوە: مەبەست راپرسی، یان دەنگدانی گشتییە لەسەر یاسای بنەڕەتی ئەوروپا لە 29ی مەی ساڵی 2005. هەرچەندد هەڵوێستی رێبەرانی ئەم دوو بەرەی «یار»و «نەیار»ە زۆر روون و ئاشکرا نەبوو، بەڵام بڕیاری سەرۆككۆمار خۆی بۆ بەرێوەبردنی ریفراندۆمەکە، خاڵێکی سەرسووڕهێنەری تێدا بوو. ژاك شیراك باش دەیزانی، کە بە لەبەرچاوگرتنی شکستی حیزبەکەی لە دوو هەڵبژاردنی پێشوودا، ئەم مەترسییە هەیە، کە دیسان شکستێکی دیکە ئەزموون بکاتەوە، هەروەها ئاگای لەوەش بوو، کە بە پەسەنکردنی دەنگدانی پەرلەمانی ـ رێچکەیەکی پڕاوپڕ یاسایی بۆ پەسەندکردنی دەقی دەستووری پێشنیارکراو ـ دەنگی ئەرێی نوێنەران مسۆگەر دەکات، چونکە کەم تا زۆر، تێکڕای ئەو حیزبانەی لە پەرلەماندا نوێنەریان هەبوو لەگەڵ پرۆژەی دەستوور هاوڕا بوون. بەم چەشنە، ئەم پرۆژە بە زۆرینەی دەنگەوە، (90٪)ی دەنگی نوێنەران، پەسەند دەکرا. کەچی، سەرۆككۆماری فەرەنسا پێی باشتر بوو رووبەڕووی مەترسی شکست بێتەوە. چۆن و بۆچی؟ هەمووشت پێمان دەڵێن ئەو دەستی دایە هەڵبژاردنێکی بە تەواوی تاکتیکی، بە شێوەیەك لە ریفراندۆم هەلی سازکردنی ناکۆکی لەنێوان دەنگدەرانی چەپی بۆ دەرەخساندو ئەنجام چەپ لە ئاسۆی هەڵبژاردنەکانی 2007ی سەرۆككۆماریدا لاواز دەبوو. دەستوورو یاسای بنەڕەتی ئەوروپا کە ژاك شیراك بە لایەنگری راستگۆی دەهاتە



ئەژمار لە پێناو زیادەڕەوی و بەرزەفڕییە تاکەکەسییەکانی ئەودا قوربانی کرا بۆ ئەوەی دەسەڵات هەروا لە دەستی ئەو، یان لایەنگرو پێڕەوکەرانیدا بمێنێتەوە. لە بەرەی ئەولاشدا، لۆران فابیووس، یەك لە رێبەرانی حیزبی سۆشیالیستی فەرەنسا، کارێکی لەم شێوەی ئەنجام دا.ئەو تاقە کەسایەتیی سیاسیی پلە یەکی حیزبی سۆشیالیست بوو، کە لە دژایەتیکردنی هەڵوێستی رێبەری حیزب، دەنگی نەرێی بە گەڵاڵەی دەستوورو یاسای بنەڕەتی ئەوروپا دا. ئەو کە تا ئەو، ساتە بە هۆی هەڵویستی هاوڕەوت و لایەنگرانی بۆ یەکیەتی ئەوروپا، ناسرابوو بە پەیوەستبوون بە بەرەی نەیارانەوە، بووە جێگەی سەرسوورمان و ئەو بیرەی درووستکرد، کە ئەویش ناتوانێ چاو لە هەڵبژاردنی سەرۆككۆماریی ساڵی 2007 دابخات. بۆ ئەم مەبەستە، یەکەم هەنگاوی ئەوە بوو خۆی وەکو پاڵێوراوی حەتمی هەموو هێزە چەپەکان بناسێنێ و بۆ ئەم کارەش زۆرترین ژمارەی ئەندامانی چەپی حیزبی سۆشیالیست لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. لۆران فابیووس سەرەڕای ئەوەی خوازیاری پێکهاتنی یەکیەتی ئەوروپا بوو، بەڵام لەبەر ئەو هۆکارەی هاتە باسکردن، رێگەی پشتیوانیکردن لە دەنگی نەرێیی «چەپ»ی گرتە بەر. بەم چەشنە، شیراك و فابیووس، لە بری ئەوەی دەسەڵات بخەنە خزمەتی ئایدیای باڵاترەوە، لە خزمەتی بەدەستهێنانی دەسەڵاتدا کاریان پێکرد.

هەرچەندند رەوتی نزیککردنەوەی وردە وردەی ئامانج بەو شتەی دەبوو کەرەستەی گەیشتن بە ئامانجەکە بێت، بە دەربڕینی دی، گۆڕانی کەرەستە بۆ ئامانج، لە سەدەی هەژدەوە سەریهەڵدا، بەڵام بە شێوەی سەیرو لە بوارێکی تایبەتدا، واتە بواری هونەر و بە تایبەت شێوەکاریدا مایەوە. ئەم خاڵە راست دیارە، کە ئەو هزرەی شێوەکاری لە رێگەی میتۆدی نواندنەوەی جیهانەوە پێشکەشی کرد، تا یەك سەدەو تەنانەت زیاتریش، گوتاری زاڵی هەموو هزرو ئەندێشەکان بوو. لەگەڵ مۆنتانیەو هاوسەردەمەکانیدا بوو کە،

سەدەی شازدەهەم ئارەزووی شیکردنەوەی تاك بە ئاوڕدانەوە لە تایبەتمەندی خۆو سەربەخۆ لە چۆنێتییە هێزەکییەکانی، هاتە ئارا. ئەم ڕەوتە ناوەڕاستی سەدەی پازدە بە کێشانی پۆرترێت و کێشانەوەی پۆرترێتی خۆ، و لەسەر دەستی شێوەکارانی فینلەندی پاشان ئیتاڵییەکان هاتە نێو جیهانی شێوەکارییەوە. لە حاڵێکدا سەدەی حەڤدەهەم لە وڵاتانی پرۆتستان، کاروباری نێومالّ وەك کەرەستەی هاوئاهەنگکردنی خۆ لەگەڵ فرمانی خودایی، بەرز دەنرخێندراو ستایش دەکرا، هاوکات شێوەکارە هۆڵەندییەکان گەورەیی و بەزریی مرۆڤ بێ گەڕانەوە بۆ هیچ واقیعێکی بەرین نمایش دەکەن، بۆ نموونە حاڵەتی ئەو دایکەی لە ژوور سەری سێ منداڵی خۆیدا چەماوەتەوەو ئەو نیگەرانییەی کاتی نەخۆشی منداڵەکان لە چاوانیدا شەپۆل ئەدات، بە پیرۆز دەگرن.

بەڵام سەدەی هەژدەهەم سروشتی ماناگەرای شێوەکاری گۆڕانی بەسەر دێت. بە شێوەیەك، کە تەنیا هونەر خۆی ستایش دەکەن و چیدی نە ستایشی خواوەندی تێدا بەدیدەکرێ و نە تەنانەت ستایشی مرۆڤ. ئەو دیوارانەی مایکل ئەنجیلۆ نەخشی لەسەر کێشاون لە «نوێژگەی سیستین» کە بە هەستێکی ئایینی ئاخنراوە، لە رینولدز، «ئەندێشەی بەرزەجێیی ئەم هونەرە» لە شێوەکاری ئینگلیزی بەرزنرخێنەری ئەم بەرهەمە، بە ئاگا دێنێت، بەڵێ ئامانج و مەبەستی هونەر لەمەبەدوا نەك باشی و چاکە بەڵکوو نواندنەوەی جوانییە. گۆتەش ئەو ساتە وەختەی چاوی بەم دیوارانە دەکەوێت تەنیا لێهاتوویی و هونەری هونەرمەند دەبینێ و پەیام و ئامۆژە یان لە بەرچاو ناگرێت: «دەبێ نوێژگەی سیستین ببینی تاکو ئایدیایەکی تایبەت لە دەسەڵاتی مرۆڤ بەدەست بێنی». شێوەکاران بۆ خۆشیان تابلۆیەك نەخش دەکەن چما زیاتر لە هەمووشت دەرکی شوناسی شاراوەی ئەو بابەتانەیە نیشانیان داوە. بە وتەی (دی) ئافراندنی جوانی ـ کە تابلۆی



وەك خەیاڵگەرەکانی بەرهەمی واتۆ، یان سروشتی بێگیانی بەرهەمی شاردن، دیمەنەکانی (کینز بوورگ) یان پۆرترێت خەیاڵییەکانی (فراگوونار) شایەتی ئەم شتەن.

لە راستیدا، شێوەکاران بەم کارە، چەشنی بینەرانی تابلۆکانیان لە خستنەڕووی ئەو رەهەندە لە شێوەکاری خۆشحاڵ دەبن، کە هەرچەندد هەمیشە بوونی هەبووە، بەڵام لەم سەدانەی دواییدا کپ و بێدەنگ کرابوو، کە مەبەست هەمان هونەری شێوەکاری خۆیەتی. ئەم دۆزینەوە هەندێجار بەرەو ئاقاری ئەو شتەی نێوی هونەر بۆ هونەری لێنراوە، دەکشێ. بەڵام پێویستە بگوترێ، کە گۆڕانی هونەر هەرچییەك بێت، نابێ سیاسەت و ئابووری روو لەم ئاقارە بکەن، واتە هەرچەندد دەکرێ شێوازی کاری سیاسەتمەدار، یان کارکردی دەسەڵاتداریی ستایش بکرێ، بەڵام دەبێ بە پێی ئەنجامی کارو کردەکانیان داوەری بکرێن. بەڵێ، ئەو هونەرەی ئاگای لە یاساکانی خۆی هەیە لەگەڵ رۆحی رۆشنگەری ناسازگار نییە، بەڵام بە پێچەوانەوە، کە زانست، یان سیاسەت چ کارێك بۆ تێداچوونی دەرەنجام و ئاکامەکانیان ناکەن، لە راستیدا رۆحی رۆشنگەری و ئەو سوودانەی چاوەڕێیان دەکرێ، دەخەنە مەترسییەوە.

# 7

# یەکسانی

ئازادی کاروکردەکان هەم لەلایەن ئاکامە بە ناچارو حەتمییە مرۆییەکانی ئەم کارانەوە ئاستەنگ دەکرێ و هەم ئاگاداربوون لەو واقیعە، کە هەموو مرۆڤەکان سەر بە یەك رەگەزن و ئەنجام مافی پلەو پایەی یەکسانیان هەیە. هەڵبەت ئەم داواکارییە بە پێی ئەوەی هاوڵاتییانی وڵاتێکمان مەبەست بێت، یان تێکڕای دانیشتووانی گۆی زەوی، مانای جیاواز لەخۆ دەگرێ.

ڕۆسۆ لە کۆمەڵگاکەی خۆی دەڕوانی نە یەکسانی مافی تێدا بەدیدەکات و نە یەکسانی عەینی و هەر ئەمەش هانیدەدا کتێبی **گووتار سەبارەت بە ئاخێزگەو بنەماکانی نایەکسانی مرۆڤەکان** بنووسێت، کە لە راستیدا بە یەکەم رامانی گشتی ئەو لەسەر بارودۆخی مرۆڤ دەژمێردرا. ئەم کتێبە بە تێبینییەکی قورسەوە کۆتایی پێدێت: «ئەوەی کە بڕێك کەس لە خاوەنایەتی شتی بێکەڵك و بێ نرخ لێوانلێو بن و گەلێك کەسی دیکە برسی بن و لە پێویستترین شتەکان بێبەری ... ئاشکرا دیارە دژ بە یاسای سروشتە». بەڵام بۆ ئەوەی تەنیا بیر لە سەرەتای دووبارە بڵاوکردنەوەی سامان و داراییەکان بکەینەوە، دەبێ بکەوینە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دادوەر. چون دەوڵەتێکی لەم چەشنە لەم وڵاتانەدا کە ڕۆسۆ تێیاندا دەژیا، بوونیان نەبوو. کەواتە بیری بە لای شێوەی ڕێکخستنی ئەم جۆرە دەوڵەتانەدا دەڕۆشت. ئەنجام، ئەم هزرە لە کتێبی **پەیمانی کۆمەڵایەتی**



داوای یەکسانی بنەبڕ لە بەرامبەر یاسادا بەرز دەکاتەوە: «پەیمانی کۆمەڵایەتی، لە نێو هاوڵاتییاندا وەها یەکسانی دابین دەکات هەمووان لە هەلومەرجێکی هاوشێوەدا بەسەر بەرن و ئەنجام دەبێ لە مافی یەکسان بەهرەمەند بن». ئەو ئیرادەی بەسەر وڵاتدا حکومەت دەکات، بە مەرجێك بە راستی بە ئیرادەی گشتی لە قەڵەم دەدرێ، کە هیچ راو دەنگێکی دیکە وەلا نەخات». وەك دەزانین فەرەنسای ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەم نەیدەتوانی ئەم خواستە جێبەجێ بکات.

دانیشتووانی وڵات بۆ چەندین کاست دابەش دەبوون و وەك یەك سوودیان لە ئیمتیازو جیاوەکەکان نەدەبینی، مافی ژنان و پیاوان یەکسان نەبوو و کۆیلەکان بە هیچ شێوەیەك مافیان نەبوو. ڕۆسۆ بەم جۆرە تەوەری یەکسانی دامەزراند، هەرچەند بەدیهاتن و جێبەجێبوونیساڵەهای ساڵ درێژەی کێشا: ئایدیای یەکسانی هاوڵاتییان ساڵی 1789 تاڕادەیەك و ساڵی 1848 بە تەواوی هاتە پەسەدکردن و هەر لە ساڵی 1848یشدا کۆیلەداری لە بنەوە هەڵکەنراو ژنان ئەنجام ساڵی 1944 مافی دەنگدانیان وەرگرت. کەچی، یەکسانبوون لە بەردەم یاسا بۆ سڕینەوەو نەهێشتنی هەموو هەلاواردنەکان تەواو نییە و خواستی یەکسانی هێشتا لەم سەردەمەی خۆشماندا وتەو باسی رۆژە. بەڵام خەبات و خەبتینەکانمان لەم رێبازەدا، لە بەرنامەی رۆشنگەری ئیلهام دەگرێو درێژە بەو هەوڵانە دەدات، کە لە دوو یان سێ سەدە لەوە پێشەوە سەریانهەڵداوە. دانیەل دۆفۆ رایگەیاندبوو، کە بندەستیی ژنان تەنیا بۆ پەروەردە نەکردن و دەستڕانەگەشتنیان بە فێرکاری و ئامۆژە دەگەڕێتەوە. هێلوێسیووس لای وابوو ژنان لە بنەڕەتەوە یەکسانن بە پیاوان و کۆندۆرسێ داوای دەکرد کچان و کوڕان فێری وانەی یەکسان بکرێن، لە یەك شوێن و لای مامۆستای هاوسان بخوێنن و یاسا هیچ ژنێك لە ئەنجامدانی چ کارو پیشەیەك بێبەش و بێبەری نەکات.

بیریارانی ڕۆشنگەری، کۆیلەداری مەحکووم دەکەن هەرچەندد خەبات و دژایەتییەکی کارامە دژ بەم دیاردە ئەنجام نادەن. مۆنتسکیۆ دەڵێ: «کۆیلەداری هەم لەگەڵ مافی مەدەنی ناکۆکەو هەم لەگەڵ مافی سروشتی». ڕۆسۆ سەرپاکی تێبینی و پاساوەکانی بەردەوامیی کۆیلەداری، دەستبەجێ بەرپەرچ دەداتەوە: «وشەی وەك «کۆیلەیی» و «ماف» دژوازو دژبەرن و یەکدی نەرێ دەکەن». کۆندۆرسێ (بە نێوی خوازراوی «م. شوارتز»ەوە) نووسینێکی خۆی بە نێوی **رامان لەمەڕ کۆیلەیەتی ڕەشەکان** بەم وشانەوە دەستپێدەکات: «دابەزاندنی مرۆڤێك تا ئاستی کۆیلە، کڕین و فرۆشتن و ڕاگرتنی لە دۆخی کۆیلەییدا، هەریەك لەمانە، بە تاوانێکی ڕاستەقینە دێنە ئەژمار، تاوانێك کە لە دزی خراپترە». سەروبەندی شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا، ئۆلۆمپ دۆگووژ[1] بەنیاز بوو خەباتەکەی لە دوو لایەنەوە ـ هەم بۆ نەهێشتنی کۆیلەداری و هەم بۆ یەکسانی مافەکانی ژنان ـ درێژە پێبدات. لەم ڕووەوە لەگەڵ نووسینی شانۆنامەیەك بە نێوی کۆیلەیی ڕەشپێستەکان، گەڵاڵەی ڕاگەیاندن نامەی مافەکانی ژن و هاوڵاتی داڕشت: پاش ماوەیەك بە گیووتین سپێردراو تیاچوو ... .

بەڵام یەکسانی، لە سنوورەکانی هەر وڵاتێك مانایەکی هەیە. سەرجەم دانیشتووانی وڵاتێك دەبێ بە هاوڵاتیی ئەو وڵاتە دابنرێن و سەرجەم دانیشتووانی زەویش بە گشتی، بوونەوەرانی سەر بە مرۆڤایەتی لە قەڵەم بدرێن. خاڵە هاوبەشەکانی مرۆڤەکان بنەڕەتیترە لە جیاوازییەکانیان. مۆنتسکیۆ ڕادەگەیەنێ: «بە پێی پێویست مرۆڤم و فەرەنسی بوونم ڕێکەوتە». ئەو کەسانەی هەست دەکەن ڕۆحی ڕۆشنگەری چۆتە ناو بوونیانەوە، زیاتر لەوەی خۆیان بە هاونیشتمانی وڵاتەکەی خۆیان بزانن،

1. Dympe de Gouges



حەز دەکەن وەکو ئەندامی مرۆڤایەتی سەیر بکرێن. دۆنی دیدرۆ لە 22ی ڤێبریەی 1786دا بۆ دەیڤید هیومی نووسیوە: «بەڕێزم، دەیڤید، جەنابت هی هەموو نەتەوەکانی و هەرگیز داوای بەڵگەنامەی (غوسڵی) تەعمیدی کەس ناکەیت. منیش وەك تۆ، لەوەی، کە هاوڵاتی جیهان شاری گەورە بم، شانازی بە خۆمەوە دەکەم».

هەرچەند یەکسانی تاقە بڕگەو هۆکاری شوناسمان نییە بەڵام لە جیهانێکدا کە بنەمای باش و خراپ چیدی نە لەسەر وتەی خودایی دامەزراوەو نە لەسەر فێرکردنی نەریت و سوننەت، مەشرووعییەتێکی لەبەردەست دەستەبەر دەکات. بە شێوەیەك کە هەستی پەیوەستبوون یان سەر بە مرۆڤایەتبوون ئیعتبار بە هەڵبژاردنی چاکە دەدات. ڤۆڵتێر لە یەکێك لە وتووێژە فەلسەفییەکانیدا[1] پرسیار دەکات: «چی بە دادوەرانەو چی بە نادادوەرانە بزانین؟» لە وەڵامدا دەڵێ: «ئەوەی لە سەرتاسەری جیهاندا دادوەرانە، یان نادادوەرانەیە». ڕۆسۆش دادوەرانەو نادادوەرانە بە هۆکردی ئەویدیخوازی و خۆخوازی دەزانێت. «هەرچی کەمتر دڵبەستەی ئەو شتانە بین، کە خۆشمان دەوێن، ئەوەندەش گومانی لەبەرچاوگرتنی سوودو بەرژەوەندی تاکەکەسی کەمترو کاڵتر دەبێتەوەو هەرچەندە بەرژەوەندی و سوودەکان گشتیترو گشتگرتر ببینین، دادوەرتر دەبین. بەڵێ، مرۆڤدۆستی، هەمان عەشق بە دادوەرییە». کەوابوو، گشتێتی دەبێتە پێوەری دادوەری و کانت دواتر بابەتی ڕەهای خۆی لەم بوارەدا بەم شێوە دەخاتە بەرباس: کردەوە، بە مەرجی تەبابوون لەگەڵ ڕێسای ئەخلاقی و ئاکاریی گشتگر، بە باش دەژمێردرێ. بەم پێیە، یەکسانی هەمان بنەمای مافی هاوڵاتییان و ئەخلاقی مرۆڤەکانە. هەنووکە ئەم پرسیارە دێتە ئارا، کە ئاخۆ مرۆڤەکان لەو مافانەی تەنیا بە

1. Dialogues philosophiques

هۆی مرۆڤبوونیانەوە هەیانە، بەهرەمەندن؟ هەندێ نووسەری پەیوەندیدار لەگەڵ ڕێبازی مافی سروشتی وا بیردەکەنەوە، ئەمان ئاخێزگەی ئەم مافانەیان لەم واقیعە خۆیدا دەبینن، کە هەمووومان سەر بە ڕەگەزێکی یەکەو خاوەنی کەرامەتی هاوسانینا و نەك لە سیستەمی گەردوونی و گوتەی خواوەندیدا. ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەم، کریستیان ڤۆلف، یەك لە دیارترینی ئەم نووسەرانە، نووسیویەتی: کۆمەڵێك مافی جیهانی بوونیان هەیە کە«هی هەر مرۆڤێکن، وەکو مرۆڤا و لە پێگەی مرۆڤدا». هەڵبەت ئەم مافە سروشتییانە جیاوازن لەو مافانەی تاکەکان وەکو هاوڵاتی لێی بەهرەمەندن چونکە لە نەبوونی دەوڵەتی خاوەن سیستەمی دادوەریدا، چ گەرەنتییەك نییە بۆ جێبەجێ بوونی مافە سروشتییەکان. لەم ڕووەوە مافی جیهانی و گشتی لە پرەنسیپی ئەخلاقی نزیکە، کە بێ بایەخمەندبوون لە دەسەڵاتی ناچاری، بە پرەنسیپی دڵخواز لە قەڵەم دەدرێن. هەڵبەت چ شتێك نابێ ببێتە هۆی ئەوەی دەوڵەتێك مافی مرۆڤ ڕەچاو نەکات و ئەم مافانە لە یاسای بنەڕەتی وڵاتی خۆیدا نەگونجێنێ. لەم حاڵەتەدا، مافەکان، جگە لە دەستەبەرکردنی بەهاو پێگەی جیهانی و جیهانگر، لەنێوا خۆی وڵاتیشدا هێزو پلەی یاساییان دەبێت. ڕاگەیاندننامەی مافی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەساڵی 1776 یان بەیاندننامەی مافی مرۆڤا و هاوڵاتییێ فەرەنسا لە ساڵی 1780 نموونەی زەقی ئەم بابەتەن. مافی مرۆڤ ئەوڕۆکە خاوەنی بەهاو ئابڕوویەکی قەبەو تایبەتەو سەرجەم حکومەتەکان کەم تا زۆر خۆیان بە لایەنگرو داکۆکیکاری نیشان دەدەن. هەڵبەت ئەم بانگەوازە - ڕێگریی ناکات لەوەی کە هەر ئەم حکومەتانە - تەنانەت بەنێوبانگترینیشیان لەمەڕ لایەنگری لەم مافانە - کەی بارودۆخەکە وا بخوازێ، بە کردەوە پێشێلی بکەن.

نموونەی هەمان سزای لەسێدارەدانە. بێکاریا لە نامیلکەی **تاوان و سزادانەکاندا** بە باشترین شێواز ئەندێشەی ڕۆشنگەری پەیوەست بەم پرسە



لێکدەداتەوە. هەر مرۆڤێك، نەك لەبەر ئەوەی هاوڵاتی فلان و فیسار وڵاتە، بەڵکو وەکو ئەندامێکی مرۆڤایەتی، خاوەنی مافی ژیانەو ئەمە مافێکە نابێ لە کەس بسەنرێتەوە: لە ئازادی سروشتی خۆم بۆ بەهرەمەندبوون لە ئازادی (پاراستنی) مەدەنی چاو دادەخەم بەڵام هەرگیز - چ ئاشکراو چ ژێربەژێر - مافی مان و نەمان (ژیان و مەرگی) خۆم ناسپێرمە دەستی کۆمەڵگا. بە ڕاستی تێدابردنی پڕاوپڕی خواستی تاکەکەسی لە سەردەستی خواستی گشتی و بە کۆمەڵ بە چ پاساوێك لێکدەدرێتەوە؟ بێگومان هۆی ئەم کارە پێویستیی بەرگیریکردن لە تاوان و خراپەکارییەکانی تاوانبارەکە نییە چونکە بۆ کوشتنی تاوانبار دەبێ سەرەتا قۆڵبەست بکرێ و بخرێتە زیندان. ئاخۆ بۆ ئەوەی سزای هەڵەکەی بداتەوە؟ پێویستە بگوترێ ئەم تەمێکردنە کاتێك، کە باوەڕمان بە ژیانی پاش مەرگ هەبێت، مانای هەیە. ئەگەر کەسەکە، کە چیدی بوونی نییە، چۆن لەم تەمبێکردنەوە دەرس وەردەگرێ؟ بە باوەڕ بە ژیانی پاش مەرگ، کەسی لەسێدارەدراو، دەتوانێ لە جیهانی دیکەدا قورسایی هەڵەکەی بە لەبەرچاوگرتنی بارستایی سزاکە هەڵسەنگێنێ.

هۆکارێکی دیکە پاساوێکی باوە بریتییە لە بەهای بەرگریکاری بە مەرگ سزادان بۆ زیندووەکان، واتە سزادان بەو مەبەستەی ببێتە پەندی دیتران. لەم بارەوە پێویستە بگوترێ، تا ئێستا چ توێژینەوەیەك داکۆکی لەم کاریگەرییە بەرگریکارە نەکردووەو بۆ نموونە، ویلایەتە یەکگرتووەکان، وڵاتێکی ڕۆژئاوایی، کە هێشتا سزای لەسێدارەدان تێدا جێبەجێدەکرێ، بەرزترین ڕێژەی تاوانی هەیە. بێکاریاش لە ڕاستیبوونی ئەم کاریگەرییە بەگومانە چونکە سزای لەسێدرەدان لە باتی تەمبێکردنێك بێت بۆ کوشتنی مرۆڤ، خۆی لاسایی ئەم دیاردە دەکاتەوە: «بە ڕاستی هەمان ئەو ڕۆحە هۆڤەی دەستی یاسادانەی ڕێنوێنی کرد، ڕێنوێنی دەستی باوککوژ و مرۆڤکوژیش بوو». هەروەها بێکاریا لای وایە سزای لەسێدارەدان مەترسی

لاساییکردنەوەی ئەم کارەی لەگەڵدایە. «سزای لەسێدارەدان، لە واقیعدا بەو چەشنە توندوتیژییەی نیشانی دەدا، خۆشی خەسار دەڕەخسێنێ». هەڵبەت ئەم خاڵە نابێ لەبەرچاو نەگیرێت، کە کاتی شەڕی هەر حکومەتێك نەك تەنیا ڕێگە بە خەڵکانی ئەو وڵاتە دەدرێ دوژمن بکوژن، بگرە تەنانەت بۆ ئەنجامی ئەم کارە هانیشیان دەدەن. بەڵام جەنگ بە زۆری کەی چ ڕێگەو ڕێچکەیەکی وەك گفتوگۆو دانووستان بێنێتەوە، هەڵدەگیرسێ. ئەو کاتانەی جەنگ لە ئارادا نەبێ هاوڵاتیانی وڵات بە پێی یاسا ژیان بەسەر دەبەن و لەم حاڵەتەدا لاساییکردەیەکی سەربازی کردنەوە، ئەویش لە چوارچێوەی یاسادا، لە ڕاستیدا، خستنە مەترسیی ئایدیای یاسا خۆیەتی: «لای من پووچ و بێبەهایە یاسا، کە خۆی دەربڕو نیشانەی ئیرادەی گشتییەو کوشتنی مرۆڤ بە خراپ دەژمێرێ و تەمبێ و سزای بۆ دابین دەکات، خۆی مرۆڤ بکوژێت و بۆ ترساندنی هاوڵاتییان لە کوشتنی کەسێك لە پێش چاوی هەمووان کەسێك لەسێدارە بدات».

ئەشکەنجەش لاقەیەکی دیکەیە بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ، کە هەندێ لە حکومەتەکان جاروبار ئەنجامی دەدەن. لەو ڕووەوە، کە هەر مرۆڤێك مافی پاراستنی هەموو جەستەو لەشی خۆی هەیەو تەنیا خۆی دەتوانێ بە بڕینەوەی ئەندامێك، یان خۆکوژی، ئەم مافە پێشێل بکات کەواتە ئەشکەنجەش چەشنی کوشتنی مرۆڤ نایاساییە. دەزانین حکومەتەکان بە زۆری نەك لەبەر ئازاردانی دیتران و سادیسم بەڵکو بە مەبەستی دەستخستنی زانیاریی پێویست ئەشکەنجە بەکار دێنن. بێکاریا نووسیویەتی ئەمانە دەیانەوێ «ئێش و ئازار بگۆڕێ بۆ کوورەی هەڵسەنگاندنی حەقیقەت».

گەیشتن بەم دەرەنجامە نرخێکی زۆری دەوێ، چونکە بۆ دەرکێشانی ئەو دانپێدانانەی زۆرجار بەهاو بایەخیان جێگەی گومان و دوودڵییە، (تاکی



ژێر ئەشکەنجە لەوانەیە بۆ ڕزگاربوون لە ئێش و ئازار دان بە هەر شتێکدا بنێ) تەك هەر زەحمەت و دەردێکی زۆر بە کەسەکە دەدرێ ـ کە ئاسەواری تا کۆتایی ژیان دەمێنێتەوە ـ بەڵکو ئەشکەنجە، ئەشکەنجەدەرەکەش لە ناوەوە وێران دەکات، چونکە هەستی هاوبەشی مرۆڤبوونی گشتگری تێدا دەکوژێ. جگە لەمانە، ئەشکەنجە بە خەڵك دەڵێ لادان لە سنوورو ئاستەنگە یاساییەکان ڕێگە پێدراوە.

سەردەمی جەنگی ئەلجەزیرە، سوپای فەرەنسا، بە شێوەی تایبەت و بە دەستوور ئەشکەنجەی بەکاردەهێنا. بە تایبەت ساڵانی پاش 1957 واتە ئەو کاتانەی ئەرکی پۆلیسیشی لە ئەستۆ گرتبوو. تێبینی و پاساو ئەمە بوو، کە گوایە لەم جۆرە شەڕە ناوخۆییانەدا دوژمن بەدیناکرێ و دەستخستنی زانیاریی بۆ دۆزینەوەی شوناس و ناسنامەی دوژمن حاشاهەڵنەگرە. بە زۆری بەڵگاندنی «بومبێك کە بڕیارە یەك کاتژمێر دواتر بتەقێتەوە» بەکار دەهێنرا، کە لە واقیعدا بۆ چەند کەیسێکی ریزپەڕ دەگەڕایەوە لە حاڵێکدا کە هەزاران کەسیان ئەشکەنجە دەداو ئەشکەنجەکان چەندین کاتژمێر پاش کات و ساتی گریمانکراو درێژەیان دەکێشا. خاتوو (ژێرمین تییوون) کە هەولێدەدا بەر بەم کارانە بگرێت ڕێکەوتی 7ی دیسەمبەری 1957 بۆ ئەسقەفی پاریس دەنووسێ: «لە 6 مانگی رابردوودا، کۆمەڵێك ژن و کچی موسوڵمان و مەسیحی لەبەر هۆکاری پووچ، یان تەنانەت بێ بوونی چ هۆکارێك، ئەشکەنجە دراون. ئەشکەنجەی وەك: ڕووتکردنەوە، ئەشکەنجەی حەوزی ئاو، ئەشکەنجە بە ئێلکریسیتی (کە هەندێجار ئێلکترۆدەکان دەخرانە سەر ئەندامی جنسییەوە) پێکەوە بەستنی دەستەکان لە پشتەوە، لە مەچەکی دەستەوە هەڵواسین، کە ئەشکەنجەیەکە وەك ئەشکەنجەی لەخاچدان چونکە دەبێتە هۆی خنکاندن».

بەم شێوە،(عادل الجمادی)، زیندانی عێراقی، نۆڤەمبەری ساڵی 2003 لە ژێر ئەشکەنجەی لێپرسراوانی سیاسی زیندانی ئەبوغورەیب مرد. پاش شکاندنی سێ پەراسوو و کردنی سەری بە نێو زەرفێکی پلاستیکیدا، بەو دەستانەی، کە لە مەچەکەوە کەلەپچەکرابوو بۆ پشتەوە هەڵیانواسی. بەم چەشنە کەمتر لە یەك کاتژمێر پاش هێنانی بۆ زیندانەکە بەهۆی خنکانەوە گیانی لەدەستدا. هەڵبەت ژمارەیەك لەوانەی لەسەر ئەم شێوازە ئەشکەنجە کراون رزگاریان بووەو نەمردوون، لەوانە، ژان ئامێری، زیندانیی گێشتاپۆ لە کاتی شەڕی جیهانی لە بەلجیکا، لە نووسینێکدا بە نێوی **ئەوپەڕی تاوان و سزادان** بەسەرهاتی خۆی وردو پوخت گێڕاوەتەوە. زیندانیانی دیکەی ئازادبوو لە ئۆردوگای گوانتانامۆ حیکایەتی خۆیان دەگێڕنەوە کە چۆن لەوێ لێیان دراوە، بە رووتی کراونەتە نێو قەفەس، ناچارکراون هەندێ دەرمان بخۆن و سەیری فیلمی پۆرنۆگرافی بکەن و سەگی هاریان کردووەتە لایان، کە ئەمەی دواییان لاپەڕەیەك لە کتێبی 1984ی جۆرج ئۆروێڵ دێنێتەوە یاد ئەو ساتەوەختەی مشکە سەحراییەکان لە نزیك زیندانییەکان رادەگیران.

هەرچەندە تەنیا سرویسەکانی دەزگای زانیاریی ئەمریکا نین، کە زیندانییەکانی خۆیان ئەشکەنجە دەدەن، بەڵام حکومەتی ئەمریکا بە هۆی هەوڵدانی بۆ بە یاساییکردنی ئەشکەنجە، هەڵوێستێکی ریزپەڕی گرتووە.پاش کردەوەی تیرۆریستیی 11ی سێپتەمبەری 2001، دیك چێنی[1]ی جێگری سەرۆکی ئەمریکا بەڵێنی دا هەموو رێوشوێنێك بگرێتە بەر بۆ دژایەتیکردنی تیرۆریزم. یاداشتی نافەرمی وەزارەتی دادوەری بەرواری یەکەمی ئووتی ساڵی 2002 هەندێ لەم رێوشوێنانە دەستنیشان دەکات: بەرگرتن لە هەناسەدانی کەسەکە بێ ئەوەی بخنکێت، بێ خەوی،

1. Dick Cheney



نوقمبوونی کاتی لە نێو ئاو، بێبەریکردن لە دەرمان بۆ چارەسەرکردنی برینەکان، کوێرو کەڕکردنی کاتی. هەرچەندە زۆربەی ئەشکەنجەکان دەروونین نەك جەستەیی، بەڵام زیندانی تا ئاستی شێتی دەبەن و گەلێك خەساری رۆحیی قورس و بەزەبر دەوەشێنن. حکومەتی ئەمریکا بەردەوام سەرپێچی لەوە دەکات، کە لەگەڵ ئەم تیرۆریستانە بە پێی کۆنڤانسیۆنی ژێنێڤ بجووڵێتەوە. جۆن مەك‌کین[1]ی سیناتۆری ئەمریکی، کە خۆی زیندانیی شەڕی ڤێتنام بووەو ئەشکەنجەی بینیوە، گەڵاڵەی یاسایەکی پێشنیار کرد، کە داوای لە بەڕێوەبردنی یاساو رێسای زیندانەکانی ئەمریکای لە زیندانەکانی سیا کردبوو، بە دەربڕینی دی، ئەشکەنجە بەنایاسایی دابنرێ. ئەنجومەنی پیران ئەنجام دەنگی ئەرێی پێدا. بەڵام کۆشکی سپی توند دژ بەم گەڵاڵە هەڵوێستی گرت. ئەم ئەشکەنجانە ساڵانێك پاش کردەوە تیرۆریستییەکان و دەستێوەردانی سەربازیی ئەمریکا بەردەوام بوو. خاڵی هەژێنەری ئەم رووداوە ئەوەیە، کە نەك تەنیا ئەشکەنجە بە رێگەپێدراو لە قەڵەم دراوە بەڵکو نێوی خەبات بۆ ئاسایشی ناوخۆیی و مافی مرۆڤیان لێنا، واتە نێوی ئەو مافانەی ئەم ئاکارە خۆی پێشێلیان دەکات.

کەوابوو، سزای لەسێدارەدان و ئەشکەنجە بەرپەرچدانەوەی یەکسانی و گشتێتییە، کە رۆشنگەری بانگەوازی بۆ دەکات. گۆڕانی یەکسانی هەمان پچڕانی پەیوەندی نێوان گشتی و تایبەتی و یەکبوون و لەخۆ بردووییە. لەبەر ئەوەی رۆشنگەری هەردووکیان دەخوازێ کەواتە ناکرێ بڵێین سنووری جیاکەرەوەیان جارێك بۆ هەمیشە دانامەزرێ. ئەگەر هەر میتۆدو کەرەستەیەك بۆ سەپاندنی یەکبوون و یەکیەتی بە باش وەربگیرێت، هەڕەشەیە بۆ سەر ئازادی تاکەکان و کە مافی مرۆڤ تاقە پێوەری بەدەر لە

1. John McCain

نارەزایی بێت لە فەزای گشتیداو بگۆڕێ بۆ تەنیا هەڵسەنگێنەرو پێوەری راستی گوتەو کردارەکان، بەرەو پانتایی «سیاسەتی پەسنی رۆژ» و «هێرشی توندوتیژی میدیایی» واتە رەوایەتی دیموکراتیی بەدواداچوونی نەیارەکان دەڕۆین، واتە چەشنێ زیاکاریی پارێزکارانە، کە مەبەستی سەرکوتکردنی هەر جۆرە گوتارێکی ناکۆك بەم سیاسەتەیە. شانتاژێکی ئەخلاقی لەم چەشنە کە رەنگە لە پشتی هەر مشتومڕو گفتوگۆیەکدا دەرکەوێ، گەلێك دواهاتی شوومی بۆ ژیانی دیمۆکراتیك پێیە. چونکە زاڵبوونی خێر بەسەر حەقیقەتی بەدواوەیەو سیمایەکی راستەقینەو حەقیقی بە هەر شتێك دەبەخشێ، کە دژ بە گوتاری زاڵ بوەستێ. هۆکاری سەرکەوتوویی و بڕەوی تێزە راستە زیاڕۆیانەکان لە فەرەنسا ئەوەیە، کە ئەم رەوتە وەکو تاقە هێزێك، کە بوێریی «گفتوگۆ»ی هەیە، شانازی بە خۆیەوە دەکات، لە حاڵێکدا لە راستیدا کارێك جگە راگەیاندنی هەڵوێستی دژ بە «سیاسەتی پەسنی رۆژ» ناکات. بەم شێوە، ئەوەی دەکرێ نێوی «بێدەسەلاتیی سیاسی» لێبنرێ،) وەکو بابەتێك (لەسەر حەق دەکەوێتە روو.

نە دەبێ حەق ئاوێتەی ئەخلاق بکرێت و نە نووسەرانی ئەو قسانەی دڵخوازی ئێمە نین راپێچی دادگاکان بکرێن. بە وتەی بێکاریا، «ئەرکی قازی و دادوەران ئەوە نییە تاکەکان ناچار بکەن رێز لە هەستی مرۆڤەکانی دی بگرن، بەڵکو دەبێ بە مانەوە لەسەر ئەو پەیمانانە ناچاریان بکەن، کە پێکەوەیان دەبەستێت». هەر بۆیە، دەزگا دادوەرییە نێونەتەوەییەکان دەبێ پشت بە پەیمان و گرێبەستە بە راستی هەبووەکان ـ وەکو ئەوەی وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا پێکەوە دەبەستێ ـ ببەستن نەك بەرزەفڕیی کارکردی ئەخلاقی جیهانی بگرنەبەر. پێویستە ئەو خاڵە رەچاو بکرێت، کە ئەو مافەی بە هیچ زۆرێك گەرەنتی نەکرێت و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانیش لەگەڵ کارکردیدا نەبن، ئایدیای حەق خۆی، دەخاتە



مەترسییەوە. بەم مانایە، کە وڵاتێکی بیانی بۆی نییە بۆ سەقامگیرکردنی یاسامەندی یان مافی مرۆڤ لە) وڵاتی (دراوسێیدا دەست بداتە توندوتیژی، واتە ئەو شتەی ئەورۆکە هەندێجار بە نێوی «مافی دەستێوەردان»ەوە قسەی لەسەر دەکرێ. هەڵبەت کارکردی وشەی «ماف» لەم زاراوەدا خۆی گەلێك سەیرو سەمەرەیە. لە راستیدا پرسیار ئەمەیە، کە ئەو مافەی بۆ چارەسەرکردنی پرس و گرفتی دیتران بێ ئەوەی رای لەسەر بێت، بە خۆمی دەدەم، لە کوێوە هاتووە؟ راستە چەشنێ هەستی یەکگرتوویی بە هەموو دانیشتووانی گۆی زەویمان دەبەستێتەوە و لەسەرمانە کەی پێویست بوو یارمەتییان بدەین، بەڵام «مافی» هێرشی سەربازیمان نییە بۆ سەر وڵاتێك کە خەڵکەکەی لە ناخۆشیدا دەژین. لەم حاڵەتەشدا وەکو کەیسی ئەشکەنجەی رێکخراوی سیا کەرەسەی بەکارهاتوو مەبەستی دیارکراو پووچەڵ دەکاتەوە. ئەم لاڕێ رۆشتنە لەوانەیە بۆ کێشانەوەی سنووری نێوان پێشنیارو سەپاندن، کاریگەری و ناچاری و ئەنجام ئاشتی و جەنگ ناچارمان بکات. بەشی یەکەمی ئەم دووانە ناوبراوانە، واتە پێشنیارو کاریگەری و ئاشتی هاوخەمی و هاودەردیکردن لەگەڵ پەژارەو رەنجی دیتران بەرپەرچ ناداتەوە لە حاڵێکدا بەشە دووەمینەکان، واتە سەپاندن و ناچاری و جەنگ، وا دەکەن. پییەر بایل، یەك لە مزگێنیدەرانی راستەقینەی رۆشنگەری، پرۆتستانتێك کە لە سەرکوتی کاتۆلیکی دەرباز بوو،کۆمەلێك وشەی شیاوی بۆ ئەو کەسانە دانا، کە وەسوەسەی بەکارهێنانی زۆرو گوشاریان بۆ سەپاندنی خێر، لا درووست بووە. سەبارەت بە بەسەرهاتی خۆی، کاتۆلیکەکان بەم شێوە خێریان پێناسە کردووە، کە دەیانەوێ رۆحی پرۆتستانەکان رزگار بکەن و بەختەوەرییان مسۆگەر بکەن و لە ئەنجامدانی کارەکەشیاندا لەوەی، کە کەڵك لە زۆرو گوشار وەربگرن، دوودڵ نەبوون. بەڵێ، خێر هێند بەهادار دیار بوو لە رێگەی خۆیدا قوربانیشی دەدا

(هەڵبەت لە لایەنی بەرامبەر). لێکدانەوەی پییەر بایل بۆ ڕێکاری وەرگێڕاو لەم ئایەتەی ئینجیل «بە زۆر بیانهێنە ناوەوە»، کە وەکو پاساوی سەرکوتی ئەوانەی جیاواز بیردەکەنەوە کەڵکی لێوەردەگیرا، بەم شێوەیە: «بیانکوتن، لێیاندەن، زینندانیان بکەن، هەموو لاسارەکان بکوژن، ژن و منداڵیان بڕفێنن، سەرپاکی ئەم کارانە ئەو کاتەی هاوتەریبی ئامانجەکانی من بێت، باشە بەڵام کەوا نەبوو بە تاوانی تۆقێنەر دادەنرێ». کەواتە ناکرێ بە کەرەستەی سووك و بێبایەخەوە مەبەستی بەرزو باڵا بپێکی چونکە لە ڕەوتی کارەکەدا مەبەستەکە لە دەست دەردەچێ. بۆ نموونە، کۆلۆنیالیستەکان وایان کرد، بە شێوەیەك، کە بە بیانووی هێنانی ئازادی وەکو دیاری، خەڵکانێکی زۆریان بەند کرد. لە سەردەمی ئەوڕۆماندا ئەو هێزە چەکدارانەی لێرەو لەوێ، بانگ دەدەن ئازادیان کردۆتە دیاری بۆ خەڵك و بەم مەبەستە «بۆمبی دۆستانە» بەسەریاندا دەبارێنن، وایان کردووە.

هەرچەندد یەکسانی پاساو بۆ بەکارهێنانی زۆر لە دەرەوەی چوارچێوەی یاسا ناهێنێتەوە، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە، ڕێزگرتن لە هەرکەس بەو مانا نییە کە نۆرمی هاوبەشیش مافی بوونیان نییە. لەوانە، هەندێ کردار، کە لە نەریتی وڵاتێکی بیانیدا قووڵ چەقیوەو دەبێ مەحکووم بکرێن، کە خەتەنەکردنی کچان نموونەیەتی: لاقەبردن بۆ مافێکی مرۆیی هەرچەند پاساو نییە بۆ دەستێوەردانی سەربازی بەڵام نابێ لەبیرمان بچێت تاقە کاری مومکین لەم بوارەدا دەستێوەردانی سەربازی نییە. ئێمەی ئەورووپی زۆربەی جار ئەم خاڵە لەبیر دەکەین، کە لە ڕابردوویەکی نە هێند دووردا، کردارو کارەکانی خۆشمان تا چەند لە کارو کرداری هەنووکەییمان جیاواز بووەو هۆی ئەم گۆڕان و کەوڵاوکەوڵییە، نەك داگیرکاریی بیانی بەڵکو پێویستیی بووە. لە ڕاستیدا خەتەنەی کچان لە وڵاتێکدا ئەنجام دەدرێ، کە لە رووی یاساییەوە یاساخ و تاوانە، بێدەنگ بوون لێی بە



بیانووی ڕێزگرتن لە تایبەتمەندییەکی کولتوورییەوە پەسەند نەکراو و هەڵەیە. سەبارەت بە توندوتیژی دژی ژنان ـ «نەریتێکی» زۆر باوی دیکە ـ یان توندی و ڕەفتاری خراپ لە زیندانەکان یان ئاستەنگکردنەوەی ئازادی ڕادەبڕین بەم شێوەیە. بەڵێ بەهاو نرخ و هاوبەهادانانی هەموو کارەکانی مرۆڤ، چاوپۆشی لە یەکسانی مرۆڤەکان بە نێوی سازان و هەڵکردن و لەخۆبردووییەوەو ئەنجام ئەم داوەرییەی لێدەکەوێتەوە، کە دیتران شیاوی بایەخمەندبوون لە ڕەفتارو ژیانێکی هاوشێوەی ئێمە نین. کەواتە یەکسانی ماف، چ بوارێك بە مشتومڕ و دوودڵبوون نادات.

سەردەمی ڕۆشنگەری بە دۆزینەوەی دیتران وێڕای نامۆو بیانی و بوونیان دیاری دەکرێ، هەرچەند پێشتر، یان لە شوێنێکی دیکە ژیابێتن: کەوابوو پێچەوانەی قۆناغەکانی پێشوو، چیدی لەواندا وێنای ئامانجی خود، یان نیشانەی کۆنی تەواوێتی هەنووکەیی خود بەدیناکرێ. بەڵام ئەم نرخ و بەهادانانە بۆ فرەجۆری مرۆڤەکان بە مەرجێك پتەو و بەنرخ دەکەوێتەوە، کە لە ڕێژەگەرایی توندڕەوانەو ڕادیکاڵ دوور بکەوێتەوەو بەرەو چاوداخستن لە مرۆڤایەتی هاوبەشمان پاڵمان نەنێت.

# 8

# ڕۆشنگەری و ئەورووپا

ڕۆحی ڕۆشنگەری، بەو شێوەی ئەوڕۆکە دەکرێ لێکبدرێتەوە، پرسێکی سەیر دێنێتە کایەوە بە مانای ئەوەی هەرچەند هەوێن و بنچینەکانی لە قۆناغی جۆراوجۆرو لە سەرجەم ژیارە مەزنەکانی جیهاندا بەدیدەکرێ، بەڵام تەنیا لە کات و ساتێکی تایبەت ـ واتە سەدەی هەژدەهەم ـ و لە شوێنێکی تایبەت ـ واتە ئەوروپا ـ خۆی ناساند. با ئێستا هەریەك لەم دوو بڕگە، کورت ڕاڤە بکەین. یەکەم هەنگاو، ناچار دەبێ ئەم خاڵە پشتڕاست بکەینەوە، کە هەرچەندد ئەندێشەی ڕۆشنگەری هەمیشەو لە هەموو شوێنێك بەدیناکرێ بەڵام ئەندێشەیەکی جیهانی و جیهانگرە. لەم بەستێنەدا تەنیا قسە لەسەر ئەو پراکتیکانە نییە ئەندێشەی ڕۆشنگەرییان پێشوەخت گریمان کردووە، بەڵکو قسە لەسەر دەستڕاگەشتن بە وشیاری تیۆرێکە. سەدەی سێیەمی پێش زایین لە هیند، چەند نیشانەیەکی ئەم ئەندێشە بینراوەتەوە لە ئامۆژگاری بۆ پاشاکان و هەروەها ئەو فرمانانەی ئیمپراتۆرەکان دەریاندەکرد. ئەم نیشانانە لە سەدەی هەشتەم، تا دەیەمی زایینی لای «هزرڤانانی ئازاد»ی ئیسلام و کاتی سەدەی یازدەو دوازدەی زایینی و سەرهەڵدانی ئایینی کۆنفۆشیووس لە سەردەمی ئیمپراتۆرانی سونگ و یان بزووتنەوەکانی دژ بە کۆیلەداری لە ئەفریقیای ڕەش لە سەدەی حەڤدەو سەرەتای سەدەی هەژدەدا بەدیدەکرێن. هەنووکە گەشتێکی ڕێکەوتی دەکەین بەنێو چەند توخمی ئامۆژەیی کە هی وڵات و زێدی جۆراوجۆرن.



بۆ نموونە ئاماژە بەو ڕاسپاردانە دەکەین کە لە پەیوەندی لەگەڵ جۆراوجۆریی ئایینی نێو وڵاتێکی یەکەدا تایبەتن بە هەڵکردن و لەخۆبردوویی. وەك ئایینی برەهمایی و ئایینی بوودی لە هیند، ئایینی کۆنفۆشیووس و ئایینی بوودی لە چین، ئامادەیی موسوڵمان، یەهوودی، مەسیحی، زەردەشتی و مانەوییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، یان پێکەوەژیانی ئیسلام و نەریتە کفرئامێزەکان لە ئەفریقیای ڕەش. وەك دەبینین لە هەموو شوێنێك ـ بەو شێوەیەی بە نیسبەت ئەورووپای سەدەی هەژدەهەمەوە دەگوترا هەڵکردن لە شەڕ و سەرکوتکاری لەبەرترە. خواستێکی دیکە، کە ڕەنگە پەیوەندی بەم بابەتەوە بێت لائیسیتییە، واتە پێویستی جیایی سیاسەت لە ئایین و هەروەها جیایی دەسەڵاتی دەوڵەت لە دەسەڵاتی ئایین. ئەم خواستە بۆیە گرنگە چونکە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە پێی پرەنسیپگەلی پراوپڕ مرۆیی بەڕێوەدەبرێ. کەوابوو دەسەڵاتی دنیایی باشترە بدرێتە دەستی شارەوانان و نەك نێوەندیارانی جیهانی سەرەوە.

سەربەستی سیاسیش کەیسێکی دیکەیە دەکرێ بخرێتە بەرباس. بەڵام دەبێ سەربەستی ناسینیش لەگەڵیدا ڕەچاو بکرێت. چەند نموونەیەك دێنینەوە: ئەندێشەی باو لە هندستان بریتییە لەوەی کە پاشا دەبێ گوێڕایەڵی نەریتەکان بێت نەك گوێ بۆ سیحرو پەیامی ئەستێرەو ئەستێرەناسان ڕادێرێ، بەڵکوو دەبێ تەنیا پشت بە توێژینەوەی ئاوەزمەند ببەستێ، بەرگری (زەکەریای ڕازی) پزیشکی بەنێوبانگی عەرەب[1] لە

1ـ بێگومان زەکەریای ڕازی زانایەکی وڵاتی ئێران و فارس زمان بووە، کە لەم کتێبەدا بە عەرەب باسکراوە. ڕەنگە سەرچاوەی سەرەکی نووسەری ئەم کتێبە لەم بارەوە، کتێبی سێ بەرگی مێژووی زانستی عەرەب بێت، کە چەن ساڵێکە کاری نووسین و بڵاوکردنەوەی لە فەرەنسا لەسەردەستی ڕوشدی ڕاشید ئەنجام دراوە و نووسەر=

سەدەی نۆیەمی زایینیدا، لە زانستی بەتەواوی مرۆیی و هەڵێنجراو لە ئەزموون و تاقیکردنەوەی بە دەستوورو عەقڵانی، داهێنانی تەکنیکی پڕئەژماری مێژووی چین، کە رووکردی وەستاو لەسەر توێژینەوەی ئازاد لە بواری زانست و زانیاری نیشان دەدەن، و ئەنجام پێشڤەچوونە زانستییەکانی جیهانی ئیسلام لەوانە بیرکاری، ئەستێرەناسی، نوورناسی و پزیشکی.

نیشانەیەکی ناسراوی دیکەی ئەندێشەی رۆشنگەری بەهاو بایەخی یەکسانی هەموو مرۆڤەکان و بونیادی جیهانیی ئەخلاق و لەوێشەوە یەکبوونی مرۆڤایەتییە. سەدەی سێیەمی پێش زایین، ئاشووکای ئیمپراتۆریای هند رایگەیاند: «لە سەرتاسەری جیهاندا چ کارێك بالاتر لە چاکە نییە»، هەر ئەم ئەندێشەی یەکسانییە، بوو بە خاڵی دەستپێکی خەبات دژی کۆیلەیی لە ئەفریقیا. ساڵی 1615، ئەحمەدبابا لە نامیلکەیەکدا، بانگی بەرگری لە یەکسانی رەگەزەکانی بەرز کردەوەو کاری کۆیلەدارانی بە نامەشرووع لە قەڵەم دا.

ئەو نموونانەی کەم، تا زۆر لەسەر خواستی خۆم سەبارەت بەوەی ناوی رۆحی رۆشنگەری ئەورووپی لێدەنێن هێناومە، هەرچەندد رۆڵێکی کەم تا زۆر گرنگ و جێ سەرنجیان گێڕاوە، بەڵام پێویستە بگوترێ لە هند پانتایی راسپاردەکان لەمەڕ لەبەرتردانانی توێژینەوەی عەقڵانی لە چاو خوارفەو باوەڕەکان، لە ئاستی پاشادا مایەوەو لای کۆمەڵانی خەڵك پەرەی نەگرت و بەم چەشنە سەرەڕای نزیکبوونی لە رۆشنگەری لە پانتایی ئەوەی پێی دەڵێن

---

=تێیدا هەر زانست و زانستوانێکی پانتایی نێوان ئەندەلوس تا بەستێنەکانی نیل و تا خەرەندی سیندی بە عەرەب داناوە.

Historie des Science arabes, Par Ruchi Rashed, Editions du seuil, Paris, 1997



«دیکتاتۆرییەتی رۆشنبیرانە» تێنەپەڕی. سەدەی دەیەمی زایینی سەردەمی سەرکوتکردنی بەزەبروزەنگی «هزرڤانانی ئازاد»ی موسوڵمان بوو. پڕماناترین نزیکایەتی لە رۆحی رۆشنگەری ئامۆژەی کۆنفۆشیووسی چینی بوو، کە لە بنەڕەتەوە گرنگی بە جیهانی سروشتی و مرۆڤ دەدات، بە چەشنێك کە تەواوێتیی تاکەکەسی بە ئامانج دەگرێ و فێرکاری و کار بە کەرەستەی پێکانی ئامانجەکە. رێکەوت نییە فەیلەسووفانی ئەورووپی سەدەی هەژدەیەم هەستی هاودڵی تایبەتیان لەگەڵ «مۆدێلی» چینیدا هەیە (هەڵبەت با بزانین مەعریفەیەکی چرۆپڕیان لەبارەوە نەبوو).

ئەم نموونانە پێمان دەڵێن ئایدیاکانی رۆشنگەری مافی پاوانکراوی ئەورووپییەکان نا، بەڵکو جیهانی و جیهانگرن. بە ئەمانەشەوە، وەك دەزانین ئەم بزووتنەوە لە ئەورووپای سەدەی هەژدە بە خێرایی رێدەکات و بەهێز دەبێت و هەر لەوێ توێکاری وردی ئەندێشە ئەنجامدراو دواتر باڵ بەسەر هەموو کیشوەرەکاندا دەکێشێ: سەرەتا لە ئەمریکای باکوور و پاشان لە ئەورووپا خۆی و دوای ئەویش لە ئەمریکای لاتین، ئاسیاو ئەفریقیا. هەڵبەت نابێ ئەم پرسیارەش وەلا بخەین، کە بۆچی لە ئەورووپاو لە شوێنێکی دیکەی وەك چین نا؟ بێ ئەوەی بمانەوێ وەڵامی بنەبڕ بۆ ئەم پرسیارە قورسە ئاراستە بکەین (گۆڕانکارییە مێژووییەکان کۆمەڵێك دیاردەی هەرە ئاڵۆزن وێڕای هۆکاری جۆراوجۆرو تەنانەت دژواز) کەچی دەتوانین پەنجە بخەینە سەر جیاوەك و نیشانەیەکی ئەورووپا، کە شوێنەکانی دی لێی بەتاڵن و ئەویش سەربەستی سیاسی، سەربەستی خەڵك و سەربەستی تاکە. لە ئەورووپا، تاکی سەربەست لە نێو کۆمەڵگادایەو بەدەر لە کۆمەڵگا نییە (وەك) سەربەستی «زاهیدی تەرکەدنیا» لە هیند، سۆفییەکان لە وڵاتانی ئیسلامی و راهیبەکان لە چین). تایبەتمەندی رۆشنگەری ئەورووپی ئەوە بوو، کە رێگەی پێکهاتنی هاورەوتی چەمکی

گشتی تاك و دیموكراسی خۆشكرد. بەڵام چۆن گەشەو برەوی ئەم ئایدیاگەلە لە ئەوروپا لێكبدەینەوە؟

هەرچەند وەڵامی پرسیارەكە گران و ئاڵۆز دیارە، بەڵام ئەم واقیعە بەرچاو دەكەوێت، كە ئەورووپا هەم یەكەیەو هەم زیاتر لە یەكەو بیریارانی رۆشنگەری ئەم خاڵەیان باش فام كردبوو. وڵاتانی ئەورووپی لە راستیدا لە نێو خۆیاندا چەشنێ سیستمیان دابین كردبوو، بە شێوەیەك كە بە یارمەتی بازرگانی و سیاسەت پێكەوە پەیوەست دەبوون و هەموویان بۆ هەندێ پرەنسیپی گشتی یەكە دەگەڕانەوە.بنەڕەتی ئەم سیستەمە لە لایەكەوە لەسەر یەكبوونی زانست و ئیمكانی هاوڕایی و یەكڕیزیی لەسەر پێشكەوتن لە ناسینداو لە لایەكی دیكەشەوە لەسەر بەشداریكردن لە ئامانجێكدا دامەزرابوو، كە هەم قەرزداری پەروەردەی مەسیحییەو هەم قەرزداری نەریتی مافی سروشتی. رۆسۆ گرژو تاڵ دەڵێ: «سەرەڕای ئەوەی كە دەیڵێن، هەنووكە چیدی فەڕەنسی، ئەڵمانی و سپانیایی و تەنانەت ئینگلیزییەكان بوونیان نییە، بەڵكو تەنیا ئەورووپییەكان بوونیان هەیە». هاوكات، ئەورووپییەكان لەمەڕ جیاوازی و وێكنەچووی وڵاتەكان هەستیار بوون و سوودیان لەم جیاوازییانە دەبینی. هەر بۆیە، سەفەركردن و ژیان بەسەربردن لە وڵاتێكی بیانی، بوو بە كارێكی ئاسایی و تەنانەت حاشا هەڵنەگر. (مۆنتسكیۆ) پێش نووسینی كتێبە بەنرخەكەی واتە، **رۆحی یاساكان**، بەپێویستی زانی، گەشتێك بە سەرتاسەری ئەوروپادا بكات بۆ ئەوەی زانیاری تەواو لەسەر داب و نەریت و ئاكاری خەڵكانی جۆراوجۆر بەدەست بهێنێت. (باس وێڵ) بۆ دەوڵەمەندتركردنی زانیارییەكانی خۆی سەفەرێكی دوورو درێژماوەی بە هەموو وڵاتانی ئەورووپادا كرد. (پڕەنس دۆلین) فیلدمارشاڵی سویسری باڵوێز لە فەرەنسا و نووسەری فەرەنسی زمان گوتوویە 34 جار لە نێوان برۆكسل و ڤیەنادا هاتوچۆی كردووەو زیاتر لە



سێ ساڵ ژیانی لە نێو گالیسكەدا بەسەر بردووە. ئەو خۆی ئەنجام دەڵێ: «نامۆو بیانی بوونی خۆم لەهەموو شوێنێك خۆشدەوێ: فەرەنسی لە سویسرا، سویسری لە فەرەنسا و هەردووكیان لە رووسیا، بەڵێ ئەمەیە ئەو دەرفەتەی بە هۆیەوە لە هەموو شوێنێ خۆشحاڵ و دڵگەرمی و بە هیچ جێگەیەكەوە گرێ نەدراوی».

وڵاتی بیانی هەم دەتوانێ شوێنگەی فێربوون بێت و هەم شوێنی حەوانەوەو ئۆقرەگرتن لەتاو سەركوت و زەبروزەنگ، یان ئەو شوێنەی جۆش و خرۆشی توێژینەوەو پشكنینتان تێدا دەوروژێنێ. (لاوازیێ)، زانای فەرەنسی، ئەگەر بە دۆزینەوە هاوتەریبەكانی (پریستلی)ی زانای ئینگلیزی ئاشنا نەبایە نەیدەتوانی لە رازی كەش و هەوا تێبگات. ناكرێ چ وڵاتێك لەبەرتر لە وڵاتێكی دی دابنرێ: برۆست، ڤۆڵتێر و رۆسۆ ماوەیەك لە بەریتانیا، و هیوم، بوولینگ برووك و ستێرن، ماوەیەك لە فەرەنسا ژیاون، ڤینكل مان و گوتە رۆشتن بۆ ئیتالیاو بێكاریا فەڕەنسای هەڵبژارد. ڤۆڵتەر، مۆپرتوویس و لامێتری فەڕەنسایان جێهێشت بۆ ئەوەی لە پروسیا لە ژێر چەتری پشتیوانی فریدریكی دووەمدا بن و دیدرۆ چوو بۆ رووسیاو بوو بە راوێژكاری كاترین. پلۆرالیزم، یان فرەیی لە ناخی خۆیدا سەرچاوەی چاكەكانە. ڤۆڵتێر پاش هەڵسەنگاندنی فەرەنسی و ئینگلیزی و ئیتالیاییەكان بەم ئەنجامە دەگات: «نازانم كام لەم سێ نەتەوە هەڵبژێرم بەڵام بەختەوەرە ئەو كەسەی بتوانێ لێهاتووی و جیاوازی هەرسیانیان هەست بكات». بەڵام هۆی ئەم بەختەوەرییەمان لەلا ئاشكرا ناكات.

دەبێ بڵێین ئەوەی ئەورووپا لە بەشەكانی دیكەی جیهان جیا دەكاتەوە، پلۆرالیزمی دەوڵەتی هەریەك لە وڵاتەكانێتی. ئەگەر ئەورووپا لەگەڵ چین هەڵسەنگێنن، كە هەردووكیان لە رووی رووبەرەوە كەم تا زۆر وەك یەكن، جیاوازییەكی گرنگ دەردەكەوێت: لە لایەكەوە دەسەڵاتێكی

نامۆو لە لایەکی دیکەوە نزیك لە چل دەوڵەتی سەربەخۆ بەدیدەکەین. بیریارانی رۆشنگەری تایبەتمەندی ئەورووپایان لەم فرەجۆرییەدا دەبینی ـ کە لەوانەیە بە خەسار دابنرێ ـ و راست هەڵسەنگاندنی ئەورووپاو چین بە بۆچوونی ئەوان روون و رووناکترین هەڵسەنگاندنە. هیوم لەم بارەوە دەڵێ: «چونکە چین (وڵاتێکە) بە ئەدەب و رێزو زانست گیرساوە، دەکرا هیوادار بین بە درێژایی سەدەکان شتێکی تەواوترو کاملتر لەو شتەی تا هەنووکە سەریهەڵداوە، لە دایك ببوایە. بەڵام چین ئیمپراتۆریایەکی بەرفراوانە تێیدا بە زمانێکی یەکە قسە دەکەن، وڵاتەکە بە یاسایەکی یەکە بەڕێوە دەچێو لەسەر شێوازێکی ژیانکردنی هاوسان دامەزراوە». رکێف و زاڵێتیی بێ ئەملاوئەولای دەسەڵاتدان و هەروەها نەریتەکان و رامان و بیری هاوشێوەی پتەو بوو بە هۆی تێداچوونی هۆش و وریایی، کەچی لە ئەورووپا پێچەوانەی مەتەڵە کۆنەکان، دووبەرەکەی هێزو دەسەڵاتی دیاری کرد! رەنگە هیوم یەکەم بیرمەندێك بێ شوناسی ئەوروپا نەك لە پێوەرە پەسەند و ناسراوەکان (میراتی ئیمپراتۆریای رۆم و ئایینی مەسیح) بەڵکو لە پلۆرالیزم و فرەچەشنی ئەم کیشوەرەدا دەبینێ، بەڵام مەبەست فرەچەشنی خەڵکەکە نییە بەڵکو چەندجۆریی وڵاتانی پێکهێنەریەتی. خاڵێك مابێتەوە تێگەشتنە لەوەی، کە چ کیمیاگەرێك مسەکە بگۆڕێ بۆ زێڕ، واتە تایبەتمەندی و خەسڵەتێکی سلبیی (جیاوازی) زاتی بگۆڕێ بۆ چۆنێتییەکی ئیجابی و چۆن فرەیی بە یەکجۆربوون و یەکەبوون دەگاتە کۆتایی.

بیرمەندانی سەدەی هەژدەیەم بەنیازبوون سوودو قازانجەکانی پلۆرالیزم دەرك بکەن و لەم سۆنگەوە چەندین وەڵامیان بەدەستەوەدا. هەڵبەت لەوانەیە چون لە بواری جۆراوجۆردا ئەم پرسیارەیان کردووە، وەڵامەکان چەندجۆر بن. سەرەتا پڕکێشەترین فرەیی واتە فرەیی ئایین هاتە ئارا. ڤۆڵتێر لە سەفەرێکی بۆ لاهای لەو سەبرو لەسەرخۆیی و هەڵکردنەی ئەم شارەی



تەنیبوو، خۆشحاڵ دەبێت، چونکە هەموو ئایینەکان بە باش وەردەگیرێن و چ ئایینێك نایەوێ ئەویدی بسڕێتەوە. دە ساڵ دواتر، کاتی نیشتەجێبوونی لە بەریتانیا پاش بینینی هەمان دەرەنجامە چاکەکانی فرەیی و پلۆرالیزم، بە کورتی و پوختی دەنووسێ: «ئەگەر تاقە ئایینێك لە بەریتانیا هەبووایە، دەبوو لە دیکتاتۆری سڵمان کردبایەتەوەو ئەگەر دوو ئایین ئامادەی ئاقاری دینیی وڵات بان، سەری یەکدییان پان دەکردەوە، بەڵام لەوێ نزیك لە سی ئایینێك بوونیان هەیە، کە لە هێمنی و خۆشیدا بەسەر دەبەن». دەتوانین هۆکارەکانی ئەم تێڕوانینەی ڤۆڵتێر بژمێرین. ئەو کاتانە، ئەگەر ئایینێك خۆی بە گەورەتر زانیبا، لایەنگرانی بە کەف و کوڵی کەڵکەڵەی کەوتنە نێو ململانێ لەگەڵ ئایینەکانی دیکەیان، تا رووخانیان، دەکەوتەسەر. ئامادەیی دوو ئایینیش هۆکاری کێشەو ناکۆکی لەڕادەبەدەر دەبوو. بیرەوەری شەڕە ئایینییەکان، کە فەرەنسای لە خوێندا گەوزاند، هێشتا لەبیر نەکرابوو. کەواتە فرەیی و پلۆرالیزم لە ژمارەی سێ بەدواوە دەست پێدەکات و بوونی دامەزراوەیەکی دەرەکی و نائایینی بۆ گەرەنتیکردنی ئاشتی نێوان ئایینەکان بە پێویست دەگرێت. هەر بۆیە باشتر وایە دەسەڵاتی رۆحانی و دەسەڵاتی دنیایی جیا بن لە یەکدی. مۆنتسکیۆش ئایینەکان و ئایینزاکان بەرپەرچ ناداتەوە بەڵام بە ئاواتە چیدی رەچاو نەکرێن چونکە لە هەرێمی رکابەرێتیدا، هەریەکیان دەخوازێ رێساکانی ئەخلاق و ئاکار فێری پێڕەوکەرانی بکات و «چ شتێك جگە لە فرەرەنگی ئایینەکان دەتوانێ ئەم جۆش و خرۆشە بەگوڕتر بکات؟» بەڵێ فرەیی، رکابەرێتی سانا دەکاتەوەو نییەتی باش هەرگیز زیادەڕۆیانە و خراپ نییە.

هیوم لە نامیلکەیەکدا بە نێوی **سەبارەت بە سەرهەڵدان و پێشکەوتنی هونەرو زانستەکان** کە ساڵی 1742 نووسیویەتی ئەم پرسیارە لای خۆی گەڵاڵە دەکات، کە چ شتێك گەشەو نەشەی کولتووری سانا دەکاتەوەو دەڵێ:

«پلۆرالیزمی ولاَتانی ئەوروپی توخمێکی دڵخواز دیارەو باشییەکی دووانەی هەیە: لە لایەکەوە ئەم ولاَتانە بە تەواوی بە یەك بیانی نین و «هاوڕێیەتی بازرگانی و سیاسەت بابەتێکی پتەوە» و لە لایەکی دیکەشەوە چەندجۆرییان کەشێکی ئازاد دەڕەخسێنێ». هەروەها هیوم ئەم خاڵە دەدۆزێتەوە، کە فرەیی گیانی رەخنەگرتن پەروەردە دەکات، کەچی یەکبوون و یەکجۆریی دەخنکێنێ. پرسەکە تەنیا ئەوە نییە ولاَتێکی بەرینی یەکە، دەسەلاَتی سیاسیی بەهێز داوا دەکات و رێبەری دەوێ و رێبەر هێند لە هاولاَتییانی ئاسایی دوور دەکەوێتەوە، کە هۆگریی بۆ بە پیرۆز زانینیان و ئەم بۆچوونە سەرهەڵدەدا کە رێبەران لە هەر رەخنەو سەرکۆنەکردنێك بەدەرن، بەڵکو خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە لە شوێنکاتێکی یەکجۆردا هەرگیز بیری یەکسانی خاوەن رێزو گەورەیی بەر رەخنە ناکەوێت و لەم رووەوە مەترسی مانەوەی بەردەوامی سەرهەڵدەدا وەك پێشتر بینیمان، کەیسی چین ئەم چارەنووسە شوومەی پێبڕا. هەڵبەت نابێ کەیسی مەسیحییەتیش لەبیر بکەین. لەراستیدا زاڵیێتی یەك شێواز لە ئایینزای کاتۆلیکی «گەندەڵبوونی زانستی بەدواوە بوو». بە پێچەوانەوە پاش چاکسازی ئاینی کە چەندین شێوازی مەسیحییەت بانگەشەیان بۆ دەکرا، وەرچەرخانێك روویدا و هونەرو زانستەکان سەرلەنوێ هێزیان هاتەوە بەرو پشکووتن.

شوێنکاتی ئەوروپی سەردەمی هیوم زۆر باش، خاڵی پۆزەتیڤی فرەیی دەستنیشان دەکات. بە چەشنێك کە فرەیی، هۆشیاربوون بەرامبەر بە هەر شێوازێك لە داکۆکیکردنی سەرپێیی و یەکسانی (یەکسانگەرایی) پەرە پێدەدا. «لەو ئاقارەی ژمارەیەك ولاَتی دراوسێ پەرە بە دانووستانی هونەری و بازرگانی دەدەن ئیرەیی بردنیان بە یەکدی، هەندێکیان لە جەختکردنی تاووتۆی نەکراوی رێساکانی دیتران، چ بۆ ئارەزوو و چ بۆ بەڵگاندن، دەست هەڵدەگرن و بە کردەوە ناچاریان دەکات هەر ئاسەوارێکی هونەری بە



زیاترین وردبینییەوە سەیر بکەن». شەیدایی راگوزاری بۆ هەر شارێکی هونەری لە پاریس ئەو مەترسییەی هەیە، کە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە لەندەن، بەرلین یان میلان نەبێت. بەڵێ، ئەگەر زەوقی فەڕەنسی بە زۆرو ناچارکردن بەسەر تێکڕای ئەوروپادا سەپێندرابا، کەس بۆی نەبوو زانست و فەلسەفەی دیکارت رەخنە بکات. لەبەر ئەوەی ئەم شتە رووینەدا، زانست و فەلسەفەی دیکارت بەدەر لە سنوورەکانی فەرەنسا کەوتە بەر رەخنەی توندو پاشان بە هۆی فیزیکی نیوتنەوە پێگەی بەرزیان دۆڕاند. فیزیکی نیوتن خۆی، لە دەرەوەی بەریتانیا، گەلێك بە هەڵسەنگاندنی بێبەزەییانەو گرژ تاقیکرایەوە، کە هەر ئەمە هەلی پتەوبوونی دەستەبەر کرد. بەم چەشنە هەرکەس دەتوانێ لە زەینی روونی دراوسێکەی بۆ دەرمانی نابینایی خۆی کەڵك وەربگرێ. کەواتە پەسەندکردنی هەر بەرهەم و ئاسەوارێك، بەدەر لە سنووری نەتەوەیی، نیشانەی لەپێش بوونێتی و ناوبانگێکی وەها بێگومان بە ناحەق دەست نەکەوتووە.

ئەوروپا یەکەم شوێن نییە سوودی لە پلۆرالیزم بینیوە. پێشتریش فرەیی ببووە هۆی گەشەی کولتووری یۆنانی کۆن. لە راستیدا دۆخی جوگرافیایی دەوڵەت شارەکانی یۆنان، کە بە زنجیرە شاخەکان لێك جیا دەبوونەوە، سەربەخۆییانی گەرەنتی دەکردو هاوکات، زمان و بەرژەوەندی هاوبەشی پەیوەندییەکانی سانا دەکردەوە. لەم بارودۆخەدا هاوکێشەیەکی پەسن و باش لە نێوان فرەیی و یەکجۆریدا هاتە ئارا. یۆنان لەراستیدا «کاکێشانێك بوو لە ئەستێرەی ورد» کە «ململانێ و مشتومڕەکانیان ئاوەزی تاکەکانی تیژو بەهێز دەکرد». ئەو کیشوەرەی هیومی تێدا دەژی، بە پێی ئەم مۆدێلە رۆنراوە: «ئەورووپا هەنووکە کۆپی گەورەکراوی نموونەی یۆنانی کۆنە». سەرکەوتوویی و لەپێشبوونی ئەوروپا بەری ئەو شتەیە دیتران لایان وابوو رێگرە لە رێبازی پەرەگرتندا. لە چوار کیشوەری گۆی

زەوی، ئەورووپا لە هەموویان زیاتر پارچەپارچەو لەت لەتە ... هۆی رسکانی زانستەکان لە یۆنانی کۆن ئەوەی، کە ئەورووپا بوو بە سەقامدارترین مەکۆی ئەم زانستانە، هەر بۆ ئەم دۆخە دەگەڕێتەوە». ئەورووپییەکانی لایەنگرو پێڕەوی هیوم، ئەوانەن تەنیا تەحەمولکردنی دیتران بە تەواو نازانن و لەم هەڵکردنە، ئامادەییەك وەردەگرن، کە بێگومان ئامادەیی رۆحی هۆشیاری رەخنەگرانەیە، کە بەرامبەر بە چ تابۆیەك وشك ناوەستێ و بە پشتبەستن بە خۆ، واتە ئەوەی لە سەرجەم مرۆڤەکاندا هاوبەشە، رێگەی لێکدانەوەو تاقیکردنەوەی بێلایەنانەی سەرپاکی نەریتەکان بە خۆیان دەدەن. هیوم لێرە هاوڕای مۆنتسکیۆیە، کە ئایدیای گرنگی سیاسی بریتییە لە: بۆ پاراستنی ئازادی ـ کە مافی رەخنەگرتن بە یەکێك لە سەرەکیترین شێوازەکانی دەژمێردرێ ـ دەبێ هێزەکان چەندجۆر بن نەك لە دەستێکی یەکەدا کۆ ببنەوە.

ئەنجام پرسی فرەیی و سوودبەخشییەکەی لەم رووەوە لە فەزای سیاسیدا بەدیدەکەین، کە هەرچەند بیروباوەڕی هاوڵاتییان ـ کە بە پێکهێنەری دێنە ئەژمار ـ بە زۆری ئێجگار فرەچەن و جۆراوجۆرە بەڵام کۆمار وێڕای بونیادی سیاسییەکەی خۆی دەبێ لە کۆتاییدا یەك دەنگ قسە بکات. دەتوانین لێرە شێوەی سازان لەگەڵ حاڵەتی فرەیی تاکەکان لەبەرچاو بگرین تاکو بزانین ئاخۆ دەبێ فرەیی ببێتە مۆدێلێکی پێکەوە ژیانی نەتەوەکان؟

دەسەڵاتداری خەڵك لە ئیرادەی هاوبەشدا دەردەکەوێ بەڵام ئایا ئەم ئیرادە هاوبەشە چ پەیوەندییەکی بە ئیرادەی تاکەکانەوە هەیە؟ رۆسۆ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە لە نێوان ئیرادەی هەمووان و ئیرادەی گشتیدا جیاکاری دەکات، جیاکارییەك، کە هەمیشە باش دەرك نەکراوە. ئیرادەی هەمووان، کۆی میکانیکی ئیرادە تایبەتییەکانە، کە مەبەستی هاوڕابوونە و واقیعیشی زۆرینەی دەنگەکان. بەڵام ئەگەر بیروڕاکان جیاوازو جۆراوجۆر بن



ئیرادەیەکی لەم چەشنە چیدی بە ئیرادەی هەمووان نایەتە ئەژمار یاخود دەبێ بە شێوەیەك کار بکات، کە دەنگ و راکان هاوڕەوت بکەونەوە. ئاشکرایە ئایدیای ئیرادەی هەمووان تۆوی پرۆژەی تۆتالیتێری پێیە، چونکە تێکڕای هاوڵاتییان دەبێ بۆ ئامانجێکی یەکە بگەرێنەوەو لێرەوە باوەڕە ناکۆك و ناسازگارەکان ـ ئەگەر بوونیان هەبێت ـ دادەپلۆسێن و تێدا دەچن.

پێچەوانەی ئەمە، ئیرادەی گشتییە، لەو مانای رۆسۆ مەبەستی بوو، کە هەمان رەچاوکردنی جیاوازییەکانەو «گشتێتی» دەبێ وەکو یەکسانی لەبەردەم یاسا بێتە فامکردن: هیچ هاوڵاتییەك نە بەرپەرچ دەدرێتەوەو نە بندەست و خوارتر لە دیتران سەیر دەکرێ. «هەر جۆرە بەرپەرچدانێکی فەرمی، گشتێتی دەپسێنێ». کەواتە ئەم ئیرادە بە چ واتایەك لە هەمووانـدا هاوبەشە؟ رۆسۆ لای وایە ئەم ئیرادە «کۆی جیاوازی»ییەکانی ئیرادە تایبەتەکان دەخاتە روو، «کۆی جیاوازییە بچووکەکان». رۆسۆ لێرە زمانی هێنانە ئەژمار و لەبەرچاوگرتنی شتە هەرە بچووکەکان بەو شێوەی (لایب نیتز) پەروەردەی کردبوو، بەکاردێنێ. ئیرادەی گشتی بەری کۆی هاوسانییەکان نییە و تەنانەت دژ بە هەموو هاوسانی و وێکچووییەکی تاکەکەسیش دەوەستێ و لە راستیدا بە دوای گشتێتییەکەوەیە جیاوازییەکان لەخۆ بگرێت. (لایب نیتز) ئەم تێپەڕینە لە تایبەتییەوە بۆ گشتی بە یارمەتی هەڵسەنگاندنی شار ـ لە روانگەی گشتییەوە ـ و بۆچوونی هاوڵاتییان و دانیشتووانی (شار) دەڵێ: «ئەگەر لە چەن گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە سەیری شار بکەین، هەر جار بە شێوەیەکی جیا لە جاری پێشوو دێتە پێش چاو و لەبەر دوورنمای جۆراوجۆر، زیاتر لەوەی هەیە، دیار دەکەوێت».

لەو رووەوە، کە هەر هاوڵاتییەك، بە شێوەی دیاریکراو، خاوەنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیەتی، کەواتە بەرژەوەندییەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی جیاوازن. ئەگەر لە ناچارکردنی مرۆڤەکان بۆ ملکەچبوون و

گوێڕایەڵی چاو دابخەین، تاقە ڕێگەچارە ڕێگەیەکە هەرکەس لە فرەیی ڕوانگەی خۆی بە ئاگا بێت (بۆ نموونە ڕوانگەی یەکێك لە دانیشتووانی شار)، ئەوسا لە ڕوانگەی خۆی دوور بکەوێتەوە (یان وەك دیدرۆ مەبەستییەتی «لە بێدەنگی جۆش و خرۆشەکاندا» کردە دەنوێنێ) و پاشان لە ڕوانگەی بەرژەوەندی گشتییەوە بنوارێ. بەم چەشنە لە دیموکراسیدا گریمان دەکرێ، کە نوێنەران هەرچەندد بە دەنگی بەشێکی خەڵك هەڵبژێردراون، بەڵام کار بۆ سوودو بەرژەوەندی هەمووان دەکەن. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە هەرکەس بە شێوەی کاتی، خۆی لە جێگەی دراوسێکەی وێنا بکات کە بیرو باوەڕیان جیاوازە لە یەکدی، و دواتر هەوڵ بدات وەکو ئەو بەلگاندن بکات بۆ ئەوەی ئەنجام بتوانێ ڕوانگەیەك بگرێتە بەر، کە جیاوازی هەردووکیان بە هەند وەربگرێ. بە ڕای کانت، کە لەم بوارەدا ڕێچکەی ئەندێشەکانی ڕۆسۆی گرتۆتە بەر، ئەم کارە ئەرکێکی بان مرۆیی نییە: «هیچ شتێك سروشتیتر لەوە نییە خۆمان لە جێگەی کەسێکی دی وێنا بکەین و وەك ئەو بیر بکەینەوە». بەم شێوە دەگەینە تێکەڵبوونی جیاوازییەکان لە چەشنێ یەکیەتی بەرز و بڵنددا.

ئامۆژەی ڕۆشنگەری لەسەر ئەم بنەما دامەزراوە، کە فرەیی لانیکەم بە پێی سێ شێواز دەتوانێ یەکیەتییەکی نوێ بڕسکێنێ: فرەیی، لەسەرخۆبوون و لە ڕکابەرێتیدا هاندەدا، ڕۆحی ئازادی ڕەخنەگرانە گەشەو پەرە پێدەداو ئەنجام دابڕان لە خود سانا دەکاتەوەو بەرەو ئاوێتەبوونێکی لەبەرتر، بریتی لە خود و ئەویدی، هەنگاو هەڵدەگرێ. چۆن خۆ لەو بابەتە گێل بکەین کە بینای یەکیەتی ئەوروپا دەتوانێ ئەم ئامۆژە بەکار بێنێ و کەڵکی لێوەربگرێ؟ بۆ ئەوەی بینای یەکیەتی ئەوروپا سەرکەوتن بەدەست بێنێ تەنیا ڕێکەوتن نامەکانی گومرگ ـ و نوێژنەکردنەوەی بونیادی بۆرۆکراسی تەواو نییە، بەڵکو دەبێ بەرپرسیارێتی پتەوکردنی چەشنێ



ڕۆحییەتی ئەورووپی لە ئەستۆ بگرێ تاکو دانیشتووانی کیشوەرەکە شانازی پێوەبکەن. بەڵام لێرەدا پرسێك سەردەردێنێ: ئەوەی بە سامان و دارایی (مشاع)ی هەموو نەتەوە ئەورووپییەکان دێتە ئەژمار، واتە عەقڵانییەتی زانستی، بەرگریکردن لە دەوڵەتی یاسامەندو مافی مرۆڤ، هۆگری و ویستێکی جیهانگرو جیهانییەو تەنیا تایبەتی ئەوروپا نییە. لەم ڕووەوە ئەم بنەما هاوبەشە بۆ ڕێکخستنی هەبوویەکی بمێنی سیاسی تەواو نیەو دەبێ بە هەڵبژاردنی شیاو کامڵ بکرێت بەو خاڵانەی ڕەگیان لە مێژوو و کولتووری هەریەك لە نەتەوەکاندایە. زمان نموونەیەکی هەرە باشە. ئەوەی ڕاستی بێت هەر کۆمەڵ و گروپبەندییەکی مرۆیی لە بڕی پەسەندکردنی زمانی جیهانی، بە زمانی خۆیان دەدوێن. بەڵام بوونی زمانێك بۆ پەیوەندیی نێوان نەتەوەیی، زمانی ئینگلیزی، بە چ شێوەیەك زمانە تایبەتەکان ناسڕێتەوە. هەروەها، نەتەوە ئەوروپییەکان لە ڕەوتی درێژماوەی مێژووی خۆیاندا بینەری بەرامبەرکێی فرە چەشنترین باوەڕە ئایدیۆلۆژیەکان بوون و هەر ڕێباز و ئامۆژەیەکی زاڵ، بواری بۆ سەرهەڵدانی ئامۆژەیەکی دژبەر دەڕەخساند. هەرچەند ئیمانی ئایینی تایبەتی نەریتی ئەوروپییە بەڵام بێئیمانیش هی ئەم نەریتەیە و بەرگری لە پێگەی کۆمەڵایەتی و بەرگری لە یەکسانی، بەردەوامی و گۆڕانکاری، پەرەی ئیمپراتۆریای کۆلۆنیال و خەباتی دژە ئەمپریالیستی، شۆڕش و چاکسازی، یان پارێزگاری سیاسی سەر بەم نەریتەن. ئەوروپییەکان زۆر فرەڕەنگترن لەوەی بە چەند ڕەنگ و توخمی هاوبەش نیشان بدرێن. جگە لەمە، ئەم خەڵکە پێشوازییان لەو کۆمەڵە کۆچبەرانە کرد، کە وێڕای ئایین و داب و نەریت و بیرەوەرییەکانیانەوە ڕوویان لەم کیشوەرە کرد. هەر بۆیە، ئیرادەی هەمووان ئەگەر بە زمانی ڕۆسۆ بدوێین ناسەپێنرێ مەگەر ئەوەی بەشێك لە ئەورووپییەکان بچنە ژێر باری گوشاری بەهێزی بەشەکانی دیکە، یان

دەگۆڕێ بۆ سیمایەکی فریودەرو فێڵباز بە مانای رووپۆشانی خێرخوازانە، کە تەنیا رواڵەت دەگرێتەوە.

بە پێچەوانەوە، شوناسی ئەوروپا کەوابوو «ئیرادە گشتی»یەکەی، کەی پشت بە شیکردنەوەکانی خولی رۆشنگەری ببەستێ، دێتەبوون و روودان: هەرکات لە بڕی جیاکردنەوەی فلانە تایبەتمەندی و لکاندنی بە هەمووانەوە، بنەمای یەکیەتی و یەکبوون لە ئامادەیی پەسنی جیاوازییەکان و شێوەکانی بەکارهێنانیدا ببینن و لەسەرخۆبوون و رکابەرێتی، کاراکردنی ئازادانەی رۆحی رەخنەگرانەو دوورکەوتنەوە لەخود هانبدەن و ئەم دوورکەوتنەوە لەخودە، هەلی دانانی خود لە جیاتی دیتران و دەستڕاگەیشتن بە ئاستێك لە گشتێتی دەڕەخسێنێ، کە روانگەی هەمووان دەگرێتەوە. ئەگەر بڕیار بێت مێژوویەکی هاوشێوە بۆ سەرجەم ئەوروپییەکان بنووسرێتەوە ناچار دەبێ لە هەر هەوێنێکی ئەخلاقی بەتاڵ بکرێت و ئەنجام دەبێتە مێژوویەکی بەڕێز، کە هەر بابەتێکی توندوتیژ، بە پێی خواستەکانی «سیاسەت تەوەری رۆژ» دەشارێتەوە. کەچی ئەگەر هەوڵ بدرێ مێژوویەکی «گشتی» نوسرێتەوە، فەرەنسییەکان قایل نابن بەوەی مێژووی خۆیان لە روانگەی تایبەتی خۆیانەوە تاووتوێ بکەن بەڵکو بە باشی دەزانن روانگەی ئەڵمانی، یان ئینگلیزییەکان، سپانیایی، یان ئەڵجزیرەییەکان و ڤێتنامییەکان بۆ رووداوە مێژووییەکان رەچاو بکەن. بەم چەشنە تێدەگەن نەتەوەکەیان هەمیشە رۆڵی قارەمان یاخود قوربانی نەگێڕاوە، هەر بۆیە لە وەسوەسەی مانیانەی دابەشکردنی باش و خراپ لە چوارچێوەی وڵاتەکەیاندا دەربازیان دەبێت. کەواتە ئەوروپییەکانی داهاتوو دەتوانن لەم باوەڕو رووکردەدا هاوبەش بن و وەکو پڕبەهاترین میراتی خۆیان بینرخێنن.

توانای تێکەڵکێشکردنی جیاوازییەکان بێ تێدابردنیان، ئەوروپا لە دیکەی کۆمەڵە مەزنە سیاسییەکانی جیهان جیا دەکاتەوە. لەم



کۆمەڵانەدا، چین، هیند، رووسیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان، هەرچەندد کەسانێکی ئێجگار جیاواز لە یەکدی تێدا دەژین، بەڵام لە نێو نەتەوەیەکی یەکەدا گونجێنراون. ئەوروپا نەك هەر مافی تاکەکان، بەڵکو مافی کۆمەڵە مێژوویی، کولتووری و سیاسییەکان واتە دەوڵەتانی ئەندامی یەکیەتی ئەوروپا بە فەرمی دادەنێ. ئاشکرایە ئەم پێگە ناوازە پێدراوێکی خودایی و ئاسمانی نییە و بە نرخێکی گران دەستکەوتووە. لەبیرمان نەچێت ئەوروپا پێش ئەوەی بگۆڕێ بۆ کیشوەری لەسەرخۆیی و رێز، شوێنگەی لێکدابڕانی ئەستەم، ململانێو بێنەو بەردەی کارەساتاوی و شەڕی بێکۆتا بووە. ئەم ئەزموونە درێژخایەنە، کە ئەوروپا بیرەوەرییەکانی لە چیرۆکەکان، بیناو تەنانەت دیمەنەکاندا پاراستووە، باجێك بوو دەبوو بۆ سوودمەندبوون لە ئاشتی و ئۆقرەیی لە سەدەکانی دادێ بیدایە.

رۆشنگەری بالاترین بەرهەمی ئەوروپایەو نەیدەتوانی بێ ئامادەیی پانتایی ئەوروپای یەکجۆرو چەندجۆر بێتە ئارا. بە پێچەوانەوە، ئەوەش راستە، کە ئاخێزگەی رۆشنگەری ئەوروپایە ـ بە هۆی دەرکی هەنووکەییمان لە ئاخێزگە ـ بە شێوەیەك، کە دەکرێ بگوترێ: ئەوروپا بێ رۆشنگەری و رۆشنگەری بێ ئەوروپا بوونیان نییە.

هەرچەند رۆشنگەری لەبەر ئەوەی بۆ خولی رۆشنگەری دەگەڕێتەوە، هی رابردووە بەڵام ناتوانێ «تێپەڕێت» چونکە ئامۆژەیەکی لەرووی مێژووییەوە کاتمەند نییە، بەڵکو شێوازی روانینێکە بۆ جیهان. کەوابوو، بەردەوام دەخوێندرێتەوەو بە پێی کەیس و ویستی خوێنەر رۆشنگەری بەوە تاوانبار دەکرێ، کە سەرچاوەی کارەسات و دژوارییەکانی رابردوو و هەنووکە: بۆ نموونە جینۆساید و کۆڵۆنیالیزم و خۆخوازی و خۆپەرستییەو یان دەیانەوێ یارمەتیمان بدات و لەگەڵ کەم و کورتییەکانی هەنووکەو

داهاتوومان بجەنگێت. هەندێ کەس بەنیازن سەرلەنوێ رۆشنگەری «داگیرسێننەوە» و یان تیشکی بەرەو ولاتان و کولتوورەکانی دیکە رەوانە بکەن. ئەم تازەکردنەوە دوو هۆی هەیە: یەکەم ئەوەی، کە ئێمە هەموومان مندالّی رۆشنگەرین، تەنانەت ئەو ساتەوەختەی رەخنەی دەکەین و بەرامبەری دەوەستین. دووەم ئەوەی، کە ئەو خەسارانەی رۆحی رۆشنگەری کەوتە دژایەتی کردنیانەوە، نەك هەر خۆیان لەوەی بیریارانی سەدەی هەژدەهەم رایان لەسەر بوو، بەسەقامتر خستەڕوو، بەلّکو لەوە بەدوا بەرەو زیادبوونیش ملیان نا. بەرهەلّستکارانی سوننەتی رۆشنگەری واتە تاریکئەندێشی و کۆنەپەرستی، دەسەلاّتی سەرەڕۆ، دەمارگرژی و هزری وشك لەسەری ئەژدیهای حەوت سەر دەکەن، کە پاش بڕینەوەیان، دەستبەجێ دووبارە سەوز دەبنەوە، چونکە هێزی خۆیان لە تایبەتمەندی مرۆڤەکان و کۆمەلّگاکەیان وەردەگرن و هەر بۆیە، چەشنی ویستی سەربەستی و گفتوگۆ، لە ریشەکێشبوون نایەن. مرۆڤەکان ئەوەندەی پێویستیان بە ئازادی و حەقیقەت هەیە، ئەوەندەش هێمنی و ئاسایشیان پێویستەو هەندێجار بە باشی دەزانن بەرگری لە کۆمەلّەکەی خۆیان بکەن، وەك لەوەی بەها جیهانگرەکان لەبەرتر بگرن. هەروەها ئارەزووی هێزو دەسەلاّت، کە بەکارهێنانی توندوتیژی بەدواوەیە چەشنی بەلّگاندنی عەقلّ تەوەر، بە تایبەتمەندی مرۆڤ دەژمێردرێ. ئەمانە وێڕای گۆڕانە مۆدێرنەکانی دەستکەوتەکانی رۆشنگەری وەك: زانستگەرایی تۆخ و پەتی، تاکگەرایی خۆخوازانە، پیرۆز بێزانی زیارۆیانە، لەکیسچوونی مانا، رێژەگەرایی گشتی و گشتگر ... بە لەبەرچاوگرتنی نیگەرانی لەوەی ئەم چەشنە پەلامارو هێرشانە هیچ کات کۆتاییان نەیەت پێویستە رۆحی رۆشنگەری زیندوو



رابگیریت. چما، خولی بلووغ و پێگەیشتنی مرۆڤ، کە نووسەرانی رابردوو بە ئاواتیان دەخواست، لە چارەی مرۆڤدا نووسرابێت، لەم رووەوە مرۆڤایەتی مەحکوومە بەوەی بەردەوام بە دوای حەقیقەت بکەوێت و لێیبگەڕێ، نەك ئەوەی بەدەستی بێنێت. کانت لە وەلاّمی ئەو پرسیارە، کە ئاخۆ لە سەردەمی رۆشنگەری، واتە لە قۆناغێکی رووناکدا دەژی، دەلّێ: «نا، بەلاّم لە خولێکی لە حالّی رووناك بوونەوەدام». ئەمەیە ئەرك و بەرپرسیارێتی مرۆڤ: هەموو رۆژێك ئەم کارە پڕزەحمەتە لە نوێوە ئەنجام بدەیت و بزانی هەرگیز ناگاتە کۆتایی.

# سوپاس و پێزانین

ژان نۆێل ژانۆنێ[1]، بەڕێوەبەری کتێبخانەی میللی، داوای لێکردم بەشداری لە پلانرێژی و ڕێکخستنی پیشانگایەك بکەم لەسەر ڕۆشنگەری و مانای ڕۆشنگەری، و هەر ئەوەش بوو بە دەستپێکی نووسینی ئەم کتێبەی بەردەستتان. سەرەتا نەمدەزانی پێم لە چ ڕێبازو ڕەوتێك ناوە! پاش دوو ساڵ و نیو، لە مارسی 2006دا، دەلاقەکانی پێشانگای «ڕۆشنگەری! میراتێك بۆ دوارۆژ» کرانەوە. لەم ماوەدا لە تێکڕای کارمەندانی کتێبخانەکە، کە لەگەڵیان کەوتبوومە پەیوەندی و دانوستان، و لە هاوکارانی دەرەوەم و ئەنجام لەو دووسەدوپەنجا بەرهەمەی سەدەی هەژدەهەم، کە لەم پیشانگادا پێشکەش کران، شتی زۆر فێر بووم: بەرهەمی نووسەران، زانایان، شێوەکاران و مۆسیقارەکان، کە هەلی ناسینی بە پێزتری ڕۆحی ڕۆشنگەرییان بۆ ڕەخساندم. سوپاسم بۆ هەموویان.

1. Jean-Noel Jeaneney



# پێڕستی ناوەکان

- **ئاشوکا**، (Asoka)، (232 پ ز ـ 304 پ ز)، ئیمپراتۆریای هیند، (232 پ ز ـ 273 پ ز).
- **ئۆروێل، جۆرج**، (George - Orwel)، (1903-1950)، نووسەرو مێژوونووسی ئینگلیزی.
- **ئەحمەد بابا**، (1556-1627)، زاناو نووسەری مالیایی.
- **ئەلکساندری سێیەم**، (Alexander III)، (1105–1181)، 168ەمین پاپ، (1118–1159)، ئەو زانا کاتۆلیکەکانی بۆ بەشداریکردن لە کۆڕێکی گەورە (دانیشتنی زانا کاتۆلیکەکان لە لاتێران) بانگهێشت کردو چۆنێتیی هەڵبژاردنی پاپ و ناوەندێتی دەسەڵات لە کڵێسای کاتۆلیکی داڕشت.
- **ئیلیووت. تی. ئێس**، (T.S.Eliot)، (1888-1965)، شاعیری ئینگلیزی بەرە چەڵەك ئەمریکی، براوەی خەڵاتی نۆبێڵی ئەدەب، 1948.
- **باسوێڵ، جیمز**، (James Boswell)، (1740–1795)، نووسەرو مێژوونووسی ئینگلیزی.
- **بایل، پییەر**، (Pierre Bayle)، (1647-1706)، نووسەرو زانەڤانی فەڕەنسی.
- **بێکاریا، چێزارە**، (Cesare Beccaria)، (1738-1794)، مافناسو نووسەری فەڕەنسی.
- **بووژۆ، تۆماس**، (Thomas Bugeaud)، (1784-1849)، مارشاڵی فەڕەنسی.
- **پرێوەست، ئانتووان**، (Antoine Prevost) (1697-1763)، نووسەری فەڕەنسی.
- **پریستلی، جۆزێف**، (Joseph Priestley)، (1733–1804)، کیمیازان، فەیلەسووفو تیۆلۆژیستی ئینگلیزی.
- **پۆلسی قیددیس**، (Paul Saint)، (5 ز ـ 62 ز)، قیددیسی مەسیحی و یەکێك لە دامەزرێنەرانی مەسیحییەت.

ـ **پۆپ ئەلکساندر**، (Alexander Pop)، (1688-1744)، شاعیرو نووسەری ئینگلیزی.

- **تۆرگۆ، ئان ـ رۆبێرت**، (Anne Robert Turgot)، (1727-1781)، سیاسەتمەدارو ئێکۆنۆمیستی فەڕەنسی.

ـ **تۆرێ ئامۆن، ئیزیدۆرێ**، (Isidore Toutreamont)، (1864-1870)، شاعیرو نووسەری فەڕەنسی.

- **تۆکویل، ئەلێکسی**، (Alexis Tocqueville)، (1859-18)، مێژوونووس، بیریارو سیاسەتمەداری فەڕەنسی.

- **داروین، چارلز**، (Charles Darwin)، (1809-1882)، بایۆلۆژیست و زیندەوەرزانی ئینگلیزی.

ـ **دیفۆ، دانیەل**، (Daniel Defoe)، (1660-1731)، رۆماننووس، شاعیرو رۆژنامەوانی ئینگلیزی.

ـ **راینۆڵد، جاشوا**، (Joshua Reynolds)، (1723-1792)، شێوەکاری ئینگلیزی.

ـ **ژان، پۆلی دووەم**، (Paul II Jean)، (1920-2005)، 262هەمین پاپ، پاپی گەورە، (1978-2005).

ـ **ساد، دوناسییەن (مارکی دۆ)**، (Sade Donatien (Marquis de))، (1740-1814)، نووسەرو تیۆرڤانی فەڕەنسی.

- **سۆلژنیتسین، ئەلکساندر**، (Alexander Soljenitsyne)، (1918- 2008)، نووسەری رووس، براوەی خەلاتی نۆبێلی ئەدەب، 1970.

- **فرانکلین، بێنجامین**، (Benjamin Franklin)، (1706-1790)، سیاسەتڤان، مێژوونووس و فیزیکزانی فەرەنسی.

ـ **کانت، ئیمانوێل**، (Immanuel Kant)، (1724-1804)، فەیلەسووفی ناوداری ئەڵمانی.

- **کۆنستان، بێنجامین**، (Benjamin Constant)، (1767-1830)، سیاسەتمەدارو نووسەرو تیۆرڤانی فەرەنسی بە رەچەڵەك سویسری.



ـ **گۆژ، ئۆڵەمپ دۆ** (Olympe de Gouge)، (1748-1793)، نووسەرو فێمینیستی فەرەنسی.

- **گینزبرووگ، تۆماس**، (Thomas Gainsbrough)، (1727-1788)، شێوەکارو گرافیستی ئینگلیزی.

ـ **لۆك، جۆن**، (John Lokc)، (1632-1704)، فەیلەسووفی ئینگلیزی.

ـ **لاوازییێ، ئانتوان**، (Antoine Lavoisier)، (1743-1794)، کیمیازان، زاناو سیاسەتمەداری فەرەنسی.

- **لۆردا، بوولیۆ، پۆڵ**، (Paul Leroy-Beaulieu)، (1843-1916)، ئابووریناسی فەرەنسی.

ـ **مۆریس، بلانشۆ**، (Maurice Blanchot)، (1907-2003)، رۆماننووس و نووسەری فەرەنسی.

ـ **میکێل، ئانژ**، (Ange Michel)، (1475-1564)، شێوەکار، پەیکەرساز، ئەندازیارو شاعیری ئیتالیایی.

ـ **میلتۆن، جۆن**، (John Milton)، (1608-1674)، شاعیرو نووسەری ئینگلیزی.

ـ **نیوتن، ئیزاك**، (Isaac Newton)، (1642-1727)، بیرکاریزان، فیزیکزان و ئەستێرەناسی ئینگلیزی.

- **واتۆ، ئانتووان**، (Antoine Watteau)، (1648-1721)، شێوەکاری فەڕەنسی.

- **ووژلین، ئێریك**، (Eric-Voegelin)، (1901-1985)، فەیلەسووف و تیۆرڤانی ئەمریکی بە رەچەڵەك ئەڵمانی.

- **ویکۆ، جۆن باتیستا**، (Giambattista Vica)، (1668-1744)، مێژوونووس، مافناس و فەیلەسووفی ئیتالیایی.

ـ **هۆڵباخ، پۆل ـ هێنری**، (Paul-Henrie Holbach)، (1723-1789)، فەیلەسووفی فەرەنسی.

- **هیوم، دەیڤید**، (David Hume)، (1711-1776)، فەیلەسووفی ئینگلیزی.

# بەرهەمەکانی نووسەر

**Aux Éditions Robert Laffont**

Marina Tsvetaeva *Vivre dans le feu,* 2005.

*Le Nouveau Désorde mondial Réflexions d'un Européen,* 2003.

*Mémoire du mal, tentation du bien,* 2000.

**Aux Éditions du Seuil**

*L'Homme dépaysé,* 1996.

*La Vie commune,* 1995.

*Une tragédie française,* 1994.

*Face à l'extraême*, 1991.

*Nous et les autres. La réflexion française sur la diversité himmaine,* 1989.

*Critique de la critique,* 1984.

*La Conquête de l'Amérique,* 1982.

*MikhaÏl BakÏtine. Le principe dialogique,* 1981.

*Symbolisme et interpretation,* 1978.

*Les Genres du discours,* 1978.

*Théories du symbole,* 1977.

*Poétiqe,* 1973.

*Dictionnaire encyslopédique des sciences du langage* (avec Oswald Ducrot), 1972.

*Poétique la prose,* 1971.

*Introduction à la literature fantastique,* 1970.

**Aux Éditions Grasset**

*Le jardin imparfait.* La pensée himaniste en France, 1998.

*Les Morales de l'histoire,* 1991.



**Aux Éditions Hachette**

*Benjamin Constant, la passion démocratique,* 1997.

*Fréle Bonheur, essai sur Rousseau,* 1985.

**Aux Éditions Adam Biro**

*Éloge de l'individu,* 2000.

*Éloge du quotidian,* 1993.

**Aux Éditions Actes Sud**

*Germaine Tillion, une ethnologue dans le siàcle* (avec Christian Bromberger), 2002.

**Aux Éditions Arléa**

*Les Abus de la mémoire,* 1995.

**Aux Éditions Mouton**

*Grammaire du "Décaméron",* 1969.

**Aux Éditions Larousse**

*Littérature et signification,* 1967.

**Direction d'ouvrages**

*La Fragilité du bien. Le Sauvetage des Juifs bulgares,* Albin Michel, 1999.

*Guerre et paix sous l'Occupation* (avec Annick Jacquet), Arléa, 1996.

*Mélanges sur l'ceuvre de paul Bénichou* (avec Marc Fumaroli), Galimrd, 1995.

*Au nom du people. Témoignages sur les camnps communists,* Éditions de l'Aube, 1992.

*Récits aztèques de la conquête* (avec Georges Baudot), L Seuil, 1983.

*L'Enseignement de la literature* (avec Serge Doubrovsky), Plon, 1971.

*Théorie de la literature. Textes des formalists russes,* Le Seuil, 1965.